# ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ
## (لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی)

وەرگێڕانی

پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠١٦

* ناوی کتێب:ئاراستەکانی زمانەوانی نوێ(لە سۆسێرەوە تا چۆمسکی)
* نووسینی: نعمان بوقره
* وەرگێڕانی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
* تایپیێست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠١٦
* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٦٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە**

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر**

**ژمارە(٣١٨)**

# ناوەرۆک


**پێشەکی وەرگێڕ.......................................٩**

**دەستپێک............................................١١**

**قوتابخانەی جنێف و سەرەتاکانی زمانەوانی سویسری...........١٨**

کورتەیەک لە ژیانی دی سۆسێر..............................٢٥

دی سۆسێر و زمانەوانی نویَ..................................٢٨

دوانەکانی دی سۆسێر........................................٢٩

١ـ زمان و ئاخاوتن...........................................٣٢

٢ـ هێما و هێمابۆکراو و سروشتی هێمای زمانەوانی...........٣٥

٣ـ بنەمای ڕەمەکی...........................................٣٨

٤ـ ئێستایی و مێژوویی......................................٤١

أـ نزیککردنەوەیەکی ئێستایی یاخود هاوکاتی...................٤١

ب ـ نزیککردنەوەی مێژوویی..................................٤٢

بایەخی جیاکاریی نێوان توێژینەوەی..........................٤٤

٥ـ پەیوەندی ستوونی و پەیوەندی ئاسۆیی....................٤٦

أـ چەمکی توانا...............................................٤٨

ب ـ پلەکانی دیاردەی زمانەوانی...............................٤٩

ج ـ زمانەوانیی ناوخۆیی و دەرەکیی...........................٥١

د. بەهای جیاوازیی............................................٥٢

**ڕێبازی ئەرکی لە زمانەوانیدا...............................٥٥**

سەرەتای دروستبوونی.........................................٥٥

گەشەکردن....................................................٥٨

بنەماکان.......................................... ٦٠
یەکەم بنەمای جوانکاری............................ ٦٠
دووەم بنەما زمانییەکان.......................... ٦٣
ڕێباز................................................. ٦٥
ناوداران.............................................. ٧٠
یەکەم ترۆپتسکۆی نیکولای سێر جڤیتش........... ٧١
دووەم ڕۆمان جاکۆبسن............................ ٨٤
١ـ ئەرکی گوزارشتکار (سۆزداریی)................ ٩٢
٢ـ ئەرکی بانگکردن................................. ٩٢
٣ـ ئەرکی پەیوەندیکردن............................ ٩٣
٤ـ ئەرکی ئەودیوی زمان (فەرهەنگی)............. ٩٣
٥ـ ئەرکی سەرچاوە.................................. ٩٣
٦ـ ئەرکی شیعریی (پەخشانی و ئەدەبی)........... ٩٤
سێیەم ئەندرێ مارتینیە............................. ٩٩
أـ ئەرکی زمان...................................... ١٠٠
ب ـ پارچەکردنی دوانەیی.......................... ١٠٢
ئاستی پارچەکردنی یەکەم.......................... ١٠٣
ئاستی پارچەکردنی دووەم.......................... ١٠٥
ـ ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان یەکە زمانەوانییەکاندا هەن........ ١٠٦
ـ پلەی یەکە زمانەوانییەکان....................... ١٠٦
ـ ناوەرۆکی یەکە زمانەوانییەکان.................. ١٠٦
ـ چەمکی گونجاندن................................. ١٠٧
ـ ئابووری زمانەوانی لە بواری پێشکەوتنی زمانەوانی........ ١٠٧

ـ توێژینەوەی پێکهاتەیی................................١٠٨
١ـ واژەی سەربەخۆ................................١١٠
٢ـ واژەی ئەركی................................١١١
٣ـ واژەی پاشكۆ................................١١١
٤ـ گوزارشتی سەربەخۆ................................١١٢
٥ـ پێکهاتەی پشتبەستن................................١١٢
٦ـ جۆرەكانی یەكە پێكهاتەییەكان................................١١٥
أـ واژەی سادە................................١١٦
ب ـ واژەی تێکەڵ................................١١٦
ج ـ واژەی جوداكراو................................١١٧
د ـ واژەی نەهێڵان یان سفربوون................................١١٧
هـ ـ واژەی هاوبەش................................١١٨
وـ شێوازی یەكگرتوویی................................١١٨
٧ـ شێوازی پێكهاتەیی................................١١٩
نووسین و توێژینەوەكانی ئەندرێ مارتینیە................................١٢٠
**ئاراستەی كۆبنهاگن ـ گلۆسیماتیک................................١٢٣**
سەرهەڵدان و پێشڤەچوون................................١٢٣
پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونییەكان................................١٢٨
گوزارشت و ناوەرۆک................................١٣٠
ڕێبازی (هێلمسلیڤ) لە شیكردنەوەی زمانەوانیدا................................١٣٧
**ئاراستەی دەوروبەر لای (فیرس)................................١٤٥**
ڕێخۆشكردن................................١٤٥
گرنگترین تیۆرە واتاییەكان................................١٥١

أ- دەوروبەری زمانەوانی........................................١٥٦
ب ـ دەوروبەری سۆزداری......................................١٥٦
ج ـ دەوروبەری هەڵوێست......................................١٥٧
د ـ دەوروبەری ڕۆشنبیری......................................١٥٨
**ئاراستەکانی زمانەوانی ئەمەریکی**
**لە (ساپیر)ەوە تا (چۆمسکی)......................................١٥٩**
توێژینەوەی زمانەوانی ئەمەریکی...................................١٥٩
ژیانی زانستی چۆمسکی.........................................١٧٣
أ- ڕۆنانە سینتاکسییەکان.........................................١٨٠
ـ بونیادی لۆجیکی تیۆری زمانەوانی.................................١٨١
ـ ئادگارەکانی تیۆری سینتاکس.....................................١٨٢
ـ زمانەوانیی دیکارتی..............................................١٨٣
ـ جۆرەکانی دەنگ لە زمانی ئینگلیزی.............................١٨٥
ـ زمان و هزر.......................................................١٨٥
ـ مەسەلەکانی زانین و ئازادی......................................١٨٦
ـ توێژینەوەکانی واتایی لە ڕێزماندا..................................١٨٧
ـ زانینی زمانەوانی: سروشت و بنج و بەکارهێنانی...............١٨٨
تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە...........................١٩١
بنەما گشتییەکان...................................................١٩٣
أ- وەرگرتنی زمان.................................................١٩٣
ب ـ داهێنانی زمانیی..............................................١٩٨
پێشڤەچوونی تیۆرەکە..............................................٢٠٢
ـ قۆناغی یەکەم، قۆناغی ڕۆنانە سینتاکسییەکان ١٩٥٧.......٢٠٢

ڕێزمانی بەرهەمهێنان.....................................٢٠٩
ڕێزمانی گوێزانەوە........................................٢١٤
ڕێزمانی دەنگی وشەسازی.................................٢١٧
ـ قۆناغی دووەم: تیۆری زمانەوانی ستاندارد ١٩٦٥...........٢١٩
أـ جیاکردنەوەی توانستی زمانەوانی و چالاکی ئاخاوتن......٢٢٠
ب ـ چالاکی ئاخاوتن......................................٢٢٧
ج ـ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی له ڕستەی ناڕێزمانی...٢٣٠
د ـ بونیادی ڕووکەش و بونیادی قووڵ.........................٢٣٣
گرنگی پێکهاتەی واتایی له نموونەی بەرهەمهێناندا............٢٣٦
ـ قۆناغی سێیەم: قۆناغی تیۆری ستانداردی فراوانکراو.......٢٤٣
قۆناغی چوارەم: تیۆری کەمترین بەرنامە......................٢٤٧
سەرچاوەکان.................................................٢٥٤

# پێشەکی وەرگێڕ

زمانەوانی نوێ مێژوویەکەی لە سۆسێرەوە دەستپێدەکات، تاکو ئێستاش بەردەوامە، قسەکردن لەسەر ئاراستە و تیۆر و زمانەوانەکانی ئەم سەردەمە، زۆر گرنگ و پێویستە، بەداخەوە کتێبخانەی کوردی بەدەگمەن خۆی لە قەرەی ئەم مێژووەی زمانەوانی داوە، بەو واتایەی توێژەرانمان نەیانتوانیوە ئەم قۆناغەی زمانەوانی بە دوور و درێژی باس بکەن، یاخود بەپوختی لێی بکۆڵنەوە، تاکو خوێنەری کوردی ئاشنای ئەم قۆناغەی زمانەوانی بێت.

ئەم هەوڵەی ئێمە وەرگێڕانی بەشێکی کتێبی (اللسانيات ـ اتجاهاتها و قضاياها الراهنة)ی نعمان بوقرەیە، کە بەڕاستی کتێبێکی زۆر گرنگە و پێویستە بۆ خوێنەران و هەوادارانی بواری زمانەوانی، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی ئەم بەشە بۆ خوێنەری کورد وەرگێڕین، ئەگەرچی تووشی هەندێ ماندووبوون بووین لە چاککردنی هەندێ زاراوەی تایبەت بە بواری زمانەوانی، چونکە توێژەر لە هەندێ شوێن وەرگێڕانی وشەیی بۆ باسەکە کردووە، ئێمە ناچاربووین زاراوە باو و ڕاست و دروستەکەی بواری زمانەوانی وەرگرین و بە دروستی وشە و زاراوەکان

بنووسین، بۆیە لە هەندێ شوێن دەستکاریمان کردووە، بەڵام دەستکاری بەو واتایەی زاراوە ڕاستەقینەکەی بواری زمانەوانیمان بەکارهێناوە و خۆمان لە وشە و زاراوە هەڵەکەی کتێبەکە بە دوور گرتووە، ئەمەش دیارە خۆمان باکگراوندێکمان لە زانیارییەکانی ئەم قۆناغەی زمانەوانیدا هەبووە، بۆیە وشە و زاراوە باو و دروستەکانمان بەکارهێناوە.

لە کۆتاییدا هیوادارین ئەم کتێبە سوودی بۆ خوێنەرانی کورد هەبێت و کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە.

**وەرگێڕ**

**هەولێر ـ ٢٠١٦/٣/٢٤**

# دەستپێک

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا زمانەوانی بونیادگەریی سەری هەڵدا و لە چەند ئاسۆیەکی مەعریفی و زانستی هەمەجۆردا وەکو بوارەکانی دەنگسازی و ڕێزمان و واتاسازی و زانستەکانی دی زمان گەشەی سەند، پاشان پرۆسەکانی ڕەخنەگرتن لە ئاراستەکانی بونیادگەریی بووە هۆی پەیدابوونی تەوژمی زمانەوانی هەمەجۆر، کە لە تێڕوانینی بۆ دیاردەی زمانەوانی جیاوازییان لەگەڵ ڕوانگە و تێڕوانینی بونیادگەریدا هەبوو، بێگومان بونیادگەریش لەلایەن (فردیناند دی سۆسێر)ەوە پایەکانی داکوتا، هەروەکو قوتابخانەی بەرهەمهێنان و پراگماتیک و ئاماژەناسی و تیۆرەکانی درکاندن و شیکردنەوەی گوتار، ئەم توێژینەوە وەسفییەش کە ئێستا خوازیاری ئەنجامدان و پێشکەشکردنین بۆ خوێنەران، باس لەو مشتومڕە هەمەجۆر و وردەکارییە تایبەتانە ناکات، کە لەم ئاراستانەدا باس دەکرێت، واتە کاتێک باس لەم ئاراستانەی بواری زمانەوانی و پرسەکانی دەکەین، ئاوڕ لە کێشەکان نادەینەوە، ئەمەش لەو حاڵەتەدا دروست دەبێت، کە جەخت لەسەر بنەماکانی ئەم تەوژمە مەزنانەی

زمانەوانی و ڕێباز و ئامانجە گشتییەکانی بکەینەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا باسکردنی تەوژمە بچووک و کاڵەکان، کە کەمتر کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی هزریی مرۆییدا هەبووە، ڕەوانەی توێژینەوەکانی داهاتوو دەکەین. جا هەر لە دێر زەمانەوە ناوی (فردیناند دی سۆسێر) بە قوتابخانەی بونیادگەرییەوە لکاوە، کە مێژووە ڕاستەقینەکەی بۆ سییەکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، (دی سۆسێر) بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە زمان لە ڕوانگەی ڕێبازی بونیادگەریی وەسفی لێبکۆڵرێتەوە، چونکە ئەم ڕێبازە زمانەوانییە بەوردی دەڕوانێتە ڕواڵەتی زمانەوانی لە کات و ساتی ئێستایدا دوور لە فشارە مێژوویی و وێنەیی و فەلسەفییەکانی، لە هەمان کاتیشدا باس لە ئەدگارەکانی سیستەمە زمانەوانییەکە و ئەرکی توخمەکانی ناوەوەی دەکات، لەبەر ئەوە ئەم ڕێبازە بووە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ڕێبازە مێژووییەکە و شێوازی یاساکانی بەراوردکردن لە چاودێریکردن و دەستنیشانکردنی دیاردە بەشەکییەکانی زمان، پاشان ئەم ڕێبازە بووە ئاراستەیەکی ئەکادیمی، کە بە (بونیادگەریی) ناوی دەرکرد[1]، هەوادارانی (سۆسێر)یش بە

---

١- (زەواوی بەغورە) توێژینەوەیەکی گرنگی هەیە، بە ناونیشانی:

بونیادگەرەکـــان ناویـــان دەرکـــرد (Structuralisme)، بونیـــادگەریی لە بنجـــە زمانەوانییەکەیـــدا لە وشـــەی (Struire)ەوە وەرگیـــراوە و مانـــای (بونیادــ بینـــاکردن) دەگەیەنێت، ئەم وشەیە لە زمانی فەرەنسیدا (Structure) چەنـــد واتـــایەکی هەیە: سیســـتەم (Ordre)، پێکهـــاتن (Constitution)، پەیـــکەر (Organisation) و شـــێوە (Forme)، هەروەها زانستی دی هەن جگە لە زمانەوانی ئەم زاراوەیەیـــان بەکارهێنـــاوە، وەکـــو کۆمەڵناســـی و ئابووریناسی و کیمیا و جیۆلۆجی و ماتماتیک و فەلسەفە و ئەنسرۆپۆلۆجیا[1]، ئەویش بە واتای وێکچووی خۆی لە دەوروبـــەرە زمـــانەوانییەکەدا بەکاردەهێنرێـــت. لە ڕاســـتیدا مانای وردی وشەی (Structure) لە ساڵی ١٩٢٦ لەسەر دەســـتی ئەنـــدامانی بـــازنەی (پـــراگ) دەستنیشـــانکرا، ئەم

---

الزواوي بغورة، المنهج البنيوي - بحث في الأصول و المبادىء و التطبيقات، دار الهدى، عين مليلة، ط١، ٢٠٠١.

١- کلـود لیفـی شـتراوس (تـوێژەری فەرەنسـی ١٩٠٨ - .......) بە گرنگتـــرین ئەو بیرمەنـــدانە هەژمـــار دەکرێـــت، کە چوارچێـــوەی بونیـــادگەریی لە بـــواری تـــوێژینەوەی دەوروبـــەری ڕۆشـــنبیری کۆمەڵایەتی گرتە ئەستۆ لە پەرتووکەکانی (خووڵە نیگەرانەکان) و (مرۆڤی دڕندە)و.....هتد.

زاراوەیەش مانـــای ڕێکخســـتنی نـــاوخۆیی ئەو یەکـــانە دەگـــرێتەوە، کە سیســـتەمی زمـــانەوانی پێکـــدەهێنن، ژمارەیەکیش لە زمانەوانان باسیان لەم زاراوەیە کردووە، وەکو (جۆرج مۆنان George monane) کە پێی وابوو وشـەی بونیـاد هـیچ پاشـماوەیەک یـان بـنج و بنـاوانێکی میتـافیزیکی نیـیە، بەڵکـو بەشـێوەیەکی ئاسـایی ئامـاژە بە بینـاکردن دەکـات[1]، هەروەهـا تیـۆری بونیـادگەریی کە لە سۆسێرەوە دەستی پێکرد و لەسـەر دەسـتی (بلۆمفیلد)یش گەشـــەی ســـەند، وای دەبینـــێ کە تـــوێژینەوەی مـــاددە زمـــانەوانییەکەی بەردەســـتمان بەو حیســـابەی کە ڕاسـتەقینەیەکە لە چوارچێـوەی ئاکاریـدا لێکـۆڵراوەتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەموو کارێک لەژێر تیشکی (وروژێنەر- کار) Stimilus و (وەڵامدانـەوە) Reponse لێـی تێـدەگەین، ئەمەش بێگومـان وای کـردووە ڕێبـازی بونیـادگەریی ڕێبـازێکی (خوێندنـەوە)بێت، کە لە سـەرەتادا بە کۆکردنەوەی ماددە (Corpus) دەست پێبکات، پاشان پێکهاتەکـانی بەپێـی یاســاکانی پۆلێنکـاری و دابڕکـاریی دیـاریکراو (وێکچووەکـان) بپشـکنرێن، ئەویـش لە ڕووی فـۆرم و واتـاوە، پـاش ئەمەش دەگەیـنە ئەوەی کە بتـوانین

١- محمود جاد الرب، علم اللغة ـ نشأته و تطوره، ص ٩٣.

هەردوو یاسا بەشەکی و هەمەکییەکە ڕێکبخەین، ئینجا پاش ئەمانەش تیۆرەکە دابڕێژین، هەروەها (جۆن دی بوا) لە پێناسەکردنی بونیادگەریدا دەڵێت: سیستەمێکە بەپێی کۆمەڵە یاسایەکی ئەوتۆ کاردەکات، کە توانای پێشکەوتن و گۆڕانکاری هەیە، بە پشت بەستن بە خودی یاساکانی خۆی، بەبێ بەشداریکردنی توخمە دەرەکییەکانی، ئەم سیستەمەش بەوە جیادەکرێتەوە، کە گشتگیرە و گوازراوەییە و خاوەن ڕێکخستنێکی خودییە[1]، (میشێل

---

١- بونیادگەریی لەسەر ئەم میتۆدانەی خوارەوە دادەمەزرێت: ١ـ وەسفکردنی زمان و شیکردنەوەی بونیادە دیارەکانی، ئەویش بەپێی ڕوانگەی پۆلێنێکی فۆرمی ڕوون. ٢ـ وەلانانی پێوەر و بەباشتر زانینی هەندێک ئاستی قسەکەری لە زماندا. ٣ـ ڕوانینی زمان بەو حیسابەی کە بونیادێکی داخراو و سەربەخۆیە و پەیوەندی بە مێژوو و بارودۆخەکەیەوە نییە. ٤ـ زمان بونیادێکی هزرییە و یاساگەلێکی وێنەیی و ڕواڵەتی بەڕێوەی دەبن. ٥ـ جەختکردنەوە لەسەر وێنەی درکێندراوی زمان، چونکە لایەنە نووسراوەکەی بەس نییە بۆ وەسفکردنی پێکهاتەکانی سیستەمەکە زمانەوانییەکە و بەشەکانی. ٦ـ ڕوانینی سیستەمە زمانەوانییەکە بەو ئیعتبارەی کە تۆڕێکی بەستراوەی سیستەمە ئەرکییە بچووکەکانە، کە هەریەکە ئەویدی دیاریدەکەن. ٧ـ ڕوانینی پێشڤەچوونە زمانەوانییەکە بەو حیسابەی، کە پێشڤەچوونێکی ناوخۆیی

فۆکـۆ) دەڵێـت: ئـێمە بە واژەیەکـی بونیـادگەریی کۆمەڵێـک پســـپۆڕێتی و ســـەرقاڵبوون و ژمـــارەیەک شـــیکردنەوە دەستنیشـــان دەکەیـن، کە لە واقیعـدا یەک بابەتیـان هەیە، بەڵـێ مـن هەمـوو بونیـادی و بونیـادییە هەمەجۆرەکـان لە یەکێتـــی بابەتەکانیـــان دیاریـــدەکەم، هەرچەنـــدە ئەمە خەسـڵەتێکی نـامۆیە[1]، ئەمەو بونیـادگەریی لە ئاسـتەکانی تێڕوانینی خۆی چەندەها ڕەخنەی بونیادنەر و ڕووخێنەری لەلایەن نەیارانییەوە ئاراستەکرا، کە لەپێش هەمووشیانەوە دامەزرێـنەری زمـانەوانی بەرهەمهێنـان بـوو، کە بڕیاریـدا تێڕوانینـی بـۆ مـامەڵەکردن لەلایەنە داهێـنەرەکەی چالاکی قسـەکەر لەڕووی داهێنـانی زمـانەوانییەوە بێهێـزە، ئەویـش لەبەر هۆکـاری جەختکـردنەوەی لەسـەر (نمـوونە)یەک، لەم حـــاڵەتەدا تەنهـــا پشـــت بە وەســـف دەبەســـتێت، نەک شـــرۆڤەکردن، کە پرۆســـەیەکە دەوروبـــەرە قووڵەکـــان دەپشـکنێت و دەیانـدۆزێتەوە، لەم ڕووەوە (عـەبـدولڕحمان حـاجی سـاڵح) وای بـۆ دەچـێ، کە بونیـادگەریی زمـانەوانی

---

وابەستەکیانەیە، کە بونیادەکە و پێکهاتەکانی لە نـاوەوە دەیسـەپێنن، نەک لە دەرەوە، هەروەک هەوادارانـــی زمـــانەوانی مێژوویـــی بـــۆی دەچن.

١- البنيويه والتحليل الادبي، ص ١٥.

لەســـــەر بۆچـــــوونێکی کەم و کـــــورت دامەزراوە، کە بە دەستنیشــانکردنی ڕەگەز و جیــاکردنەوە لەســـەر شــێوازی ئەرستۆیی دەناسرێتەوە[1].

١- عبدالرحمن الحاج الصالح، المدرسة التحليلية الحديثة و الدراسـات الحالية في العالم العربي، ص ٥. هەروەها لەم بوارەدا بڕوانە کتێبی (زمان و بیر)ی چۆمسکی.

## قوتابخانەی جنێف و سەرەتاکانی زمانەوانی سویسری

**((تاکە بابەتی زمانەوانی ڕاست و دروست ئەوەیە کە زمان بۆ خۆی و لەپێناو خۆیدا باس بکرێت)).[١]**

زۆر ئاسایيە بڵێین (فردیناند دی سۆسێر) باوکی زمانەوانی هاوچەرخە، چونکە بەهۆی ئەوەوە زمان وای لێهات بەشێوەی ڕێبازی زانستیی وەسفی ئێستایی لێی بکۆڵرێتەوە و کۆشش بکات بۆ گشتگیریی و وردبینی و نەبوونی دژیەکیی تێیدا[٢]، جا لەم بوارەدا (جۆن لیۆنز) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ژمارەیەکی زۆری

---

1 -De saussure، op. cit، 232.

٢- محمود جاد الرب، علم اللغة نشأته و تطوره، ص ٣٤. هەروەها بڕوانە: دانیال مانیس، علم اللغة، ترجمة: سهیل عثمان و عبدالرزاق الأصفر، مجلة الموقف الادبي، عدد ١٣٥ – ١٣٦، ١٩٨٢، ص ٢١٢. هەروەها بڕوانە: جون ستروک، البینویة وما بعدها، ترجمة: محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة، عدد ٢٠٦، ص ١٣ و دوای خۆی.

قوتابخـانه زمانەوانییەکـان ڕاسـتەوخۆ یـاخود ناڕاسـتەوخۆ لەژێـر کـاریگەری وانەکـانی دی سۆسـێرن[1]، پـێش ئەوەی بـاس لەم کەسـایەتییە بکەیـن، پێویسـتە هەڵوەسـتەیەک لەسـەر ئەو کەشـەی بکەیـن، کە لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لە ئارادا هەبوو، لە سـاڵی (١٨٩٠)دا چەنـد ئاراسـتەیەکی تـازە لە بـواری شیکردنەوەی زانستی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان سەریان هەڵـدا، بەتـایبەتی لە بـواری ڕووداوە ئابوورییەکـان، کە هەموویـان سـەرتاپا لەسـەر ئەو بیـرۆکە دامەزران، کە لەڕووی زمـانەوە کـۆمەڵگە لەپـێش تـاکەوەیە و دەزگـا لەڕووی بـوونەوە لەپـێش کەسـەکانەوەیە، چـونکە تـاک زادەی کـۆمەڵگە و ئاواییەکـانە، ئۆگسـت کانـت (١٧٩٨ - ١٨٥٧) پێشەنگی ئەم تیۆرە لە پەرتووکێکی خۆیدا بە ناوی (ڕۆحی ئەرێنییەکان) دەڵێت، کە مرۆڤی ڕاستەقینە بوونی نییە، بەڵکو مرۆڤایەتی بوونی هەیە، (کارڵ مارکس) دەڵێت: بوونی مرۆڤی کۆمەڵایەتی، هۆشیاری لای مـرۆڤ دروست دەکات، نەک بەپێچەوانەوە، هەرچەندە ڕۆچوون زۆر گرنگ نییە و لە کـاتی باسکردنی قوتابخـانە زمانەوانیەکانـدا زۆر

---

١- أحمد حساني، مباحث في اللسانيات العامة، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ١٩٩٤. ، ص ١٠٠.

ورد بچینه نێو ئەم بۆچوونە فەلسەفیانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەو کاریگەریە مەزنە دەکەین، کە بیرۆکەی پاشکۆبوونی توخمەکە بۆ دەزگاکە بەجێی هێشتووە، کە هەرگیز ناچەسپێ، مەگەر لەڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی هەیەتی لەگەڵ زانستە مرۆییەکاندا، بەتایبەت زمانەوانیەکان، هەروەها (ئیمێل دۆرکهایم) سەرنجی کۆمەڵناسانی بۆ بیرۆکەی فاکتەری کۆمەڵایەتی ڕاکێشا، کە فاکتەرێک بوو ئەوان لێی بێئاگابوون[1]، ئەو کۆمەڵناسانە تەنها لەسەر ئاستی تاک گرنگیان بە زمان دەدا، بۆ نموونە پێشڤەچوونی زمانیان لەڕێگەی شوێن و کاتەوە بە سازگەی دەنگی لەلای تاکەکان و پێشڤەچوونی مێشکی مرۆڤ دەبەستەوە، ئەوەیان فەرامۆش کردبوو، کە ئەو تاکانە یەکەیەکی هەستەوەری یان هۆشیارییەکی کۆیی وایان هەیە، کە پێش و پاشی تاکەکانیش بوونیان هەیە، ئەم هۆشیارییە کۆییە هێزێکی ئەوتۆی هەیە تاک دەیسەپێنێت، لەوەش دەچێت ئەم قەڵبەزەدانەی لە تێڕوانینی (ئەنتوان مایە)وە دەستی پێکرد و یەکەمجار ئەوەی خستەڕوو، کە زمان بە پلە یەک ڕووداوێکی

---

١- عبدالرحمن الحاج صالح، مدخل الى علم اللسانيات الحديث، مجلد ٢، عدد ١، ١٩٧٢، ص ٢٤ – ٣٩ و دوای خۆی.

کۆمەڵایەتییە، ئەوەبوو ئەم بۆچوونەی هێنایە گۆڕێ، کە سیستەمێکە پشت بە کۆکردنەوەی بەشەکان بۆ یەکدی دەبەستێت[1]، هەروەها (دی سۆسێر) بە هەموو گرنگییەکەوە بەدواداچوونی بۆ ئەم بیروبۆچوونانە کرد، کە بیروبۆچوونی ئەوتۆ بوون، پاشان بەسەر پێناسەکانی بۆ زمان ڕەنگیاندایەوە، وا پێدەچێت زمانەوانەکان بەهەمان شێوە لەژێر کاریگەری چەمکی کۆمەڵدا بوون لەلای ماتماتیکزانەکان، جا بە خۆی ئەم تیۆرە لەسەر دەستی ئەڵمانییەک بە ناوی کانتور (١٨٤٥ ـ ١٩١٨) سەری هەڵدا، جگە لەمەش زۆربەی زۆریان وایان پێ باش بوو، توێژینەوەکان لە ئێستادا ئەنجام بدرێن، چونکە ڕێبازی مێژوویی ناتوانێت سروشتی شتەکان و دیاردەکان دەستنیشان بکات، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم ڕێبازە باسی چۆنێتی ئەوکاتەی دیاردەکە و توخمەکەت بۆ دەکات، واتە باس لە مێژووی جارانی شتەکان دەکات، نەک ئێستای شتەکان و توخمەکان، ڕێبازی مێژوویی لە ڕاستەقینە و خەسڵەت و شێوەی جووڵەکردنی (ئەرکەکانی) زمان ناکۆڵێتەوە، (ئەنتوان مایە) پێی باش بوو چەمکە کۆنەکان

---

[1]- Antoine meillet, linguistique historique et linguistique generale, 2 edt, 1926. p: 26.

بکــرێنە چەمکــی زانســـتی ورد، کە لە ڕۆحـــی زانســـت و زانیـــنەوە نزیـــک بـــن، کە وا باشـــترە بە زمـــانەوانییە گشتییەکان ناوزەد بکرێن، کە بە ڕای خۆی بە پێشـەکییەک بـــۆ تـــوێژینەوەی زمـــان لەڕووی مێـــژووییەوە هەژمـــار دەکــرێن، لەم پــێگەیەدا بــاس لەو بــارودۆخە دەکەیــن، کە دەوری تیـۆرەکەی دی سۆسـێری دابـوو، بەڵام دەبـێ ئەو بیرۆکەمـان لەیـاد نەچێت، کە (ولیـام وتنـی ١٨٢٧ ـ ١٨٩٤) ئەمریکـی بانگەشــەی بـۆ دەکــرد. ئەم بیـرۆکەیە پێـی وایە سیســتەمێکی نــاوەکی هەیە و گوزارشــت لە وێــنە یــاخود شێوازەکە دەکات، کە بەیەکبەستنەوە پەیدا دەبێت و لەگـەڵ تـوخمە بەشــەکییەکانـدا دژ دەبـنەوە، ئەم بیـرۆکە بە خـۆی بووە دەستپێکێک بۆ (دی سۆسێر) تـا سیستەمی (بونیـاد) پێشکەش بکات، بەو حسابەی قەوارەیەکی جیایە و لەســەر پــایەی گونجانـــدن دەوەســـتێت و پەیوەنـــدییەکانی خـــۆی بەســەر توخمەکانی کۆمەڵەکەدا دەسـەپێنێت[1]. یەکەم کەس

---

١- لەڕاستیدا کۆمەڵە توێژەرێک هەن، کە زۆر ناسراو نین و پێیان وابـوو زۆر گـرنگە لە واقـیعە ئێسـتیایەکەیدا بـڕوانینە زمـان، بەو حیسابەی سیستەمێکی چەسپاوە، لەوانە بۆ نموونە: ئەدۆلف نۆرین و کــارل ســفیدیلۆس، کە هەردووکیــان ســویدی بــوون، هەروەهــا (ئەنتوان مارتن)ی سویسری: بڕوانە:

ئەم بیروبۆچوونە زمانەوانییە تازانەی دانا و ئەدگارەکانی دیاریکرد (دی سۆسێر) بوو، کە سیستەمێکی بۆ خەڵکی دارشت لایەنەکانی گونجاو بن، ئەو هەمووومانی بەرانبەر تواناکانی خۆی دووچاری سەرسوڕمان کرد سەبارەت بە چەمکە تێکەڵکێشەکان و هێنانەوەی نموونە بۆیان و ڕێکخستنی دژاودژیەکان[1]. هەرچەندە ئەو بۆچوونانەی (سۆسێر) لە بواری زمانەوانیدا زۆر گرنگ و پڕ بەهان، کەچی پاش ساڵی (١٩٢٩) ناسران و شۆڕەتیان وەرگرت، ئەویش لەبەر ئەوەی هەوڵەکانی یەکەمی سۆسێر ڕواڵەتی توێژینەوەکانی (مایە) و (ماروررو) و (جهبرسن) و.....هتد هەژموونی هەبوو، تیۆرەکەی سۆسێر، قەدەر دوو زانای ڕووسی بۆی ڕەخساند، کە (ڕۆمان جاکبسۆن) و میر (نیکۆلای ترۆتسکۆی) بوون، ئەم دوو زانایە زوو هەستیان بە بەهای تیۆرەکەی (دی سۆسێر) کرد و درکیان

---

Malberg,les nouvelles tendances de la linguistique، p. 54.

هەروەها عبدالرحمن الحاج صالح، مدخل الی علم اللسانیات الحدیث، مجلة اللسانیات، المجلد ٢، عدد ١، ص٣٧.

١- عبدالرحمن الحاج صالح، مدخل الی علم اللسانیات الحدیث، مجلة اللسانیات، المجلد ٢، العدد الاول، ص ٥ و دوای خۆی.

بەوەکـــرد، کە ڕۆڵـــی گرنگـــی لە پێشخســـتنی زانســـتە مرۆییەکانـــدا هەیە، ئەویـــش پـــاش ئەوەی لەڕێگـــەی (کارسفسکی) قوتابیەکەی سۆسێرەوە تیۆرەکەیان ناسی، کە لە ســـاڵی (١٩١٧) چووبـــووە ڕووســـیا، ئەم تیـــۆرە یەکەمجـــار بەرانـــبەر ئەنـــدامانی کـــۆنگرەی نێـــودەوڵەتی زمـانەوانی پێشکەشـکرا، کە لە سـاڵی (١٩٢٠) لە (لاهـای) گرێـدرا. لەوکـاتەوە ئیـدی وانەکـان وەرگێـڕدرانە ســەر چەنـدەها زمـان لە جیهانـدا، وەکـو زمـانی یابـانی سـاڵی (١٩٢٨) و زمانی ئەڵمانی ساڵی (١٩٣١) و زمـانی ڕووسـی سـاڵی (١٩٣٣) و زمـانی ئیسـپانی سـاڵی (١٩٤٥) و زمـانی ئینگلیـزی سـاڵی (١٩٥٩) و زمـانی ئیتـالی سـاڵی (١٩٦٧) و زمانی عەرەبی ساڵی (١٩٨٥)[١].

---

١- عبدالسلام المسدي، ما وراء اللغة، بحث في الخلفيات المعرفية، مؤسسة عبدالكريم بن عبدالله للنشر و التوزيع، تونس، ط١، ١٩٩٤، ص ٩ و ١٣.

**کورتەیەک لە ژیانی دی سۆسێر**

(دی سۆسـێر) لە مـانگی نـۆڤەمبەری سـاڵی (١٨٥٧) لە (جنێـف) لەدایکبـووە، ڕەچەڵەکـی دەگەڕێـتەوە سـەر بنەماڵەیەکی فەرەنسی پرۆتستانتی، کە تاڕاددەیەک پایەی زانستیان هەبووە، لە ساڵی (١٨٧٦) لە شاری (لایبزیش)ی ئەڵمـانی خوێنـدوویێتی، ئەویـش لە گفتوگـۆیەکی زانسـتیدا ئامـادەبوو، کە لەنێـوان (کۆریتـۆس) و ژمـارەیەک ڕێزمـانزانی تـازە ئەنجام درا، کە (کـارل برۆگمـان) یەکێک بوو لەوان، سۆسێر لە ساڵی (١٨٧٨) توێژینەوەیەکی خۆی بە ناوی: (پەیامێک دەربارەی سیستەمە دەنگییەکانی هیندۆ ئەوروپی) ئەنجامـدا، پاشـان لە تەمەنـی (٢٢) سـاڵی پلەی دکتـۆرای لەسـەر کێشـی ڕەهـای شـیعر لـە زمـانی سانسکریتیدا وەرگرت. لە ماوەی وانە وتنەوەشیدا لەنێوان سـاڵانی (١٨٨٠ ـ ١٨٩١) لـە فەرەنسا گرنگی بە هـیچ نەدا، جگـە بە بـواری بابەتەکـانی ڕێزمـانی بەراوردکـاری و مێژوویییەوە نەبێت، بەهەمان شـێوەش پاش گەڕانەوەی بـۆ شاری (جنێف) لەسـەر ئەم کارە بەردەوام بـوو، تـا سـاڵی (١٨٩٦)، بەڵام لە سـاڵی (١٩٠٧) پـاش دابڕانێـک بڕیاریـدا بگەڕێـتەوە سـەر وانەوتـنەوە، ئەویـش لەبەر هەنـدێک هۆکـاری کـۆمەڵایەتی، کە کاریگەرییـان لەسـەر دڵ و

دەرونیـدا هەبـوو، لەم مـاوەیەدا بەوردیـیەوە بیروڕاکـانی خـۆی پێشـکەش کـرد، کە هەمیشـە ئـاواتی ئەوەبـوو ببێـتە تیۆرێکی گشتی بۆ زمان و توێژینەوەی زمـان[1]. لەوانەشـە یەکێک پرسیار بکات، چ شتێک دەتوانین بخەینە سەر ئەو قسـانەی کردمـان دەربـارەی (دی سۆسـێر)، چـونکە لەلای خەڵکـانی پسـپۆڕ و ناپسـپۆڕی بوارەکـانی زانسـتی مرۆیـی ناسـراوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێ درک بەوە بکەیـن کە ئەو وێنا نموونەییەی کە پێی ناسرابوو، بەو ساف و بێگەردییە نەبـوو، چـونکە، زمانەوانـان هەموویـان تیۆرەکـانی (دی سۆسـێر)یان بـە ڕەهـایی پەسـەند نەکـرد، بەڵکـو زۆر لەو زمانەوانـانە ڕەخنەیـان لـێ دەگـرت و هەمواریـان دەکـرد، بـەجۆرێ بیـرۆکەی ئەوەی (دی سۆسـێر) دامەزرێـنەری زمـانەوانی نییە، سـەری هەڵدا، جـا گەر بڵێین زمـانەوانی بـاوکێکی هەیە، ئەوا دەبـێ بەهەمـان شـێوە دان بەوە دابنێـین، کە چەنـد بـاپیرە گەورەیەکیشـی هەیە، لێـرەدا دەتـوانین ئەو کـار و پـرۆژانە بژمێـرین، کە گرنگیـان بە توێژینەوەکانی (دی سۆسێر) داوە:

---

١- عبدالرحمن الحاج صالح، مدخل الى علم اللسانيات الحديث، مجلة اللسانيات، المجلد ٢، العدد الاول، ص ٤٠.

أــ ئەو تــوێژینەوانەی بنەمایەکیــان بــۆ ئەو ئاراســتانە داناوە، کە هەڵوێستێکی بەرگریکارانەیان بۆ تیۆرەکانی (دی سۆســێر) و ئەو شــێوازەی پێــی بڵاوکــراونەتەوە دارشتووە (ج.یونان).

ب ــــ ئەو تـــــوێژینەوانەی بنەمایەکیـــــان بــــۆ ئەو پابەنــدبوونانەی سۆســێر و بڵاوکــراوەی وانەکــانی و دووبــارە لێکــۆڵینەوەی پەرتــووکەکەی دارشــت (ر.کــودال، رانقلار).

ج ـ ئەو پرۆژە و توێژینەوانەی بنەمایەکیان دامەزراند بۆ دووبــارە خوێنــدنەوەی (سۆســێر) و بیروبۆچوونەکــانی، ئەویــــش لەژێــــر تیشـــــکی وانە و دەســـــتنووس و سەرگوزەشتەی ژیانی (ر.ئامکار، تۆلیۆدی دی مۆریس و ج. ستارونیسکی).

دــ هەنـدێک تـوێژینەوە کە راشـکاوانە تـانە لە بەهـا و گرنگی دەقەکانی (دی سۆسێر) دەدەن و خودی تیۆرەکە دەدەنە بەر رەخــنە (ج، ل، کــالفی)[1]، ئەوەی دەکــرێ بە بیرمـــان بهێنیـــنەوە لە پـــێگەی باســـکردنی چوارچێـــوەی رۆشـــنبیری، کە لە بوارەکەیـــدا تیـــۆرەکەی سۆســـێری

---

١ـ عبدالرحمن الحاج صالح، مدخل الى علم اللسانيات الحديث، مجلة اللسانيات، المجلد ٢، العدد الاول، ص ٥ .

زمـــانەوانی بەدەرکەوت ئەوەیە، کە گرنگییەکـــی زۆری بە شـیعری ئەوروپـی دێرینـدا، ئەویـش لە هەنـدێک لە دیـاردە هونەرەکانیــدا، وەکــو ڕەگــەزدۆزی، هەروەهــا دیــاردەی دەنگدانەوە کە زیاتر لە (١٤٠) نووسراودا نووسـیویانیەتی، جگە لەمانەش ڕەوینەوە لە نووسینی بابەتە زمانەوانییەکان تـا مـاوەیەکی دیـاریکراو، بە پاسـاوی ئەوەی کە تەنـانەت یەک وشـــەش لەم بـــوارەدا نیـــیە بـــاس لە یەک بـــابەتی دەستنیشـانکراو بکەن. جـاری وا هەیە لە ڕسـتەیەک تەواو دەبێت، ئەو خەیاڵەت بۆ دێت، کە وازی لێ بهێنێت، تا پێنج شەش جـاری دیکە دووبـارەی بکەیـتەوە[1]، سۆسـێر وەکـو (سوقرات) و (یەسوع) وابوو، هیچ شتێکی نەنووسیوە[2].

**دی سۆسێر و زمانەوانی نوێ**

دەتـــوانین بیروبۆچوونەکـــانی سۆســـێر، کە تیـــۆری زمانەوانی نوێیان لەسەر دامەزرا، لەژێر تیشکی دەقەکانی

---

١- نــامەیەکی گوتارئـــامێزە، سۆســێر لە ١٨٩٤/١/١٤، ئاراســتەی (ئــەنتـوان مــایە)ی کـردووە و ستراوبنسـکی لە پەرتووکەکەیـدا کە ناونیشانی (وشەی دوای وشەکان)ە پێشکەشی کردبوو.

٢- روبیـر توسـان، مـا هـي السـیمیولوجیا، ترجمـة: محمـد نظیـف، أفریقیا الشرق، ط٢، ١٩٩٤. ، ص ٣٩.

وانەکانیـدا بخەیـنەڕوو، ئەویـش لەڕێگـەی ئەم خـاڵانەی خوارەوە[1]:-

**دوانەکانی دی سۆسێر** (Dichotomies):

خـووگرتنی دی سۆسـێر بەوەی لایەنـەکانی دژیـەکی لە زماندا دەربخات، تەنها حەز و ئارەزوویەکی کەسی نەبوو هەروەک (ڤیکتـۆر هنـری) گوزارشـتی لێدەکات، بەڵکو ئەو دوانەییانە دەرەنجامی گەڵاڵەکردن و لێکدانەوەی بونیادی زمان بوو، هەندێک توێژینەوە هەن ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەوانەیە سۆسـێر لەژێـر تیـۆری کلاسـیکیدا بووبێـت، کە جەخـت لەسـەر بـوونی دوو ڕووی جـودا بـۆ شـتەکان دەکـات، کە هەریەکە ئەویدی تەواو دەکەن و دەستنیشـانی دەکەن[2]، وا پێدەچێ ئەم دوانـانە پڕ بەپێسـت نـەبن، یـان

---

١- وا تێبینی دەکرێت ڕێبازەکەی سۆسێر لەژێر کاریگەری هەندێک لە چەمکەکـانی ئەرسـتۆدا بـوو، وەکـو وێـنە و مـاددە و شـێوە و شوناسـی (تیرڕوانینـی دەستنیشـانکار)، بـڕوانە: عبـدالرحمن الحـاج صالح، مدخل الى علم اللسان، عدد ٧، سنه ١٩٩٧، ص ١١.

٢- أحمـد مؤمن، اللسـانيات -النشـأة و التطـور، ديـوان المطبوعـات الجامعيـة، ٢٠٠٢، ص ١٢١. جێگـەی ئاماژەپێکردنـە (جـۆن فێـرس) بونیادنـانی هـزری زمانـەوانی لەسـەر دوانەییـەکان ڕەتـدەکردەوە، چونکە لەڕووی کردەییەوە پراکتیزەبوونیان سەخت و دژوارە، ئەم

جیــاوازییەکی بنەڕەتــی نـــەبن، هەروەک هەنـــدێک کەس گومــــــان دەبەن، گەر واش بـــــن، ئەوا بەشـــــێوەیەکی تێکەڵکێشــانە ڕوودەدەن و وەکـو پـێش خۆیـان کۆتاییـان دێـت، هەریەکە لەو دوانەییـانەش هـیچ بەهایەکیـان نابێـت، مەگەر بەوی دی نەبێت، جـا ئەو جیـاکردنەوەیەی تـوێژەر لەنێـوان تـوێژینەوەی مێژوویـی و تـوێژینەوەی ئێسـتاییدا سازی دەدات، هیچ شتێک لەسەر ئاستی شتە توێژراوەکان لەڕووی زمـانەوانییەوە ڕوونـادات، بەڵکـو لەســەر ئاسـتی مێشک ڕوودەدات، چونکە وەکو هێڵەکانی درێژی و پانی کــار بــۆ تــوێژەری جوگرافیــای زەوی ئاســان دەکــات، هەرچەنـدە بـوونێکی کردەیی نییە، کەچی (کـالفی) مکوڕە لەسـەر بـوونی ماددی کردەیی، دووانەییەکـانی (سۆسـێر) تیشـک دەخـاتە سـەر تێکـڕای وێنـاکردنە زمانەوانییەکـانی، ئەم دوانەییـانەش بـوونەتە پرنسـیپی بنەڕەتـی زمـانەوانییە گشـتییەکان، لەوانەشـــە زۆر گرنــگ بێــت کــە لە بــواری

---

ڕەتکردنەوەیـەش لەبـەر ئـەوە بـوو، کـە بـاوەڕی بـە فەلسـەفەی یەکایەتی(monism) هەبوو، هـەمان سـەرچاوە، ل ١٧٣. هـەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
John Firth,papers in linguistics,London, Oxford University press, 1957,p;19.

دامەزراندنی زمانەوانیدا بەو شێوەیەی لە وانەکانی دی سۆسێردا هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە نمایش بکرێن:

١. زمان و ئاخاوتن

٢. هێما و هێمابۆکراو

٣. ئێستایی و مێژوویی

٤. پەیوەندی ستوونی و پەیوەندی ئاسۆیی

**١. زمان و ئاخاوتن**[1]:

دی سۆسێر جیاوازییەکی خستە نێوان دوو پێکهاتەی وێکچوو، کە لەلای زمانەوانان وەکو یەکدین، ئەو دوو پێکهاتەیەش یەکێکیان (زمان ـــ Language)ە و ئەویتریشیان (ئاخاوتن ـ Parole)ە، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی زمان لە بنچینەدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، کەچی ئاخاوتن چالاکییەکی تاکەکەسییە، کە لە بواری ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا ئەنجام دەدرێت. لە هەمان

---

١- هەردوو زاراوەی (زمان) و (زبان) تێکەڵکێشییەکی زاراوەیی لەنێوانیاندا هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا بەشێوەیەکی هەمەجۆر بەکاردەبرێن، لەوانەیە مەبەستمان لە (زمان) ڕەگەزی مرۆڤ بێت، کە بەهۆی واتا دەنگییەکانەوە لەگەڵ یەکدیدا پەیوەندی دەکەن، لەم حاڵەتەدا زاراوەی زبان (Langue) ئاماژە بە چەمکێکی هاوبەش دەکات، کە ژمارەیەک زمان لەخۆ دەگرێت، بۆیە دەوترێت زمانی فەرەنسی و زمانی عەرەبی زمانی هیندی و ئەوانی تر. بڕوانە: مجموعه الباحثين، المصطلحات اللسانية و البلاغية و الاسلوبيه و الشعرية، ص: ٢٩٨، هەروەها بۆ زانیاری لەبارەی جیاوازی نێوان ئاخاوتن و زبان و زمان، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: الطيب دبه، مباديء اللسانيات البنوية ـ دراسة تحليلية ابستيمولوجية، جمعية الأدب للأساتذة الباحثين، دار القصبة للنشر، ط١، الجزائر، ٢٠٠١، ص ٧٢.

کاتیشدا ئەو پەیوەندیەی نێوانیان، خودی ئەو پەیوەندیەیە کە لەنێـوان بنچینـەی (زمـان) و لاوەکیـیەکە (ئاخـافتن)دا هەیە، کە ئەمەش بێگومـان لایەنێکـی دەروونـی فیزیـاییە، واتە (سۆسێر) جیاکردنەوەی زمانێکی ئەنجامدا، کە کۆی گروپە کۆمەڵایەتییەکە بەکاریدەهێنن و لە هۆشی ئاخاوتنی تاکەکانـدا چەسـپاوە، جـا دیـاردەی ئاخـاوتنی تـاک ڕەنگـدانەوەی نمـوونەی ئەو زمـانەیە، کە هەر تـاکێکی ئـاخێوەر، کە سـەر بە کـۆمەڵگەیەکی زمـانەوانی زمـانی Langue گونجـاون دەبـنە خـاوەنی[1]. جـا گەر هەوڵ نەدەین بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی جیاکردنەوە لەنێوان زمان و ئاخاوتندا بەرپا بکەین و ئەو پەیوەندیەی لەنێوانیاندا هەیە، بە پەیوەنـدیەکی تەواوکـارانە هەژمـار بکەیـن، ئەوا لەم حـاڵەتەدا وامـان لێدێت لە وێنـایەکی دیـاریکراوەوە بڕیـار لەسـەر شـتەکان بـدەین، ئەو وێنـایەش ئەمەیە: خـاوەنی زمان ئەو گروپە خەڵکەن، کە خودی زمانەکە بەکاردەهێنن و قسـەی پـێ دەکەن، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم زمـانە لەڕێگـەی ئاخـاوتنی تـاکەوە (Parole) جێبەجـێ دەبێـت، وشـە درکێنـدراوەکانیش بە شـێوازی کردەیـی لە بنەڕەتـدا

---

١- حلمـي خليـل، دراسـات فـي اللسـانيات التطبيقيـة، دار المعرفـة الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٠، ص ١٦.

لەگـەڵ ئەو پێـوەرانەدا گونجـاون، کە زمـانی کـۆمەڵگەی قسـەکەرەکە دەیسـەپێنن، ئاخـاوتن بەرجەستەکردنی زمـانە لە کۆمەڵگەدا، زمان لە فۆرم پێکدێت و واژەش لە ماددەی دەنگی و واتایی پێکدێت، کە ئێمە ڕاستەوخۆ لێی تێدەگەین و ئەو زمـانەش بەتوانـا دەکـات، کە بە ڕواڵەت دیـار نییە و شـاراوەیە و لەژێـر ئەزموونـدا نەبێـت، مەگـەر لەڕێگـەی بـەکارهێنان و چالاکییـە واژەییەکانـەوە نـەبێت، ڕووبەری ئاوەکە شتێکە لە دەرەوەی ئاو و هەواکەوەیە، کەواتە ئەو فـــۆرمەی بەگـــوێرەی پرۆســـەی پـــارچەکردن و بەشبەشـکردنەکە لەسـەر ئاسـتی هـزر و دەنـگ دروسـت دەبێــت، ئەو زمــانەیە (سۆســێر) بە بــابەتی تــوێژینەوە زمـانەوانییەکەی هەژمـاری دەکـات، ئەویـش لەڕێگـەی ئەو گوزارشـتە ناسـراوەی ڕایگەیانـد، کە دەیوت:(تـوێژینەوەی زمان لە خودی خۆیدا)، لەم ڕووەشـەوە پێویسـتە هەردوو دوانەی (فۆرم / ماددە) و (فۆرم / ناوەرۆک) جیابکەینەوە، لەســـەر ئەم بنەمـــایەش دەکـــرێ زمـــان بە ڕواڵەتێکـــی کـۆمەڵایەتی زمـان هەژمـار بکەیـن، کەچـی ئاخـاوتن بە ڕواڵەتێکـــی تـــاکی ئەو زمـــانە دادەنرێـــت[1]. هەروەهـــا

[1] -Cours de linguistique generale. P 30 et dictionnarie encyclopedique des sciences du

(سۆسیر) بانگەشەی بۆ دامەزراندنی (زمانەوانی زمان) دەکرد، بۆ ئەوەی لە زمانەوانی واژە جیابکرێتەوە، ئاماژەشی دەکرد بەوەی توێژینەوەی زمانەوانی تایبەتە بە جۆری یەکەم، کەچی ئەم جیاکردنەوەیە تەنها لەسەر دەستی (ئەندریە مارتییە) پراکتیزە کرا، چونکە ئەو لە بنەڕەتەوە ڕەتی دەکردەوە (زمانەوانی واژەیی) بەرانبەر بە (زمانەوانی زمان) بوونی هەبێت، ئەم جیاکردنەوەیەشمان لە تیۆرەکەی چۆمسکی بەرچاو دەکەوێت، ئەویش کاتێک کە (توانست) و (چالاکی)ی زمانەوانی جیا دەکاتەوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو وێکچوونە زیادەرەویەی کە لەنێوان دوانەیەکەی (سۆسێر) و دوانەییەکەی (چۆمسکی)دا هەیە.

**٢. هێما و هێمابۆکراو و سروشتی هێمای زمانەوانی**

هێمای زمانەوانی سروشتێکی پێکهاتەیی هەیە، کە لە فۆرمی دەنگی پێکدێت، بەهۆیەوە ئاماژە بۆ ماناکەی دەکرێت (هێما ـ Signifiant)ەکەیە، هەروەها ئاماژە بۆ خودی ماناکە، کە (هێمابۆکراو Signifie)[1] پێدەکرێت،

---

langague, p: 156.

١- زکریا ابراهیم، مشکلة البنیة، ص ٤٩.

سـەبارەت بە هەڵوێسـتەکەی (سۆسـێر)یش دەربـارەی سروشـتی پەیوەنـدییەکانی نێـوان (هێمـا و هێمـابۆکراو) دەبینـین، کـە دژ بـەو هەڵوێسـتە کـۆنەیە، کە وای دەبینێت زمان تەنها لیستێکی شتەکانە لەگەڵ شتە سروشتییەکاندا گونجـاوە، کەواتە پەیوەنـدییەکانی نێوانیـان تەنهـا پەیوەنـدییەکی هەڕەمەکیـیە(Arbitraire)، لەسـەر ئەم بنەمـایە (سۆسـێر) ئەم تیـۆرە بە هەڵە دادەنێـت و ئەم خاڵانەش بە نموونە دەهێنێتەوە:

یەکەم: لەبـارەی ئەو گـرفتەی لە پەیوەنـدییەکانی نێـوان بیر و زماندا هەیە، هەڵە دەکەین گەر بڵێین بیر پێش زمـان کەوتووە، (سۆسێر) وای دەبینێت کە بیـر هـیچ نییە، تەنهـا پێکهـاتەیەکی بـێ فـۆرم و بـێ شـێوەیە، یـان نـاڕوون و نائاشـکرایە و ئادگارەکـانی دیـارنییە، بەشـێوەیەک کەس ناتوانێت بەبێ ئەو هێما زمانەوانیانە بیرەکان لەیەکدی جیا بکـاتەوە، چـونکە هـیچ شـتێک بەبـێ زمـان دروسـت نابێت، ئینجا ئیدی شتێکی ناشایستەیە باس لە باشترینیان بکرێت، یـان کامەیـان لەپێشـترە، بەڵکو پێویسـتە هەردووک لە یەک پرۆسەدا باس بکرێن، بەجۆرێک بە پەڕەیەک بشـوبهێنرێن،

ئەو پەڕەیە ڕوویەکـــــی بیـــــرە و ڕووەکەی دیکەشـــــی زمانەکەیە.[1]

دووەم: لەم بەڵــگەیەدا گریمـــانەی ئەوە دەکرێــت، ئەو پەیوەنـــدیەی لەنێـــوان نـــاو و نـــاولێنراوەکەدا هەیە، پرۆســەیەکی زۆر ســانایە، ئەمەش بێگومــان ڕاســت نیــیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە سـادەیە و لە ڕاستەقینەکە نزیـک دەبێـتەوە، ئەویـش لەبەر ئەوەی یەکە زمـانەوانییەکە دوانەیــیە، واتە لەســـەر پــایەی نزیککــردنەوەی هەردوو شتەکە دەوەستێت، ئەمەش ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە، کە بەڵــگەی زمــانەوانی دراوێـکە، دوو ڕووی یەکگرتــوو و لکێنـــدراوی هەیە، کە یەکێکیـــان (هێمـــا)یە و ئەویـــدی (هێمـــابۆکراو)ە[2]، هێمـــای زمـــانەوانی هـــیچ شـــتێک بە (نـــاو)ەوە نابەســـتێتەوە، بەڵکـــو وێنـــایەک بەشـــێوەیەکی بیســـتنەوە دەبەســـتێتەوە، مەبەســـت لە وێنـــای شـــێوەی بیستنیش دەنگە ماددیەکە نییە، کە شتێکی فیزیایی ڕووتە، بگـــرە پـــاڵنەری دەروونـــی ئەو دەنـــگەیە یـــان ئەو

---

١- دروس في اللسانيات االعامة، ص ٩٩.

٢- ميلكا إفتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الأعلى للثقافة، المطبعة الأميرية، مصر ، ص ٢٢٠.

نــوێنەرایەتییەیە کە بەڵگەنــامەی هەســتەکانمان پێمــان دەبەخشن، وێنەی بیستن وێنەیەکی هەستەوەرە، جا گەر بە مــاددی نــاوی بنێـین، ئەوا لەم مانــایەدا دەبێـت لەگــەڵ وێناکەدا بـەرانبەر دەبێتەوە، ئەو وێنـایەش گوزارشـتەکەی دیکەی ئەو بەستنەوەیەکە لە هەموو زیاتر و بەشـێوەیەکی گشــتی ڕووت و ڕەهــاترن، جــا کە تێبینــی زمــانە تایبەتەکەمان دەکەین، ئەوا خەسڵەتە دەروونییەکەی وێنە بیستنەکەمانمان باش دێنە پێش چاو.

**٣. بنەمای ڕەمەکی:**

کاتێک سەر بۆ بنەمای سروشتی زمان دادەنوێنین، ئەم حـاڵەتە پەلکێشـمان دەکـات بـۆ ئەوەی وای دابنێـین زمـان لیستێک لە وشە پێکدەهێنێت و لەگەڵ ژمارەیەک لە هزر و بیر و شتەکان ڕێکدەکەون، ئەم ڕێککەوتنەش زۆرەملێیە و لەوەوە پەیدا دەبێت، کە زمـان لەم ڕوانگەیەوە ئاوێنەیەکی ئەوتـۆیە، بیـر و هزرەکـانی تێـدا ڕەنگـدەداتەوە، هەروەهـا ئــــامرازێکی نــــوێنەرایەتیە بــــۆ ئەو وتە و واژانەی لە واقــیعەکەدان، ســـەبارەت بەوەی دەوترێــت زمــان مەســـەلەیەکی کــۆمەڵایەتییە، ئەوا لەم حــاڵەتەدا پەل بــۆ بنەمایەکی گشتی دەکێشێت، کـە لەگـەڵ سیستەمی زمـان و ڕێکخستنی هزرەکان لەناو ئەقڵ و لەناو شتەکان لە واقیعدا

دەگونجێت، هەر ئەم حاڵەتەش بەشێوەیەکی کردەیی پەرەی سەند، لەناو زانایان و زمانەوانان بەڵگەشیان لەسەری ئەوەیە دەکرێ هەردوو (هێما و هێمابۆکراو) بە جیا و بەبێ یەکدی پێشبکەون، بەهەمان شێوەش جیاوازیی زمانەکان لە ناوزەدکردنی هێمابۆەکراوەکان، واش پێدەچێ بیروبۆچوونەکانی (سۆسێر) لەم مەسەلەیەدا بەڕاددەیەک نوکتەئامێزە، کە لەگەڵ خودی ئەم بیرۆکەیە جودایە، کە لەلای پێشینان هەر لە سەردەمی (ئەرستۆ)وە بەرچاومان دەکەوێت، تاکو دەگاتە نەتەوەی عەرەب، ئینجا تا لە سەدەی بیستەمدا دەگاتە (وتنی ئەمریکی)، جا بنەمای هەرەمەکیبوون لەلای ئەو بنەمایەکی بنەڕەتی گرنگە و لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان دەنگ و مانا دروست نابێت، بەڵکو لەسەر ئاستی فۆرم دروست دەبێت (ئەو سیستەمەی کە خودی زمانەکە پێکدەهێنێت)[1].
بەڵگەی (سۆسێر) لەسەر هەرەمەکی بوون لەسەر ئەو پایەیە دادەمەزرێت، کە بۆ نموونە بیرۆکەی (خوشک)، هیچ پەیوەندیەکی ناوخۆیی لەگەڵ بەدوایەکهاتنی دەنگە دروستبووەکانی (هێما)ی (خ، و، ش، ک)دا نییە، لەوانەیە نوێنەرایەتی ئەم بیرۆکە بە بەدوایەکهاتنی دەنگێکی دیکە

[1] -cors de linguistique generale, p: 98.

ئەنجامبدریت، ئەمەش ئەو حاڵەتە دەچەسپێنێ، کە بڵێین هیچ پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوان هێما و هێمابۆکراودا لە زمانەکەدا نەبێ،[1] لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو بە دوو ڕووی دراوێک گوزارشتی لێ بکرێت، یاخود بکرێتە نموونە، چونکە لەم حاڵەتەدا گەر ڕوویەکی کاغەزی دراوەکە بدڕێت، ئەوا بێگومان ڕووەکەی دیکەشی بە هەمان شێوە دەدڕێت[2]. شایانی باسە (ئیمیل) جەختی لەسەر ئەو خەسڵەتە لکاوەییە کرد، کە لە پەیوەندییەکانی نێوان هێما و هێمابۆکراودا هەیە، هەموو ئەوانەی قسەکەرەکە دەیزانێت، بۆ نموونە دەربارەی (مانگا) لە زماندا بەزۆرەملێیی وێکچوویەکی لە مێشکدا هەیە، بۆ کۆی ئەو دەنگانەی هێماکەی (مانگا) دەیدات بە دەستەوە، کە لە ڕووی ئەقڵەوە هەردووکیان لێکەوتوون و یەک مۆرکیان هەیە،

---

١- فردينان دي سوسير، محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة: يوسف غازي، المؤسسة الجزائرية للطباعة، ١٩٨٦، ص ١٠٢، و انظر احمد مؤمن، اللسانيات، النشأة والتطور، ص ١٢٨.

٢ - مجموعة من الباحثين، المصطلحات اللسانية و البلاغية و الأسلوبية و الشعرية انطلاقا من التراث العربي و من الدراسات الحديثة، دار الكتب الحديث، ط١، ص ٣٤٣.

ئەویش لە هەموو بارودۆخێکدا[1]، لە ڕاستیشدا بنەمای ڕەمەکی پەیوەندییەکانی نێوان هێما و هێمابۆکراو لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا قۆرخ دەکات، کەچی پەیوەندییەکە لەنێوانیاندا لکاوەییە و بانگەشەکاریشە، ئەویش بە گوێرەی مەحەکی بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمان لەناو گروپی زمانەوانیدا.

**٤. ئێستایی و مێژوویی:**

دەکرێ بونیادی زمان بە دوو جۆر نزیککردنەوەی چەمکەکان شیبکەینەوە[2]:

**أ. نزیککردنەوەیەکی ئێستایی یاخود هاوکاتی:**

ئەم جۆرە نزیککردنەوەیە هەڵوێستێکی زمانەوانی لە چرکەیەکی دیاریکراوی کاتدا چارەسەر دەکات، واتە گرنگی بە وەسفکردنی حاڵەتی ئێستای زمانێک دەدات، زمانیش لەم حاڵەتەدا وەکو سیستەمێکی ڕێکوپێک نمایان دەبێت، کە لە هۆشی زمانەوانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەژی، ئەمەش وا دەگەیەنێت زمان دەتوانێت بەرانبەر

---

١- محمود فهمي حجازي، اصول البنيوية و الدراسات الاتنولوجية، عالم الفكر، الكويت، مجلد ٣، عدد١، ١٩٧٦.

٢- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ١٢٨ .

گۆڕانکارییەکان پتەو و چەسپاو بێت، کە جەخت لەسەر چەسپاویی و بەرگریی خۆی دەکات بەرانبەر هەرەمەکیبوونی گۆڕانکارییەکان، ئەویش لەو پەیوەندییەی، کە هێماکان بە هێمابۆکراوەکانیانەوە دەبەستێتەوە، لەنێو ئەم هێزانەشدا هەندێک لە توێژەران بڕیاری لەسەر دەدەن، کە ئەو وشە زۆر و بونیادە زمانەوانییە ئاڵۆزە و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، زمان لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیدا جیای دەکەنەوە[١].

**ب . نزیککردنەوەی مێژوویی:**

ئەم نزیککردنەوەیە گرنگی بە مێژووی زمان دەدات، واتە گرنگی بەو دیاردە زمانەوانیانە دەدات، کە لە هۆشی زمانەوانی خودی قسەکەرەکاندا خەزن ناکرێت، ئەو دیاردانەش هەر یەکە و شوێنی ئەوی دی دەگرنەوە و بەبێ مەرجدانان، کە لە چوارچێوەی یەک سیستەمدا دەربچن[٢]، جا زمانەوانەکان حاڵەتی یەکەم بە ڕێبازی وەسفی یاخود ڕێبازی بونیادی ناوزەد دەکەن، کە

---

١- احمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ١٢٨ .

٢- محاضرات فردينان دي سوسير، محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة: يوسف غازي، المؤسسة الجزائرية للطباعة، ١٩٨٦، ص ٨٨ . وانظر: عبدالسلام المسدي، السانيات و أسسها المعرفية، ص ١٣٠.

دەستنیشانکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی سیستەمی ئێستایی بە ئامانج دەگرێت، حاڵەتەکەی دووەمیش بە ڕێبازی مێژوویی ناوزەد دەکەن[1]. کە تویژینەوەی لە توخمە بەدوایەکهاتنەکان لە ڕووی کاتەوە بە ئامانج دەگرن، زمانەوانی نویٚ تویژینەوەی وەسفی یان ئێستایی پێش ڕێبازی مێژوویی دەخەن، ئەویش لەڕووی ڕێوشوێنەکانی تویژینەوەوە، لەبەر ئەوەی وەسفکردنی سیستەمی زمانەوانی لە کاتی دووەمدا، پاشان وەسفکردنی سیستەمێکی زمانەوانی لە خودی زمانەکەدا لە کاتی سێیەمدا، ئەگەری ئەوە دەرەخسێنێت، کە تویژینەوەیەکی زمانەوانی مێژوویی ئەنجام بدرێت، ڕەچەڵەک و بنج و ئاراستەکانی گۆڕانکاری ڕوون بکاتەوە، بەڵام پێشخستنی یەکێکیان لەسەر ئەوی دی، مانای ئەوە نییە بەیەکجاری دووەمەکەیان فەرامۆش بکرێت، ئەمەش (سۆسێر) خۆی جەختی لەسەر دەکردەوە[2]، جا لەم بوارەدا (سۆسێر) بەهەمان شێوە جەخت دەکاتەوە لە سەردانواندنی زمان بۆ یاسای گۆڕانکاری و پێشڤەچوون بە گوزەرکردنی کات،

---

١- جورج مونان، تاريخ علم اللغة، ترجمة بدرالدين القاسم، مطبعة جامعة دمشق، ط١، ١٩٧٢ ، ص ٢١٧.

٢- دروس في اللسانيات االعامة، ص ١٤٧.

هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە سست و شێنەییە بەڕاددەیەک کە لەلایەن قسەکەرەکانەوە تێبینی ناکرێت، ئەم گۆڕانکارییەش گۆڕانکاری دیکەی لە سروشتی ئەو پەیوەندییە لێدەکەویتەوە، کە لەنێوان هێما و هێمابۆکراوەکاندا هەیە، ئەمەش دیسانەوە خەسڵەتی هەرەمەکیبوونی بەڵگە زمانەوانییەکان دەسەلمێنێت[1].

## بایەخی جیاکاریی نێوان توێژینەوەی مێژوویی و توێژینەوەی ئێستایی

جیاکردنەوەی ئەم دوو تەوەرەیە لەڕووی ڕێبازەوە، گرنگییەکی هەیە، بۆ نموونە لە بواری ڕێبازی ئێستایدا مەبەستمان لەو وێنە جودایانەیە، کە بەهۆیانەوە یەک یەکەیەکی زمانەوانی دروست دەکرێت، وەکو بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا پیتی (ظ) لە هەردوو وشەی (ظلام) و (نظیف)دا، ئەمەش وێکچوونێکە کە قسەکەرەکە نوێنەرایەتی دەکات، کەچی لەڕووی کاتەوە مەبەستمان لە وێکچوونی پەیوەندی یەکگرتنی شوناسە لەنێوان وشەکە یان دەنگەکە و وێنە دێرینەکەی، کە لە خودی خۆیدا پەیوەندییەکە توێژەر پێی دەگات، مەرجیش نییە لە مێشکی

1- De saussure: op. cit, p: 22 – 27.

قسەکەرەکەدا بوونی هەبێت، جا گەر ناوهێنانی بەشێکی ئەو دوانەییە حەواڵەی ئەوەمان بکات، کە ناوی بەشەکەی دووەم بهێنین، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی جێگرەوەیی لەنێوانیاندا هەیە و کۆیان دەکاتەو، ئەوا پەیوەندی نێوان مێژوویی و ئێستاییەکە دەبێتە جۆرێکی دیکە، کە دەتوانین بە پەیوەندی بەدوایەکهاتن(مێژوویی = ئێستایی) ناوزەدی بکەین، کە تیایدا (ئێستایبوون) پێش (مێژوویبوون) دەکەوێت[1]، جا گەر مێژوویبوون لە زنجیرەیەک خاڵ پێکبێت، ئەوا خاڵەکە تیایدا ئێستایی پێکدێنێت، لەم حاڵەتەدا ئێستایی دەبێتە ڕێبازێک، کە ڕەهەندەکانی مێژوویبوون لەخۆ دەگرێت، ئەویش بەگوێرەی گوزارشتەکەی (مەسەدی) بەو پێیەی لە ئاستەنگەکانی پێشڤەچوون دەدات و سیستەمی بەدوایەکهاتنەکە لەناو ئێستایی بوونەکەدا دەتوێنێتەوە،[2] لەم پرۆسەیەی دوایشدا پێویستە شیکردنەوەی زمانەوانی بە وردی جیاوازی لەنێوان دیاردەی ئێستایی یان چەسپاو (Static) و دیاردەی مێژوویی و بەدوایەکهاتن و جووڵەیی (Dinamic) بکات،

---

١- اهم المدارس اللسانية، ص ٢٠.

٢- عبدالسلام المسدي، اللسانيات و أسسها المعرفية، ص ١٣٠.

ئەویــش لەو کۆششــانەی خۆیــدا کە دەیانخــاتە گەڕ، بــۆ دۆزینەوەی سیستەمەکە و پرسی جووڵەکردنەکەی.

**٥. پەیوەندی ستوونی و پەیوەندی ئاسۆیی:**

زمـــان کـــۆمەڵە هێمـــایەکی یەک لە دوای یەکە، هەر هێمـایەکیش شـتێک دەخـاتە سـەر مانـا هەمەکیـیەکە، ئەم هێمایـانە بەهـۆی چەنـد پەیوەنـدیەکی ئەوتـۆوە بەیەکەوە بەســتراون، کە سیســتەمە زمــانەوانیەکەی هەر زمانێــک دەستنیشـانی دەکەن، کـاتێکیش لەڕووی بەدوای یەکهـاتنی هێڵیەوە دەڕوانرێتە پەیوەندییەکان، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەو جــۆرە پەیوەنــدییە دەڵــێن: پەیوەنــدییە هێڵییەکــان یــان ئاســــــۆییەکان (Syntagmatique)، وەکــــــو ئەو پەیوەنــدییانەی لەنێــوان ئــەم وشــانەی لــەم ڕســتەدا هــاتوون[١]: **(قوتــابییەکە تــوێژینەوەکەی تەواوکــرد)**، جــا کاتێــک دەڕوانیــنە ئەو هێمــایەی هەیە، بەو حیســابەی پرۆسەیەکە بۆ بەرانبەرکردنەوەی هێماکانی دی لە زماندا، ئەوا ئیــدی پەیوەنــدییەکانی نێوانیــان بە (بانگەشــەیی) (Associative) یــان ســتوونی (Paradigmaique)

---

١- علم اللغة ـ نشأته و تطوره، ص ١٠٢.

هەژمار دەکرێت، لە ڕستەکەی پێشووشدا دەکرێ وشەکان بەم شێوازە ئاڵوگۆڕ بکەین:

بەدەستی هێنا/ خواردی / بەئاگابوو/ دەستی پێکرد....هتد.

قوتابیەکە / کچەکە / پیاوەکە / سەگەکە......هتد.

توێژینەوە / کار / یاریی / خەوتن......هتد.

ئەم وشانە بۆیان هەیە هەمان پێگە بگرنەوە لە هزر و ئەقڵی قسەکەرەکەدا، بۆ ئەوەی هەر کاتێک بیەوێت، بە ویستی خۆی لێیان هەڵبژێریت، لەم حاڵەتەدا هێمای زمانەوانی شوێنی خۆی لەناو سیستەمی زماندا پێگەی خۆی دەگرێت، هەموو سیستەمێکیش ڕۆڵی ئاشکرا و ڕوون بۆ توخمەکانی خۆی دەستنیشان دەکات، دی سۆسێر شەترەنج بە نموونە دەهێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتە، ئەگەر دامەی وەزیرەک، کە ماددەی (عاج) یان (دار) یان (بەرد) دروستکرابێت، ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا یاسا هەن جووڵەی دامەی وەزیرەکە یاخود هەر دامەیەکی دیکەی شەترەنجەکە بێت، دیاری دەکەن[1]، خەسڵەتی ئاسۆیی بونیادی زمانەوانی ئەو

---

١- فوزي الشايب، محاضرات في اللسانيات، وزارة الثقافة، عمان، ط١، ١٩٩٩، ص ١٢٥.

وێنایەمــان لا دروســت دەکــات، کە بەڵــگەی زمــانەوانی مۆرکێکی هێڵکاری هەیە، ئەویش لەڕووی نەبوونی توانای ئاخــاوتن بە دوو بەڵــگەی جــودا لە یەک کاتــدا[1]، (دی سۆسێر) لە بواری جیاکردنەوەی هەردوو پەیوەندییەکەدا لەو بـاوەڕەدایە، کە (پەیوەنـدی پێکهاتـەیی) پەیوەنـدییەکی ئامـــادەییە بە پـــێچەوانەی پەیوەنـــدی ســـتوونی، کە پەیوەنـدییەکی نادیـار و شـاراوەییە و یەکە زمانەوانییەکـان لە مێشکدا یەک دەخات، نەک لە ئاخاوتندا[2].

### أ. چەمکی توانا

هەمـوو مرۆڤێـک ئـەم جـۆرە توانـایەی هەیە، کە دەکـرێ نـاوی (توانـای سروشـتی قسـەکردنی) لێبنێـین، کە لەسـەر پـارچەکراوی ئەنـدامگەلێک دەوەسـتێت، دەشـتوانین لە کـارەکەی خـۆیەوە دەسـمان بکەوێـت، کە بەکارهێنـانی ڕاسـتەوخۆ بـۆی قەدەغـەکراوە و ناکرێـت، مەگەر تەنهـا فاکتەرێکی دیکەی لە دەرەوە بۆ دروست ببێت، کە ئـەویش زمـانە، ئەم توانـایە لە ڕوویەکـی دیـکەوە بەس نیـیە بـۆ

---

١- فـوزي الشـايب، محاضـرات فـي اللسـانيات، وزارة الثقافـة، عمـان، ط١، ١٩٩٩، ص ١١٥ ـ ١١٦.

٢- فـوزي الشـايب، محاضـرات فـي اللسـانيات، وزارة الثقافـة، عمـان، ط١، ١٩٩٩، ص ١٢٣ .

بوونی زمان، چونکە ناتوانین لەسەر ئاستی تاک، گومانی دروستبوونی بکەین، لە هەندێک شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی ناو دەستنووسەکانی (سۆسێر)یشدا هاتووە، کە سروشت توانای ئاخاوتنی پارچەی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ مرۆڤێکە بەبێ ئاخاوتنی پارچەکراو، چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئەو تاکەکەسەی بۆ قسەکردنی پارچەکراو ئامادەبووە، ناتوانێت دەزگای ئاخاوتنی خۆی بەبێ دەوروبەری کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت.

**ب . پلەکانی دیاردەی زمانەوانی:**

دیاردەی زمانەوانی و زمانەوانییەکان بەگشتی لە دووتویێ پەیژەیەکی مەعریفی ڕێکخراون، کە (سۆسێر) پەسەندی کردووە و گوزارشت لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانیان دەکات، کە بەشێوەیەکی هەرەمی دروست دەبن، دەکرێ بەمشێوەیەی خوارەوە پێکی بهێنین:.

**دەزگا کۆمەڵایەتییەکان . کۆمەڵناسی**

**هێماناسی**

**زمانەوانی گشتی**

**زمانەوانی وەسفی**

## زمانەوانییە واژەیی (ئاخاوتن)

لەنێوان هەردوو پلەوپایەی یەک لەدوای یەکدا پەیوەندییەکی وا هەیە، کە دوو ئاراستە لەخۆ دەگرێت، بەهۆیەوە پاشگرەکە لە پێشگرەکەوە یاساکانی خۆی دەستدەکەوێت، هەروەها دروستبوونی پێشگرەکە لەسەر پاشگرەکە دەوەستێت، ئەم پۆلێنکردنەش زمان بە سیستەمێکی ئەوتۆ هەژمار دەکات، کە سەربەخۆیە و لەسەر پایەکانی خۆی وەستاوە، چونکە تەنها سەر بۆ سیستەمەکەی خۆی دادەنەوێنێت، ئەمەش وا دەکات زمان لەو جۆرە توێژینەوە و لێکدانەوانە ڕزگاری ببێت، کە پەیوەندیان بە بابەتی زمانەوانییەوە نییە و دەبووە هۆکارێک بۆ ئەوەی نەگەنە کرۆکی بابەتە سەرەکییەکە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە زمان بەوە هەژمار بکرێت کە فۆرمە و ماددە نییە، چونکە زمان بە تەنیا لەسەر ئاستی دەنگەکان بەڕێوە ناچێت و دروست نابێت، بگرە بە تەنیاش لەسەر ئاستی ماناکانیشدا بەشێوەیەکی جودا دروست نابێت، بەڵکو لەسەر ئاستی پێکەوەیی و پێکهاتنی دروست دەبێت، لەوەش دەچێ ئەم بیرۆکە بێت، کە لایەنە ڕواڵەتییەکەی لێوە دەرچووبێ، کە لە دواییدا بووە مۆرکێکی توێژینەوە بونیادگەرییەکان، بەگشتی زیادەڕۆیی

بووە هۆیەک بۆ سەرهەڵدانی کێشەیەک لە توێژینەوەکانی زمانەوانی نوێ.

**ج . زمانەوانیی ناوخۆیی و دەرەکیی**

هەروەها (سۆسێر) جودایی خستە نێوان دوو بازنەی جودای توێژینەوە زمانەوانییەکان، کە ئەمانەن: زمانەوانییە ناوخۆییەکان و زمانەوانییە دەرەکییەکان، جا گەر ئەوەی یەکەمیان لە ڕووی ئەوەی سیستەمێکی سەربەخۆیە و لۆجیکی سیستەمە ناوخۆییەکەی پێوە بەندە و گرنگی بە توێژینەوەی زمان دەدات، ئەوا دووەمەکەیان گرنگی بە سازدانی توێژینەوە لە پەیوەندییەکانی زمان بە ڕەگەزی مرۆڤ و کاریگەری مێژووی سیاسی لە زمان و پەیوەندی ڕۆشنبیری و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بە زمان دەکۆڵێتەوە، جگە لەوەش بەدواداچوون دەکات بۆ بەکارهێنانی شێوەزارەکان و جوگرافیای زمانەکان[١].

---

١- ئەمەو وانەکانی (سۆسێر) دوانەیی دیکەیان لەخۆگرتبوو، وەکو هێماناسی و زمان و ڕەمز و ئاماژە و فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی و زمانەوانیی ئاخاوتن و زمانەوانی زمان و زمانەوانی پێشڤەچوویی و ئاخاوتن و نووسین، کە لەگەڵ بابەتەکانی پێشوودا باسکران.

### د . بەهای جیاوازیی

لە ئەنجامی سوودوەرگرتنی (سۆسێر) لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەیەکی فراوان چەمکی بەها (Valeure) خرایە چوارچێوەی تۆیژینەوە زمانەوانییەکانەوە، ئەو پێی وابوو بەهای وشە چەسپاو نییە، مادام دەکرێ لەگەڵ وێنایەکی دیاریکراودا ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت، واتە بە واتا و ئاماژەیەکی دیکە بگۆڕدرێت، کە لە دەرەوەی خۆیدا بێت، هەروەها ناوەڕۆکی وشە بە تەواوەتی ناگۆڕدرێت، مەگەر بە بوونی (بوونۆچکە - کینونە)ی دی دەرەوەی خۆی نەبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی بەشێکە لە سیستەمەکە، کەواتە تەنها خاوەن مانا نییە، بەڵکو بەهایەکی تایبەتیشی هەیە[1]، جا (سۆسێر) لەم وێنایە چەمکی بەهای جیاوازیی بۆ توخمی زمانەوانی دارشت، چونکە سیستەم پشت بە کۆمەڵە بەهایەکی جودایی دەبەستێت، کە یەکە زمانەوانییەکە لە وانی دی جودا دەکاتەوە، ئەم بەهایانەش کۆمەڵە ئادگارێک پێکدەهێنن، کە لەناویاندا هەموو توخمەکانی سیستەمەکە جودا دەبن و بەهەمان شێوەش بەرانبەر یەکدی دەبنەوە، (سۆسێر) دەڵێت: لە زماندا تەنها جیاوازیی بەدی دەکرێن،

---

1- Op. cit. p: 115.

بگـره دەتـوانین لەوەش دوورتـر بـڕۆین و بڵێـین بـوونی جیاوازیی بەشێوەیەک لە شێوەکان بەگشتی وا دەخوازێت، کە کـۆمەڵە تـوخمێکی ئەرێنـی لە زمانـدا هەبـن، کە تەنهـا جیاوازییـان تیـادا بەدی دەکرێـت، بەبـێ ئەوەی تـوخمی ئەرێنی لەخۆ بگرن، کەواتە لە هەردوو حاڵەتدا گەر هێمـا و هێمـابۆکراو هەبن، ئەوا تـۆ لە زمانـدا هـیچ بیروبۆچـوون و هـیچ دەنگێـک بەدی ناکەیـت، کە پـێش سیسـتەم بوونیـان هەبێت، بەڵکو تیایدا جیاوازیی وێنایی و جیـاوازیی دەنگیـان تیـــادا بەدی دەکرێـــت، کە لە خـــودی سیســـتەمەکەوە هەڵقـوڵاون[١]، جـا ئەوەی دەتـوانین وەکـو دەرەنجـام پێـی بگەین ئەوەیە، کە زمان سیستەمێک بێت، توخمەکانی ناوی یەکدی دەستنیشـان بکەن و پەیوەندییەکانیشـیان کـۆنتڕۆڵ بکـرێن، ئەمە حـاڵەتێکە تەنهـا لەنـاو خـودی سیسـتەمە زمـانەوانییەکەدا بەدی دەکرێت، بەهەمـان شـێوەش زمـان لیستێک نییە لە وشە یەک بە دوای یەکەکان کە ژمارەیـەک مانـا لـە بەرانبـەریان دانـرا بێت، قوتابخـانەی (جنێـف) یـان (زیورخ)ی زمانەوانی چالاکی تـوێژەری دیکەی بەخـۆیەوە بینی، وەکو (ڕیچارد لۆکسنجەر)، کە گرنگی بە تـوێژینەوە فۆنۆلۆجیەکـان و نەخۆشـییەکان دەنگـی زمـانەوانی دەدا،

١- دروس في اللسانيات االعامة، ص ١٨٣.

جگە لەو ئەم توێژەرانەش هەبوون، وەکو (فنک) و (داڤێد) و (هارۆڵد) و ( ئاڤا ماریا کریش)، کە بەشێوەیکی تایبەتی گرنگی بە دەنگییەکاندا، ئەویش لەو پەرتوکەیدا کە ناوی نا (دەنگسازی)، کە ساڵی (١٩٦٨)دا بڵاوبووەوە[١].

١- وفاء البيه، اطلس اصوات اللغة العربية، ١٩٩٤، ص ٦٩.

# ڕێبازی ئەرکی لە زمانەوانیدا

**سەرەتای دروستبوونی:**

کـۆمەڵە توێژەرێـک لە چـواردەوری ڤـیلام ماتسـیوس Mathesius( ١٨٨٢ــ ١٩٤٥) کۆبـوونەوە[١]، کە لە ڕووی

١- گرنگتـرین ئەو بۆچـوونە زمانەوانیـانەی ئەم زانـایە لە بـواری ڕوانـگەی ئەرکیـیەوە بەدی هێنـا، ئەو جیاکـارییە بـوو، کە لەنێـوان چـەمکی بـابەت (Theme) و هەواڵ (Rheum) لەنـاو ڕسـتەدا ئەنجامیـدا، چـونکە بـابەت ئەو قسـەیەیە، کە لە ڕسـتەدا دەوترێـت سـەبارەت بە گـوێگر ناسـراو و زانـراو دەبێـت، کەچـی (هەواڵ - گوزارە) زانیاری نوێ لەخۆ دەگرێت، کە پێشـوەخت نـاوی نەبـراوە، بەمشێوەیە بابەت لەو نـاوە پێکدێت، کە ڕستەکە هەواڵ لەبارەیەوە دەدات، کەچی هەواڵەکە هەمـوو ئەو شـتانەیە، کە دەربـارەی نـاوەکە دەوترێـت، ئەم دیـاریکردنەش پـێگەی دەسـتپێک لە سـەرەتاوە بە بابەتەکە دەبەخشێت، بۆ نموونە ڕستەی Ali Frappe Jean لە ڕووی ئەرکەوە بـۆ (Ali - بـابەتەکە) و (Frappe - هەواڵەکە) شیدەکرێتەوە، ئەمەش وا دەگەیەنێت هەردوو ئەرکی دوو گۆشـەکە لە حاڵەتێکدا گەر لە (بکـەردیار)ەوە بـۆ (بکـەرنادیار) حەواڵە بێـت،

هــزرەوە کۆکبــوون و لە ســاڵی (١٩٢٦)ەوە ئەم کــۆمەڵە تـویژەرە بەشـیوەیەکی ڕێکوپێـک دەسـتیانکرد بە گرێـدانی چەند کۆبوونەوەیەکی زمانەوانی، پاشان بە گروپی بازنەی (پــراگ) ناویــان دەرکــرد، و کۆبوونەوەکانیــان تــاکو هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی درێژەی کێشـا، بەڵام پاش هەڵگیرسانی جەنگ، بڵاوەیان کرد[1]. ئەم قوتابخـانەیە

---

ئەوا ئەوانیش دەگـۆڕدرێن، لەم حـاڵەتەدا ( Jean est frappe par Ali) بــۆ (Jean est frappe) شــی دەبێــتەوە، و (Ali)هەواڵەکەیـە، ئەم جیاکـارییەش گرنگییەکـی بێ وێنەی لەسـەر ئاستی ڕێزماندا هەیە، چونکە بەهـۆیەوە دەکرێ ئاماژەیی ڕسـتەکە دابڕێژرێت، هەرچەنـدە ئەم جیاکـارییە لە ڕوونکـردنەوەی ڕوانـگەی ڕسـتەکە لە ڕووی ئەرکییەوە بەشـداری دەکـات، کە پرۆسـەیەکە لە شــیکردنەوەی ڕســتەی نــاو زمــانە ئەوروپییەکانــدا وەکــو زمــانی ئینگلیــزی و چیکی.....هتــد بەهەنــد وەردەگیرێــت بە ئیعتیبــاری نــاوەرۆکی ڕســـتەکە هەواڵئـــامێزە، بـــەڵام ڕوانـــگەی ئەرکـــی تویژینەوەیەکە بۆ چۆنێتی پێشکەشکردنی زانیارییەکانی نـاو ڕسـتە لە کـاتی پەیوەندیکردنـدا، بڕوانە: أحمـد مؤمن، اللسـانیات، النشـأة و التطور، ص ١٤٠.

١- جیفـري سامسـون، المـدارس اللغویـة، التطـور و الصـراع، ترجمـة أحمـد نعـیم الكـراعین، ط١، المؤسسـة الجامعیـة للدراسـات و النشـر، لبنان، ١٩٩٣، ص ١٠٦. هەروەها بڕوانە:

لەسەر ئەو بنج و بنەمایانە دامەزرا، کە (سۆسێر) پایەکانی داکوتا، هەروەها لە وێناکردنەکەی (بودوان دی کورتنیَ) بۆ فۆنیم تیۆرێکی تەواوی دارِشت، بۆ شیکردنەوەی فۆنۆلۆجی، ئەمەش ئەو کارەبوو دوو زانا لە مەزنترین زانایانی ئەم بوارە بوون پێی هەستان، کە هەردوو زانا (نیکۆلای ترۆپتسکۆی) و (رِۆمان جاکۆبسن) بوون، ئەو شتەی سەرکەوتنی بۆیان دابینکرد، ئەو نەریتە چەسپاوانەی هزری زمانەوانی بوو، کە لەلای ئەندامانی بازنەی (پراگ) هەبوو، چالاکییە بەسوودەکانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە تەنها (١٠) ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هزری ئەم قوتابخانەیە لە زانکۆی (هارڤارد)ی ئەمەریکی گەشەی زیاتری سەند و بە هۆکاری بارودۆخ بووە نیشتمانی (جاکۆبسن)، کە تیایدا نیشتەجێ بوو، جا قوتابخانەی (پراگ) دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناوەندەکانی زمانەوانی جیهانیدا هەبوو، جگە لەوەش لەلای ژمارەیەکی زۆری تیۆرناسان و رِۆشنبیرانی هاوچەرخ بە هەمان ئاست رِەنگدانەوەی هەبوو، لەوانە

---

Bertilmalberg, les nouvelles tendencies de la linguistique, p: 70.

دامەزرێنەری زمانەوانی فەرمی فەرەنسی (ئەندرێ مارتینیە)[1].

### گەشەکردن

ژمارەیەک زمانەوان لە (جیکۆسلۆڤاکیا) بازنەیەکی تایبەت بە توێژینەوەیان دروستکرد، کە ژمارەیەکی زۆر توێژەری لە چەند وڵاتێکەوە گرتەخۆ، لەوانە: ڕووسیا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و فەرەنسا، ئەم زانایانە چەند بنەمایەکی گرنگیان دارشت و پێشکەشی یەکەم کۆنگرەی زمانەوانیان کرد، کە لە ساڵی (١٩٢٨) لە (لاهای) لەژێر ناونیشانی ((دەقە سەرەکییەکانی بازنەی (پراگ)ی زمانەوانیدا بەسترا، لە ساڵەی دواییشدا بەشی یەکەمی توێژینەوەیەکی جوانکارییان بە ناونیشانی (کارەکان) پێشکەشکرد، لە ساڵی (١٩٣٠)یشدا یەکەم توێژینەوەی ڕێبازی لە مێژووی دەنگە زمانەوانییەکان دەرکەوت، کە (جاکۆبسن) ئامادەی کردبوو، پاشانیش بزاوتی دەنگی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهۆی چەند کۆنگرەیەکەوە گوڕی تێکەوت و جەختکرایەوە سەری،

---

١- روبير توسان، ما هي السيميولوجيا، ترجمة: محمد نظيف، أفريقيا الشرق، ط٢، ١٩٩٤، ص ٤٠.

بەتایبەت لە هەشت بەشی پڕۆژەکانی بازنەی (پراگ) تا ساڵی (١٩٣٨) نمایان بوو[1]، لەم ساڵەشدا بوو لەبەر چەند هۆیەکی نەزانراو، بازنەکە هەڵوەشایەوە، هەرچی بنەما و چەمکیشی هەیە، هەموو لە وڵاتی فەرەنسا لەسەر دەستی (ئەندرێ مارتینیە) و (ئیمیل بنڤنیست)[2] ڕوونبووەوە. جا ئاراستەی هزری بازنەکە لەسەر دەستی (ولیان لابۆف)ی ئەمەریکی پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینی و بووە تیۆرێکی ئاڵۆز، ئەم زانایە لەسەر هەمان بیروڕای ئەندامانی بازنەکە بوو سەبارەت بە ڕوانین بۆ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بەهەند وەرگرتنی ئەم ڕەهەندە، پاشان گەیشتنە ئەوەی ئەو لەمپەرە یەکلاکەرەوەیە بشکێنێت کە (سۆسێر) لەنێوان ڕێبازی وەسفی و مێژوویی دایکوتیبوو.

---

١- صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مكتبة الأنجلو مصرية، القاهرة، ط٢، ١٩٨٠، ص ١١٨.

٢- اميل بنفيست(١٩٠٢ـ ١٩٧٥)، زمانەوانێکی بەراوکاری فەرەنسییە، چەند گفتوگۆیەکی دەربارەی بۆچوونەکانی سۆسێر لەڕووی زمانەوانییەوە هەبوو، بەتایبەت لەبارەی هەرەمەکیبوونەوە، لە بەرهەمەکانیشی: مەسەلەکانی زمانەوانی گشتی.

**بنەماکان**

قوتابخانەی (پراگ) گرنگی بە ئاراستەی ئەرکیدا، کە ئاراستەیەکە گرنگی بە چۆنێتی بەکارهێنانی زمان دەدات، بەو ئیعتیبارەی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گەیاندن، تاکەکان بۆ پەیوەندیکردن بەیەکدییەوە بەکاری دەهێنن، ئەویش بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو، هەروەها ئەم قوتابخانەیە گرنگی بە چەند گۆڤارێکی دیاریکراودا لە بواری توێژینەوەی (دەنگە ئەرکییە ئێستاییەکان) و (دەنگە مێژووییەکان) و (شێوازیی زمانەوانی ئەرکی) و (زانستی نەخۆشییەکانی ئاخاوتن)، گرنگترین بنەماکانی ئەم قوتابخانەیەش ئەمانەن:

**یەکەم: بنەمای جوانکاری:**

(جان مۆکارۆفسکی) فەیلەسوف گرنگترین ئەو کەسایەتیانە بوو، کە بنەماکانی جوانکاری بۆ ئەم قوتابخانەیە دارِشت، کە بەم شێوەیە کورت دەکرێنەوە:

١ــ هونەر و سروشتی هێماناسییەکەی: ئەم بنەمایە لەسەر ئەو پایەیە دەوەستێت، کە جوانکاری بونیادگەریی لە بواری ڕەوتی هێماناسی جێی دەبێتەوە و بابەتەکە تەنها لە بواری ئەدەبدا حەشار نادرێت، بەڵکو پەل بۆ شیکردنەوە کۆمەلایەتی و دەروونییەکان دەکێشێت و

فراوانبــووه و گشــتێنراوه، بەڕاددەیەک کــە بکــرێ بە کەسایەتی هونەرمەند و بـە بوارەکـانی ژینگەی نـاوخۆیی کــاری هــونەرییەوه بلکێنــدرێت، بەبــێ فەرامۆشــکردنی پەیوەنــدییەکانی هــونەر بە کــۆمەڵگەوه، ئەوەبــوو (جــان مۆکارۆفسـکی) بانگەشـەی بـۆ ئەوه دەکـرد، کە زۆر گـرنگە گیروگرفتەکانی ڕەمز و هێما و واتاکانیان لێبکۆڵرێنەوه، بۆ نمــوونه پێویســته جوانناســی وەکــو زانســتێک کاروبــاره هونەرییەکــان وەکــو پرۆســەیەکی ســەنتەر و بونیــاد و بەهاکان تەماشا بکات و باسیان لێوه بکات.

٢ـ ڕۆڵــی بــکەر لە هــزری ئەرکیـدا: مۆکارۆفسـکی لەو بــاوەڕەدایە ئەو بــکەرەی لە هەمــوو کاروبــاره ئەدەبــی و هونەرییەکانــــدا دەردەکەوێــــت، لە کەســــێکی واقعیــــدا بەرجەســته نابێـت، بگـره لە کەسـایەتی نووسـەرەکەشـدا بەرجەسـته نابێت، لەبەر ئەوه بونیـادگەریی جوانکـاری لە وەهمــی بــکەری ســەربەخۆ ڕزگــاری بــووه و تەنهــا لە چوارچێوەی ئەو ئەرکـانەی کە پێیـان هەڵدەسـتێت قـۆرخی کردووه، هەروەک چۆن خودی بونیادە هونەرییەکە ڕوونی دەکاتەوه.

٣ـ تایبەتمەنـدییەکانی ئەرکـی جوانکـاری و پەیوەنـدی بە ئەرکەکـانی دیکەوه، کـە بەهۆیـەوه فەیلەسـوفەکانی بـازنەی

(پراگ) پاشکۆبوونی هونەر بۆ پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی ڕەت دەکەنەوە، هەرچەندە دان بەو هێزە دەرەکیانە دەنێن، کە کاریگەری لەسەر بونیادە هونەرییەکان دروست دەکەن، چونکە ئەم کاریگەرییە لەژێر فاکتەرەکانی جوانکاری ئەوتۆدایە، کە لە هونەرەکەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش بێگومان دەرفەت بەوە نادات پەیوەندییەکی هۆکارانە لەنێوان هونەر و کۆمەڵگەدا هەبێت، سیستەمی کۆمەڵایەتی مەرج نییە فۆرمێک یاخود شێوەیەکی تایبەت بۆ داهێنانی هونەریی دروست بکات، لەبەر ئەوە پێویستە دوو جار لە واقیعەکە بەهەند وەرگرین، یەکەمیان: واقیعی ڕەمز یان واقیعی هێما، دووەمیشیان: ئەو واقیعەی ئەم ڕەمزە ئاماژەی بۆ دەکات، جا یەکگرتنی ئەم دوانە هونەر پێکدەهێنێت، لەبەر ئەوە ئەوان مکوڕبوون لەسەر سەربەخۆیی ڕەمز و تواناکانی لەسەر بەردەوامبوونی وابەستەگییەکان، ئەویش لە سنووری بوارە کۆمەڵایەتییەکە و هەلومەرج و پێداویستییە ئابووری و سیاسی و فەلسەفییەکانی بونیادێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، هەرچەندە ئەم بازنەیە لە بواری زمانەوانیدا بە تویژینەوەی وردی دەنگییەکان ناوی دەرکردبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بە زمانی شیعر

و ئەدەب دەدا بەشـێوەیەکی گشـتی و پەلیشـی بـۆ بـوارە کۆمەڵایەتی و فەلسـەفی و دەروونییەکان کێشـا، گرنگترین ئەرکە دەستکەوتەکانیشی ئەمانە بوون:

أ- بانگەشەکردن بۆ پێشخستنی بیرۆکەی فرەیی ئەرکی یەکەکانی بونیادگەریی.

ب - پشتبەستن بە هەندێک توخمی ماتماتیکی لە بواری شـیکردنەوەکانیـدا و پشتنەبەسـتن تەنهـا بەو شـتانەی ڕاسـتەوخۆ لە واقیعـدا تێبینـی دەکرێـت، بەڵکـو جەختـی کردۆتەوە لەسەر پەیوەندییە تیۆرییە ڕووت و ڕەهاکان و ئەو شـتانەش دەکـرێ پەیوەنـدییە گریمانەییەکـان بە دەرەنجامی بگرن.[١]

**دووەم: بنەما زمانییەکان:**

گرنگترین بنەما زمانییەکان ئەمانەن:

١ـ ئەم قوتابخـانەیە پرۆسـەی پێشـڤەچوونی زمـانەوانی بەشێوەیەک وێنا دەکات، کە شکاندنی تەرازووی سیستەمە چەسـپاوەکەیە، کە جـارێکی دی دووبـارەی دەکـاتەوە، بـۆ نمـوونە (جاکۆبسـن) پێـی وایە قـۆرخکردنی جیاکـارییە

١ـ صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مكتبة الأنجلو مصرية، القاهرة، ط٢، ١٩٨٠، ص ١٢٤ ـ ١٢٨.

دەنگییەکـان بـۆ ئەوە پەلمـان دەکێشـن، تـا بگەیـنە توانـای گوزارشــتکاری ئاخــاوتنە ســۆزدارییەکە، هەروەهــا وزەی گوزارشـــتکاری دەنگەکـــان ڕۆڵێکـــی گرنـــگ دەگێـــڕن لە پراکتیزەکردنی هەمواركارییی گرنگ لە بواری وشـەکان و سیستەمی دەوروبەر و مۆزیکییەکان.

٢ـ ئەم قوتابخـانەیە پێـی وایە بونیـادگەریی زمـانەوانی هەمەکی گشتگیرە، کە چەند ئاستێکی دەستنیشانکراو ڕێکی دەخەن.

٣ـ ئەم قوتابخـانەیە پێـی وایە تـوخمە زمانەوانییەکـان و پەیوەنـــدییەکانی نێوانیـــان بەیەکەوە بەســـتراونەتەوە و پێکەوە هەڵدەکەن و ناتوانرێت جودا بکرێنەوە.

٤ــ ئەم قوتابخـــانەیە لەو بـــاوەڕەدایە، کە زمـــانەوانی بونیادگــەریی واقـیعەکە وا وێنـا دەکەن، کە سیســتەمێکی هێماناسی ڕەمزییە و لەنێوان دوو ڕێوشوێنی جودا لەمپەر دادەنـــێن، یەکەمیـــان: وەرگرتنـــی تـــوخمە واقعیـــیە دەستنیشـانکراو و مێشـکییە ڕووت و ڕەهاکـانە، هەروەهـا ئەگەری گوزارشـــتکردنە لێیـــان لەلایەن قســـەکەرەکەوە، ئەویـــش بەهـــۆی بەکارهێنـــانی وشـــەکانی ئەو زمـــانەی بەکاریـــدەهێنێت، دووەمیشـــیان: دانـــانی ئەو پەیوەنـــدییە هەڵبژاردەیەیە، کە هەمەکی ئەندامی (ڕستەکە) پێکدەهێنێت

و دەکرێ وشەکە شوێنی ڕستەکە بگرێتەوە بۆ گوزارشتکردن لە هەمان مەبەست و هەمان ئامانج.

٥ـ قوتابخانەکە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە زۆر پێویستە لە مەشخەڵە بونیادگەرییەکان بۆ ئەوەی لە وشە فەرهەنگییەکان بکۆڵرێتەوە و تووێژینەوە دەربارەیان بکرێت، هەروەها لەو باوەڕەدایە فەرهەنگەکان تەنها کۆمەڵە وشەیەکی گۆشەگیر نین، بەڵکو سیستەمێکە لەناویدا وشەکان ڕێک دەبن و بەهەمان شێوەش بەرهەڵستی یەکدی دەکەن[١].

## ڕێباز

هەرچەندە جیاوازیی ڕێباز لەنێوان هەردوو ڕێبازی مێژوویی و وەسفیدا هەیە، کەچی هەردووکیان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی پێویستە زمان لەو ڕوانگەیەوە لێی بکۆڵرێتەوە، کە سیستەمێکە زمانەکان پێوەی دەجووڵێن، ئەویش بەشێوەیەکی دیاریکراو، تاکو بەهۆیەوە پەیوەندی دروست ببێت، بەڵام ئەندامانی قوتابخانەی (پراگ) وای دەبینن، کە ڕێبازی مێژوویی هیچ سوودێکی

١- صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مكتبة الأنجلو مصرية، القاهرة، ط٢، ١٩٨٠، ص ١١٣.

لەم بـوارەدا نیـیە، چـونکە تەنهـا قۆناغەکـانی پێشـڤەچوونی زمـان دەخـاتەڕوو و لەڕووی مێژوویشـەوە گۆڕانکـاری لە توخمەکانیــدا دەکــات و بــۆ تێگەیشــتنی سیســتەمەکەی دەستمان ناگرێت و یارمەتیمان نادات، لەبەر ئەوە زمان بە سیســتەمێک هەژمــار دەکەن، کە نەتوانرێــت توخمەکــانی لەیەک جودا بکرێتەوە، ئەویش لەسەر بنەمای تـوێژینەوەی زمــان لە خــودی خۆیــدا و لە پێنــاو خۆیــدا، لەبەر ئەوە ڕێبازەکەیـان لە دیـاریکردنی زمـانەوە دەسـت پێدەکات بەو ئیعتیبــارەی کە سیســتەمێکی ئەرکیــیە و جیــاکردنەوەی تێڕوانینی نێوان فۆرمی و ئەرکی بە ئامـانج دەگرێت، بۆیە دەبێ بە تـوخمی ڕاگەیانـدن بارگـاوی بێت[١]، لەم پێگەیەدا دەڵێین زمـان لەلای ئەرکییـەکان سیسـتەمێکە لە ئەرکەکـان پێکـدێت، کەچـی زمـان لەلای فۆرمییـەکان سیسـتەمێکە لە بونیاد پێکدێت، جا گەر شـیکردنەوەی وەسـفی واقیعەکەی ئێســـتا لەڕووی زمـــانەوانییەوە، کە ڕوونـنـــامەی تەواو دەربـارەی خـودی زمـانەکە پێشـکەش بکـات، بە باشـترین ڕێگـا هەژمـار دەکرێـت بـۆ زانینـی جەوهەر و خەسـڵەت و جیاکارییەکانی، هەروەهـا پێویسـتە وێنـاکردنی زمـان وەکـو سیستەمێکی ئەرکی بەهەند وەربگیرێت لەکاتی توێژینەوەی

١- عبدالقادر المهیری، اهم المدارس اللسانیة، ص ٣٩.

حاڵەتە ڕابوردووەکانی زمان، لەبەر ئەوە تویژینەوەی زمانەوانی لەڕووی مێژووییەوە ناکرێ هەردوو بیرۆکەی سیستەم و ئەرک پشتگوێ بخات، هەروەها وەسفکردن ناکرێ هەردوو ڕێبازە مێژوویی و وەسفییەکە جودا بکرێنەوە. پرۆگرامی قوتابخانەی (پراگ) بە بەشدارییەکی نوێ هەژمار دەکرێت، کە پەیوەندی بە ئامانجە تیۆرییە باوەکانەوە هەیە، ئەم قوتابخانەیە سەرنجی زمانەوانەکانی بۆ چەند بوارێکی تویژینەوەی زمانەوانی ئەوتۆ ڕاکێشا، کە تەنها لە هەردوو دەیەی شەشەم و حەوتەمی سەدەی بیستەمدا بەدەرکەوتن، کە لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبن:

١ــ جەختکردنەوە لەسەر تویژینەوەی ئەرکی ڕاستەقینەی زمان، کە لەم شتانە پێکدێت: (پەیوەندی ـ چۆنێتیەکەی بۆ کێ دەگونجێت، ئاراستەی چ کەسێک دەکرێت)، چونکە زمان ـ بە پلەیەک ـ سیستەمێکی پەیوەندیکردن و گوزارشتکردنە لەپێناو بالابوون و تێگەیشتنی هاوبەش.

٢ـ زمان ڕاستەقینەیەکی واقعییە، کە خاوەن واقعێکی ماددی بەرجەستەیە و پەیوەندی بە فاکتەرە دەرەکییەکانەوە هەیە، کە هەندێکیان پەیوەندیان بە گوێگرەوە هەیە و ئەوی دیکەیان پەیوەندیان بەو بابەتەوە

هەیە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە لەسەر ئاستی تیۆری و زانستیی جیاکاری بکرێت لەنێوان زمانی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی و زمانی نووسینە ئەدەبییەکان[1] و ئەو زمانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەکاردێت، لەگەڵ ئەو زمانەی لە بازاڕدا بەکاردەهێنرێت...هتد.

٣ـ پێویستە تویژینەوەی زمان باس لەو پەیوەندییە بکات، کە لەنێوان بونیادی زمان و هزر و سۆزدا هەیە، کە پرۆسەگەلێکن بونیاد دەیانگەیەنێت، چونکە زمان پەیوەندی بە زۆربەی زۆری دیاردەکانی ئەقڵ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە.

٤ـ زمانی نووسراو و زمانی ئاخاوتن هەردووک وەکو یەک نین، بەڵکو هەریەک لەو دوو زمانە خەسڵەت و جیاکاریی خۆیان هەیە لەبەر ئەوە ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوانیاندا هەیە، پێویستی بە تویژینەوەیەکی زانستی قووڵ هەیە.

٥ـ پێویستە تویژینەوەی فۆنۆلۆجی بە ئاراستەی تویژینەوەکردن دەربارەی بەرانبەرکردنی فۆنیمیەکان

---

١- ر. هـ. روبنز، موجز تاريخ علم اللغة في الغرب، ترجمة: أحمد عوض، عالم المعرفة، الكويت ١٩٩٧ ، ص ٣٢٩.

بــڕوات، ناشــبێت دیــاردەی مۆرفۆلــۆجی لە دیــاردەی فۆنۆلۆجی جیابکرێتەوە.

٦- پێویستە پێش هەموو شتێک گرنگی بە تویژینەوەی وەســفی بــدرێت، چــونکە کــاریگەری بەســەر واقــیعە زمــانەوانییە کــردەییەکەدا هەیە، بەبــێ دوورخســتنەوەی توێژینەوەی مێژوویی، چونکە سیستەمی زمانەوانی تەواو پێویستە مێژوویی بێت، ئەویش بێگومان لەژێر تیشک و کاریگەری وەسفیەکەدا.

٧- ڕێبازی بەراوردکاری لە زماندا پێویستە لە تەسک و تروسکی تێبینییەکان ڕزگاربکرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش توێژەرەکان دەتوانن پرسی جیاکار بۆ زمانەکان دروست بـکەن[١]، لەڕاستیدا چەمکی ئەرک لە هەموو چەمکەکـان زیــاتر لە گوتــاری زمــانەوانی هاوچەرخــدا باســکراوە، هەرچەندە باس و خواسی زۆریش دەربارەی هەیە، کە ڕەوشــی ئەرکــی لە زمانــدا ئامــادەگی لە توێژینەوەکــانی بونیــادگەرە فۆرمییەکــان و بونیــادگەرە دەوروبــەرەکان و

١- میلکا إفتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبدالعزیز مصلوح و وفاء کامل فاید، المجلس الأعلی للثقافة، المطبعة الأمیریة، مصر، ص ٢٤٩.

هەوادارانـی بەرهەمهێنـان و ئاراسـتەی پراگمـاتیکی هەیە و لە توێژینەوەی زمان و گوتاردا بەچڕی بەدی دەکرێت.

**ناوداران**

بازنەی (پراگ) ژمارەیەکی زۆر لە زمانەوانە گەنجەکانی بـۆ خـۆی ڕاکێشـا، بەڵام کەسـایەتییە سـەرەکییەکان ئەم بازنەیە ئەمانە بوون: **ڕۆمان جاکۆبسن، س. کارسیفسکی، ن. ترۆپتسکۆی**، جگە لەمانەش ژمارەیەک زمانەوانی چیکی نـاودار، کە ئەمـانە بـوون: **ف. ماتیسـیۆس و ترنکـا، و ب. هاڤرانیـک و فاشـیک و سـکالیکا وی موکارۆفسـکی**، کە لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیدا تیۆردانەربوون، هەروەهـا دوو زانـای فەرەنسـیش هەبـوون لەم بـوارەدا ڕۆڵیـان هەبـوو: (ئەندرێ مارتینیە) و (ئیمیڵ بنڤنیست)، ئێمەش لێرەدا تەنها بـاس لەم سـێ نـاودارەی بـازنەکە دەکەیـن، کـە ئـەوانیش: ترۆپتسـکۆی و جاکۆبسـن و مـارتینیە، چـونکە ئەم سـێ نـاودارە کۆششـی بێ وێنەیـان خسـتەگەڕ، بـۆ تـوێژینەوەی زمـان لە بـازنەی پراگدا، بەتـایبەتی لە بـواری فۆنۆلـۆجی و ڕەوتی ئەرکی بەشێوەیەکی گشتی[1].

---

١- بڕوانە: جورج مونان، علم اللغة في القرن العشرين، ص ١٢٠.

**یەکەم: ترۆپتسکۆی نیکولای سێر جڤیتش**

ترۆپتسکۆی زمانەوانێکی ڕووسی بوو، لە ساڵی (١٨٩٠) لە شاری (مۆسکۆ) لەدایکبووە[١]، و لە ساڵی (١٩٣٨) لە (ڤیەننا) کۆچی دوایی کردووە، ئەم زانایە لە بنەڕەتدا ڕەچەڵەکی بۆ خانەوادەیەکی دێرین دەگەڕێتەوە، کە لە ڕووسیادا میر و خاوەن دەسەڵات بوون، باوکی سەرۆکی زانکۆی مۆسکۆ بوو،ترۆپتسکۆی هەر لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە سەرقاڵی توێژینەوە زمانەوانییەکان بوو.[٢]

---

١- جێگەی ئاماژەپێکردنە لە(مۆسکۆ) قوتابخانەیەکی زمانەوانی گرنگ تیایدا سەری هەڵدا، کە لە بواری زمانەوانییە بونیادگەرییەکاندا ڕۆڵی هەبوو، ئەم قوتابخانەیە (فیلیپ فیدرۆفیتش فۆرتۆناتۆف) (١٨٤٨ ـ ١٩١٤) ڕۆڵی لە دامەزراندنیدا بینی، کە لە ڕێزمانی بەراوردکاریدا پسپۆڕبوو، ئەو لە گرنگترین توێژینەوەکانی خۆیدا ئاماژەی بەو جیاکاریانە دەکرد، کە لەنێوان هەردوو لایەنی مێژوویی و ئێستایی لە توێژینەوەی زماندا هەیە، جگە لەوەش ڕەهەندی دەروونی لە توێژینەوەکاندا کاڵکردەوە، بەتایبەت لە سروشتی و پێکهاتەکانی زماندا، بڕوانە:

وفاء كامل، البنيوية في اللسانيات، عالم الفكر، مجلة عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة و الفنون، الكويت، عدد ٢، ١٩٩٧، ص ٢٣٩.

٢ـ ميلكا إفتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الأعلى للثقافة، المطبعة الأميرية،

و له بەشــی زمــانە هینــدۆئەوروپیەکان لەو زانکــۆیەی کە باوکی سەرۆکایەتی دەکرد قوتـابی بوو، لە سـاڵی (١٩١٦) بــووە ئەنــدام لە دەســتەی وانە وتــنەوەی زانکــۆکە، پــاش شۆڕش ڕایکرد بۆ هەرێمی (ڕۆستۆف)، کە دەکەوێتە سـەر ڕووباری (دۆن)، بەجۆرێ پلەیەکی لە زانکۆ هەرێمیەکەدا دەســتکەوت، بەڵام پاشــان لە ســاڵی (١٩١٩) بەرەو شــاری ئەســتەنبول هەڵهــات،[1] ســاڵی (١٩٢٢) چــووە (ڤیەننــا) و لەوێ فیقهــی زمــانی ســلاڤی خوێنــد و بــووە ئەنــدام لە قوتابخانەی (پراگ)، ترۆپتسکۆی بە دامەزرێنەری زانستی فۆنۆلــۆجی) دادەنرێــت، لە کــۆنگرەی یەکەمــی زمــانەوانی جیهــانی، کە لە شــاری (لاهــای) ســاڵی (١٩٢٨) بەســترا، لەگــەڵ جاکۆبســن و کارسفســکی پرۆگرامێکــی ڕوونیــان دەربــارەی تــوێژینەوەی فۆنۆلــۆجی پێشــکەش کــرد، کە

---

مصر، ص ٢٣٥ . هەروەها بڕوانە: أحمد مؤمن، اللسانيات ـ النشأة و التطور، ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٢، ص ١٤٢.

١ - ميلكا إفتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الأعلى للثقافة، المطبعة الأميرية، مصر، ص ٢٣٨، هەروەها بڕوانە، الطيب دبە، مبادئ اللسانيات البنوية ـ دراسة تحليلية ابسيمولوجية، جمعية الأدب للأساتذة الباحثين، دار القصبة للنشر، ط١، الجزائر، ٢٠٠١، ص ١٠٢ ـ ١٠٣.

لەسەر بنەمای پرۆگرامی قوتابخانەی (پراگ)ی زمانەوانی دامەزرا، لە ساڵی (١٩٣٩) پەرتووکەکەی خۆی، کە ناوی (بنەماکانی فۆنۆلۆجی) بوو بڵاوکردەوە، کە لە ساڵی (١٩٤٩) وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی، بۆچوونەکانی ئەم زانایە لە دووتوێی چەمکی ئەرکیدا جێی دەبێتەوە، کە قوتابخانەی (پراگ) بانگەشەی بۆ دەکرد، کەوا دەڕوانێتە زمان بەو حیسابەی کە ڕێکخراوێکە یاخود سیستەمێکی ئەرکییە و لەسەر پایەکانی چەند ئامرازێکی گوزارشتکار دەوەستێت، لەپێناو گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەوە توێژینەوەکانی ئەم زانایە هەموو ئاستە زمانەوانییەکانی فۆنۆلۆجی و وشەسازی و فەرهەنگی دەگرێتەوە، ترۆپتسکۆی بە دامەزرێنەری یەکەمی (دەنگسازی ـ Phonemics) ناودەبرێت، ئەویش بەپێی زاراوەی ئەمەریکی، یەکێک لە بیروبۆچوونەکانی ئەوەیە دەڵێت فۆنیم بچووکترین یەکەی فۆنۆلۆجییە لە زمانی خوێندندا، ئەو گەیشتە چەند ئەنجامێک سەبارەت بەم چەمکە، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە هەندێکیانن:

١ـ گەر دوو دەنگ لە یەک زمان و لە هەمان بازنەدا هەبن و بکرێ یەکێکیان شوێنی ئەوی دیکەیان بگرێتەوە، ئەوا هەردووکیان دوو دەنگی بژاردەیین بۆ یەک فۆنیم،

وەکــو بــۆ نموونـــە وشـــەی (گــوتی) و (گــوتی)، لێــرەدا جودابــوونی هەردوو پیتــی (گ)ەکە، نــابێتە هــۆی گــۆڕانی ماناکەیان.

٢ــ گەر دوو دەنــگ لە هەمـــان زمـــان و لە هەمـــان بـازنەدابن، بـەڵام نەکرێ یەکێکیـان شـوێنی ئەوی دیکەیـان بگـــرێتەوە، ئەوا هەردووکیـــان دوو وێـــنەی ئەوتـــۆن، کە کەوتوونەتە ناو دوو فۆنیمی جودا، وەکو: (شار) و (مـار)، هەردوو پیتی (ش) و (م)ەکە دوو فۆنیمی سـەربەخۆن، کە لە خــودی خۆیانـدا مانــایەک نابەخشــن، هەردووکیشــیان دەتوانن واتاکەیان بگۆڕن.

٣ــ ئەگەر هەردوو دەنـگەکە لە هەمـان زمانـدا بـن و لە هەردوو لایەنی بیستن یان درکاندنەوە نزیک یەکدی بن و لە هەمان بازنە دەنگییەکەدا دەرنەکەون، ئەوا هەردووکیـان دوو پێکهـاتەی یەک فـۆنیمن، وەکـو دەنگـی (ن) لە زمـانی عەرەبیدا کە وێنەکانی بە فرەبوونی دەنگەکانی خـۆی، فـرە دەبن[١].

---

١- ميلكـا إفـتش، اتجاهـات البحـث اللسـاني، ترجمـة: سـعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الأعلى للثقافة، المطبعة الأميرية، مصر، ص ٢٣٨ . هەروەها بڕوانە کتێبی:

Principes de phonologie ١٩٤٩ J. cantineean paris

هەروەها ترۆپتسکۆ پێی وایە فۆنیم لەو نموونە دەنگیانە پێکدێت، کە توانای جیاکردنەوەی وشەکان و شێوەکان و پرسە دەنگییە سەربەخۆکانیان هەیە، ئەوانەی ڕووداوی ئاخاوتن لە دەنگەکانی دی جیادەکەنەوە، لەوانە بۆ نموونە هەر فۆنیمێک دوو ئەرک ئەنجام دەدات:

**أـ ئەرکێکی پۆزەتیڤانە:** ئەویش کاتێک دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ مانای ئەو وشەیەی، کە دەیگرێتەخۆ.

**ب ـ ئەرکێکی نێگەتیڤانە:** کاتێک ئەو جوداکارییە دەگرێتەخۆ، کە لەنێوان وشەیەک لە ڕووی مانا و وشەکانی دیکەدا هەیە، بۆ نموونە فۆنیمی (ن) لەگەڵ فۆنیمەکانی دیکەدا لە وشەی (نام)دا بەشداری دەکات، ئەویش بۆ دەستنیشانکردنی مانا و واتاکەی، کە ئەرکە پۆزەتیڤەکەیەتی، بەڵام ئەرکە نێگەتیڤەکەی لە پاراستنی وشەی (نام)ی هەمەجۆردا خۆی دەبینێتەوە، وەکو: قام، صام، حام..... جا ئەرکە پۆزەتیڤەکە (سەرەکییەکە)ی بەشێوەیەکی ڕوون لە کاتی لابردنی فۆنیمی وشەکە و ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ فۆنیمێکی دیکەدا دەردەکەوێت،

---

هەروەها بڕوانە: الطيب دبه، مبادئ اللسانيات البنوية ـ دراسة تحليلية ابسيمولوجية، جمعية الأدب للأساتذة الباحثين، دار القصبة للنشر، ط١، الجزائر، ٢٠٠١، ص ١٠٢ – ١٠٣.

ئەویش لە گۆڕینی ماناکەدا، بۆ نموونە ئاڵوگۆڕکردنی فۆنیمی (ص) لە وشەی (صام) بە پیتی (ق)، ئەوکاتە وشەکە دەبێتە (قام)، چونکە فۆنیمەکان چەند دەنگێکن، کە ئادگاری تایبەتیان هەیە و دەتوانن لە هەموو زمانەکاندا وشەکان لەیەکدی جودا بکەنەوە، بەوەی فۆنیمی دیکەیان بۆ دابنێن، هەروەها بەو ڕێکبوونە و بەو شوێنەی کە هەیانە لە بونیادی وشەکەدا، ئەمەش لە بیرۆکەی ئاڵوگۆڕ و سەراونخوونکردن دەچێت، کە لە بواری داتاشینی گەورە لە زمانی عەرەبیدا هەیە.

**ج ـ ئەرکی جیاکردنەوەی فۆنیم** (**بەهای جوداکاری**):

ترۆپتسکۆی پێی وایە ئەرکی جیاکردنەوە، ئەرکێکی سەرەکی یەکە فۆنۆلۆجیەکانە، فۆنیم لەڕووی ئەرکە زمانەوانییەکەیەوە وا پێناسە دەکرێت، کە بچووکترین یەکەیە دەتوانێت دوو هێمای جودا دەربخات، ئەم جیاکارییە گریمانەی ئەوە دەکات، کە دوو دژیەک لەنێوان یەکە جیاکارەکاندا هەبێت، چونکە هیچ فۆنیمێک ناتوانێت ئەرکە جیاکارییەکەی خۆی جێبەجێ بکات، مەگەر دژ بە فۆنیمێکی دیکە بێت، وەکو هەردوو دوانەیی (تاب / ناب) لە زمانی عەرەبیدا، جا بوونی دژیەکی دەنگی لەنێوان هەردوو فۆنیمی (ت) و (ن)ەکە، واتای هەردوو وشەکەی

جیاکردووەتەوە، لەبەر ئەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە چەمکی فۆنیم لە چەمکی جودایی و دژیەکی بواری دەنگییەوە هاتووە، ئەرکی جیاکاری بنەمای شیکردنەوەی فۆنیمی نێوان یەکە بەسوودەکانە، بەڵام گەر ئاڵوگۆڕ لەنێوان دەنگێک و دەنگێکی دیکەدا لە هەمان پلەکانی ئاخاوتندا بکرێت، بەبێ ئەوەی ئەم شتە کاریگەری بەسەر مانای واژەکەدا هەبێ، ئەوا دەکرێ هەردوو دەنگەکە تەنها بە فرەجۆریتی (Variations) دوو درکاوی یەک فۆنیم هەژمار بکرێت، پاش ئەم کۆششە بێوێنەیە، زانای گەورە (ترۆپتسکۆی) شەرەفی ئەوەی بەدەستهێنا ببێتە دامەزرێنەری یەکەمی فۆنۆلۆجی، هەروەها لەبەر ئەوەی شارەزایی لە چەند زمانێکدا هەبوو، توانی چەندەها تێبینی گرنگ و بەرایی دەربارەی سیستەمە دەنگییەکان دابڕێژێت و هەڵیانگۆزێت، ڕێبازەکەشی لە بواری شیکردنەوەی زماندا وا وەسفکرد، کە زانستێکی تازەیە، ئەم شیکردنەوە فۆنۆلۆجییەش لە بواری توێژینەوە بونیادگەرییە ڕێبازیەکاندا بە شیکردنەوەیەکی پێشەنگ هەژمار دەکرێت، ئەویش لەڕووی وردی و یەکلایی کردنەوە و دەرەنجامەکانیەوە، تەنانەت توێژینەوە زمانەوانییەکانی دیکەش دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی، لەپێش

هەمووشیانەوە (واتاسازی بونیادگەریی)، لەسەر دەستی ئەم زانایە تویژینەوە فۆنۆلۆجییەکان لە بەشە بچووک و گۆشەگیرەکانەوە بۆ سیستەمە گشتییەکە پەلی هاویشت، پاشان هەستا بە تویژینەوەی ئەم بەشانە لەڕێگەی پەیوەندییە هەمەجۆرەکانییەوە، ناودارترین بابەتی زانستی، کە ترۆپتسکۆی بۆمانی بەجێهێشت، پەرتووکی (بنەماکانی فۆنۆلۆجی) بوو، کە گروپی (پراگ) پاش مردنی بە ساڵێک بڵاویانکردەوە، چونکە ئەم پەرتووکە بەو شێوەیەی، کە نەخشەی بۆ کێشابوو، هێشتا تەواو نەبووبوو، ترۆپتسکۆی تویژینەوەکانی خۆی لەو شوێنانەوە دەستپێکرد، کە (سۆسێر) پێی گەیشتبوو، وێناکردنیشی بۆ فۆنیمەکان لەسەر بنەمای ئەو جیاکارییانە دامەزراند، کە (سۆسێر) خستبوویە نێوان زمان و ئاخاوتنەوە، کە تیایدا فۆنیم دەچێتە سەر چەمکی زمان، بەو مانایەی (سۆسێر) دایڕشتووە، هەرچی دەنگەکانیشە دەچنە سەر ئاخاوتن، لەبەر ئەوە (ترۆپتسکۆی) (دەنگسازی ـ فۆنەتیک) و (ئەرکەکانی دەنگسازی) یاخود (فۆنۆلۆجی) لە یەک جودا دەکاتەوە، ئەو پێی وایە ئەوەی یەکەم، واتە (دەنگسازی) ئەو زانستەیە دەنگەکانی زمان وەسف دەکات و شیاندەکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا لە حاڵەتی ڕەهادایە و

سەربەخۆیە و لەوانی دی جودایە و دوورە لە بونیادە زمانەوانییەکە، ئەویش بێ ئەوەی لەو ڕۆڵەی لە ماناکەدا دەیبینێ، دووەمەکەش واتە: (فۆنۆلۆجی): ئەو زانستەیە کە دیاردە دەنگییەکان لەو ئەرکانەوە باسدەکات، کە لەناو بونیادە زمانەوانییەکەدا دەیانبینێت، بۆ نموونە دەڵێین:

(ن)ی بێدەنگ و نەبزوێن + بەرز + منگن

لەم حاڵەتەدا وا وەسفی دەکەین، کە یەکەیەکی دەنگی گۆشەگیرە و لە دەنگەکانی دی جودایە، ئەم شتەش لەو کارانەیە، کە (فۆنۆلۆجی) گرنگی پێدەدات، ئەویش بەگوێرەی فرەجۆری دەنگەکان لەناو دەوروبەرەکاندا، بۆ نموونە پیتی (ن) لە وشەی (نهر- ڕووبار)، لەڕووی دەنگ و پێکهاتەی درکاندنی فسیۆلۆجیەوە، جیاوازی لەگەڵ ئەو (ن)ەدا هەیە، کە لە وشەی (منک) (عنک)دا هەیە........هتد[1]. هەرچی سەبارەت بە بنەماکانی شیکردنەوەی فۆنۆلۆجیشە لەلای ترۆپتسکۆی، ئەوا لەم خاڵانەدا چڕیان دەکەینەوە:

١ـ فۆنیم بچووکترین یەکەی فۆنۆلۆجییە، کە هێمایەکی زمانەوانییە، مانای وشەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

---

١- حلمي خليل، العربية و علم اللغة البنيوي، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ط ١٩٩٥، ص ١٠٥.

٢ـ پێویستە یەکەی زمانەوانی نەگۆڕ (فۆنیم) لەگەڵ دەنگە هەمەجۆرەکان لەڕووی کردەییەوە جودا بکرێنەوە.

٣ـ ئەو فۆنیمانەی سەر بە یەک زمانن، دژ بە یەکن و بەهۆی توخمەکانی بزوێن و نەبزوێن و ئاوازەوە گوزارشتیان لێدەکرێت.

٤ـ هەڵاوەگێڕکردنە دوانەییەکان ڕۆڵێکی جەوهەری دەبینن، کە لە زنجیرەی پێکهاتە تەریبەکاندا دەردەکەون، کە لایەکی بەرانبەربوونەوەکە ئەرکی لایە ناوبراوەکە دەبینێت، کە دەچێتە ناو پرۆسەی جیاکردنەوەکە لەسەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ ئەو لایەنەی کە ناوی نەبراوە و ئاماژەی بۆ نەکراوە.

٥. دژیەکی فۆنۆلۆجی چەند جۆرێکی هەیە، کە ئەمانەن:

**أـ دژیەکی نەرێنی:** ئەم حاڵەتەش بەوە دەستەبەر دەبێت کە خەسڵەتێک لە فۆنیمەکەدا بوونی هەبێت بەشێوەیەک لە فۆنیمێکی دیکەی وێکچووی ئەو فۆنیمە لەزۆربەی خەسڵەتەکاندا بوونی نەبێت، وەکو بوونی خەسڵەتی دەنگ بەرزی لە: پیتی (ز) و نەبوونی ئەو خەسڵەتە لە پیتی (س) و بوونی چرپە لە پیتی (ت) و نەبوونی خەسڵەتی چرپە لە پیتی (د)دا.

**ب . دژیەکی پلەیی:** ئەم دژیەکە بە بوونی هەمان خەسڵەت لە دوو فۆنیمدا جێبەجێ دەبێت، وەکو خەسڵەتی درێژی لای بزوێنی درێژ بەرانبەر بزوێنی کورت.

**ج . دژیەکی شایستە:** ئەمەش بە خەسڵەتێکی جیاکار لە فۆنیمێکدا بوونی دەبێت، کە لە فۆنیمەکانی دیکەدا نەبێت، وەکو خەسڵەتی دووبارەبوونەوە لە پیتی (ر)، چونکە ئەم خەسڵەتە لە پیتەکانی (ع) و (غ)......هتد بوونی نییە.

**د. دژیەکی دوانەیی:** لەنێوان هەندێک لەو جووتە دەنگیانەی کە لە ژمارەیەکی زۆری ئادگار و خەسڵەتەکانیاندا هاوبەشن، ئەویش گەر بەراوردبکرێن لەگەڵ دوانییەکانی دیکەدا، وەکو ئەو دژیەکەی لەنێوان / ک/ ـ / خ /دا هەیە، چونکە لە ئادگارەکانی وەکو: (زاری+ کپ) هاوبەش دەبن.

**هـ . دژیەکی جۆراوجۆر:** ئەم جۆرە لە پەیوەندییەکی گاڵتەیی نێوان فۆنیمەکان پێکدێت، کە پیتەکانی (و) و (ی) بەیەکدییەوە نابەستێتەوە، مەگەر لەڕووی ئەوەوە نەبێت، کە لە (بزوێنەکان)ن، بەهەمان شێوەش هەردوو پیتی (ب) و (ع) لەگەڵ یەکدی کۆناکاتەوە و بەیەکەوە نایانبەستێتەوە، مەگەر لەو ڕووەوە نەبێت، کە لە (نابزوێنەکان)ن.

**و ـ دژیـەکی گونجـاو:** ئەمـیش بە ئامـادەبوونی هەمـان خەسڵەت دروست دەبێت، کە لە جووتە فۆنیمەکانی دیکەدا بـوونی دەبێـت، بـۆ نمـوونە بـوونی خەسـڵەتی دەنـگ بەرزییەکی جیاکار لە پیتی (B) جیا لە پیتی (P).

**ز. دژیەکی دەستنیشانکراو:** ئەم جۆرە لە حاڵەتی جودابوونی دوو دەنگ لە چەند پێگەیەکی دیاریکراودا دروست دەبێت، بـۆ نمـوونە لە زمـانی ئەڵمانیـدا دژیـەکی نێـوان (T / D) بـێلایەن دەبێـت، ئەویـش لە حاڵەتێکـدا گەر دوو فـۆنیمەکە بکەوێـتە کۆتـایی وشـەکانەوە، لەم حـاڵەتەدا فـۆنیمی / T / دەدرکێنـدرێت، بەمشـێوەیەش دەبێـتە فـۆنیمێکی هەمەکی لە زمانی ئەڵمانیدا[1].

(ترۆپتسـکۆی) بەوپەڕی وردیـیەوە (فـۆنیم)ی دەستنیشـانکرد و جیـاکردنەوەی (فۆنۆلـۆجی) و (فۆنەتیـک)یش کـاریگەرییەکی گەورەی لە پێشخسـتنی تیۆری بونیادگەریدا هەبووە، ئەم زانـایە بەدرێژایی ژیـانی زانستیی خۆی کۆششەکانی خستەگەڕ بۆ چەسپاندنی ئەو جیاوازییـانەی لەنێـوان بـابەتی (فۆنەتیـک) و بـابەتی ئەرکەکـانی یەکە دەنگییەکـانی زمـانێکی دیـاریکراودا هەیە،

---

١- أحمـد مـؤمن، اللسـانيات ـ النشـأة و التطـور، ديـوان المطبوعـات الجامعية، ٢٠٠٢ ، ص ١٤٥.

که له فۆنۆلۆجیـــادا بەرجەســـتە دەبێــت، لەم بـــوارەدا (فۆنەتیک) گرنگی بە توێژینەوەکانی دەنگی ئاخاوتن (فـۆن) دەدات، ئەویـــش لەڕووی درکانـــدن و پێشـــوازیکردن و دابەشـکردنی لەڕێگـای کۆمەڵێک لقی تـوێژینەوەوە، وەکـو (فۆنــەتیکی درکانـدن) و (فۆنـەتیکی بیسـتن) و (فۆنـەتیکی فیزیـــاوی) و (فۆنـــەتیکی تاقیکردنـــەوە) و (فۆنـــەتیکی مێژوویـــی)، کەچـــی فۆنۆلـــۆجی گرنگـــی بە تـــوێژینەوەی ڕواڵەتـی (فـۆن) دەدات لە زمـانێکی دیـاریکراودا، هەروەهـا گرنگی بە ئەرکی زمانەوانی (فـۆنیم) دەدات، ئەویش لەژێر تیشـــکی بنـــەمای (بەهـــای جـــودایی) و ئەو ئادگـــارە جیاکاریـــانەی کە فۆنۆلۆجیســـتەکانی بـــازنەی (پـــراگ) بەشـێوەی دوانەیـی گرنگیـان بە دەرخسـتنیدا، ئەویـش لە شـــێوەی دوانەیـــی ئەوتـــۆ، کە سروشـــتی ئەو فـــۆنیمە دەستنیشـان بکـات، کە لەلای ئەوان ئامـاژە بە بچـووکترین یەکەی دەنگـــی دەکـــات و دوو ئەرک جێبـــەجێ دەکـــات، یەکەمیان بونیادگەرییە، چونکە هەمـوو فۆنیمێک بەشداری لە دروستکردنی واژەیەکی تـایبەت دەکات لەو واژانەی کە لە زمـــانێکی دیـــاریکراودا هەن، ئەویـــش بە جووتبـــوونی لەگـــەڵ فۆنیمـــەکانی دی کە جیاوازییـــان لەگەڵیـــدا هەیە، دووەمیشـیان جیاکارییـە، بەهـۆیەوە فـۆنیمێکی دیـاریکراو

پارێزگـاری لە واتـای جیاکـاریی واژەکە دەکـات و لەنـاو زمانەکەدا لە واژەکانی دی جودای دەکاتەوە، جۆرەکانیشی دوانن، چونکە لێرەدا فۆنیمی بڕگەیی هەیە، کە بە بـزوێن و نەبزوێنەکان نموونەیان بۆ دەهێنرێتەوە، هەروەهـا فۆنیمی سـەرووی بڕگەیـی هەیـە، وەکـو درێـژی فـۆنیم و هێـز و ئاواز.[1]

**دووەم: ڕۆمان جاکۆبسن**

ڕۆمـان جاکۆبسـن لە شـاری (مۆسـکۆ) سـاڵی (١٨٩٦) لەدایکبـووە و بە ڕەچەڵەک لە بنەمـاڵەیەکی ڕووسـی بـۆرژوازی جـوولەکە بـووە، بـاوکی خـاوەن ڕۆشـنبیریەکی فـراوان و هەمەجـۆر بـووە، ئەمەش بێگومـان ڕەنگدانەوەی بەسـەر کەسـایەتی جاکۆبسـندا هەبـوو، بـۆیە لە منـداڵییەوە خولیـای خوێنـدنەوە و تەماشـاکردنی پەرتـووک بـووە، لە سەرەتاوە توانی زمـانی فەرەنسـی و ئەڵمـانی و لاتینـی فێـر ببێـت، هەروەهـا گرنگـی بە شـیعردا و دەقە شـاکارەکانی گەورە شـاعیرانی ڕووسـیی خوێنـدەوە، تەنـانەت شـیکردنەوەی شـیعرەکانی (مـالارمیە) لە تەمەنـی دوازدە

١ـ أحمد مؤمن، اللسـانيات ـ النشـأة و التطـور، ديوان المطبوعـات الجامعية، ٢٠٠٢، ص ١٣٨.

ساڵیدا ئەنجامدا و توانی دەقی شیعری لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بهۆنێتەوە، جگە لەمەش لە تەمەنی شازدە ساڵیدا گرنگی بە فۆلکلۆردا، ئیدی بەمجۆرە کەسایەتییەکی بێ وێنەی بۆ دروست بوو، جاکۆبسن پسپۆڕێتی لە زانکۆی مۆسکۆ لە بواری ڕێزمانی بەراوردکاری و (فقهی زمان)ی سلاڤی بەدەستهێنا، هەروەها گرنگی بە پەیوەندییەکانی زمان بە ئەدەبەوەدا و گرنگی بە توێژینەوەکانی (سۆسێر)دا و لە ساڵی ١٩١٥ بەشداری لە دامەزراندنی قوتابخانەی (پراگ)ی زمانەوانیدا کرد، جاکۆبسن بە یەکەمین ئەو کەسانە هەژمار دەکرێت، کە باسی لە شیکردنەوەی بونیادگەری شێوە و فۆرمە ئەدەبییەکان کردووە و دەقی ئەدەبی بەبێ نووسەرەکەی لێکداوەتەوە، لە ساڵی (١٩٢٠)یشدا چووە چیکۆسلۆڤاکیا و بەشداری لە دامەزراندنی یانەی (پراگ)دا کرد، لە ساڵی (١٩٢١)یشدا توێژینەوەیەکی دەرکرد، تیایدا باسی لە شیعری ڕووسی نوێ کرد، لە ساڵی (١٩٢٨) لەگەڵ ترۆپتسکۆی و کارسیفسکی ئەو تیۆرە زمانەوانییانەی داڕشت، کە قوتابخانەی (پراگ) لە بۆچوونەکانی خۆیدا پشتی پێ بەست، لە ساڵی ١٩٣٨ بووە جێگری سەرۆکی ئەم قوتابخانەیە، لە ساڵی ١٩٤٢ چووە دانیمارک و نەرویج و

لەوێ لە پەیمانگەی خوێندنی باڵا لە نیویۆرک تا ساڵی ١٩٤٦ خوێندی، پاشان لە زانکۆی کۆلۆمبیا تا ساڵی ١٩٤٩ خوێندی و تا ساڵی (١٩٥٧)یش لە (هارڤارد) درێژەی بە خوێندندا، (جاکۆبسن) لەژێر کاریگەری ئەو بوارە زۆرە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا بوو، کە لە ئەمەریکا لە ئارادا هەبوو[١]، جاکۆبسن لەژێر کاریگەری ژمارەیەکی زۆری زانایان بوو، لەوانە بۆ نموونە: (بۆگدانۆف: مامۆستای زمان و فۆلکلۆری ڕووسی) و (ئەلێکسەندەر بلۆک) و (کلینیکۆف) و (سۆسێر) و (بیکاسۆ) و (جێمس جویس) و (سترافنسکی).......هتد. هەروەها دیداری جاکۆسن لە ئەمەریکا لەگەڵ قوتابییەکانی فرۆید و چەند زانایەکی ناودار، وەکو (چۆمسکی) و (هال) و (لیفی شتراوس) کاریگەریەکی زۆری هەبوو بۆ پێشڤەبردنی ڕەوشی زمانەوانی نوێ، جگە لەمانەش ناسینی زانایانی ماتماتیک و فیزیا و دەروونناسەکان زۆر گرنگ بوو و بووە جومگەیەکی وابەستەگی لەنێوان زانستە وردەکان و

١- میشال زكريا، مباحث في النظرية الألسنية و تعليم اللغة، ص ١٦٣.

زانسته مرۆییه نوێیەکان[1]، ژیانی (جاکۆبسن) بەشێوەیەک بوو، کە دیدار و چاوپێکەوتنێکی زۆری لەگەڵ زانایان و توێژەراندا کرد و هەر لە منداڵییەوە ئەو بارودۆخەی تیایدا ژیا، بووە هۆکاری ئەوەی بیروبۆچوونەکانی پەرە بسێنن و زیاتر پێشڤەچوون بەخۆوە ببینن، چونکە خاوەن بیر و مێشکێکی زۆر بەهێزبوو، جاکۆبسن ساڵی (١٩٨٣) کۆچی دوایی کرد، پاش ئەوەی ژیانێکی پڕ لە پڕۆژە و کار و توێژینەوەی بەردەوامی بەسەربرد[2]، هەرچی سەبارەت بە کۆششەکانیشیێتی، ئەوا جاکۆبسن بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی (فۆنۆلۆجی) لە بازنەی (پراگ)دا دادەنرێت، چونکە گەر ئەو گەرم و گوڕییەی و دینامیکییەتەی ئەو لە کارکردندا نەبوایە، ئەوا ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بۆ بازنەی (پراگ) بەدەست نەدەهات و ماوەیەکی زۆری دەخایاند، تاکو ئەو ڕەوتە هزرییەی بازنەکە لە دەرەوەدا خۆی بسەلمێنێت، جاکۆبسن لە پەرتووکەکەی خۆیدا، کە ناوی (بنەماکانی زمانەوانی گشتی) بوو، گرنگی بە

---

١- فاطمة الطبال بركة، النظرية الألسنية عند رومان جاكبسون، دراسة و نصوص ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٣، ص ١٧ – ٢٢.

٢- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة والتطور، ص ١٤٦.

تـویژینەوەی تایبەتمەنـدییە هاوبەشـەکانی نێوان سیسـتەمە زمانەوانیەکـانی بـواری فۆنۆلۆجیـدا، ئەویـش پـاش ئەوەی جوداکـــــارییە ئەگەرە کراوەکـــــانی تێبینـــــی کـــــرد و دەستنیشانیانی کرد، پاشان بەگوێرەی ئەو هـاودژییەی کە لەنێوانیاندا هەیە، لەسەر هەردوو ئاستی بیستن و درکاندن دیاریـانی کـرد[1]، ئەم بیـرۆکەش ڕێنمـایی کـرد بـۆ گەیشـتن بەو ئادگـارە جیاوازیـانەی، کە مەبەسـت لێیـان ئەو کـۆمەڵە تایبەتمەنـدیانەی دەنـگە، کە فۆنیمێـک لە فـۆنیمی دیـکە جیـا دەکەنەوە، لەبەر ئەوە چەمکـی فـۆنیم لەلای جاکۆبسـن ئەو کـۆمەڵە ئادگـار جیایـانەیە، کە بە دوای تایبەتمەنـدییەکانی درکانــدن و بیســتندا دێــت و دەنگەکــانی زمــان بە جیــا دەستنیشـــــان دەکـــــات، وەکـــــو شـــــوێنی درکانـــــدن و خەسـڵەتەکەی[2]، جـا لەبەر وردی ئادگـارە جیاکـانی هەر

١- سامي عياد حنا و آخرون، معجم اللسـانيات الحديثة، إنجليـزي - عربي، مكتبة لبنان ناشرون، ط١، ١٩٩٧، ص ٤١.

٢- هنـری سـویت و بـۆلی فەرەنسـی جەختیـان لەسـەر گرنگـی تـوێژینەوەی تایبەتمەنـدییەکانی درکانـدن کـردەوە، کە دەنگەکـان لە یەکدی جودا دەکەنەوە، کە ڕۆڵیان لە زانینی مانـای وشـەکاندا هەیە، ئەم شتەش (بۆدوان دی کۆرتنێ)ی پۆلـۆنی باسـی لێوەکردووە، کە خاوەن تیۆرێکی گرنگی فۆنیم بـوو، بڕوانە: میلکا ایفتش، اتجاهات البحث اللساني، ص ٢٢٩.

فۆنیمێــک و نیازمەنــدی دیــاریکردنی ورد بۆیــان، ئەوا جاکۆبســن پەنــای بــردە بەر ئــامێر بــۆ ئەنجامــدانی توێژینەوەی دەنگی، ئەمەش بووە هۆی بەرەوپێشچوونی ئەم جــۆرە تــوێژینەوانە، کە پاشــان بە (فۆنــەتیکی تاقیکردنەوە) یان (فۆنەتیکی ئامێری) ناسران و لەسەر ئەم بنەمایەش تیۆرەکەی خۆی بونیاد نا، کە بنەمای دوانەیی یــان جووتبــوون بــوو، کە لە ئەنجــامی ڕوودانــی سەراونخوونی چەند دەنگێکەوە پەیدا دەبێت لە حاڵەتی بوونیدا، چونکە یەکەی دەنگی هێمایەکە گەر بوونی هەبێت یـان گەر بوونیشـی نەبێـت، ئەوا نـابێتە هێمـا، هەروەهـا جاکۆبسن هەوڵی ئەوەی دا بیرۆکەی ئادگارە جیاکارەکان لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیدا جێبەجێ بکات، ئەوەبوو لە ئەنجامی توێژینەوەکانی بۆ سیستەمی (کار) لە زمانی ڕووســیدا سیســتەمێکی مۆرفۆلــۆجی دارشــت، بەڵام کۆششەکانی لە بواری فۆنۆلۆجیدا زیاتر و چڕتربوو، لە هەمــان کاتــدا (جاکۆبســن) زیــاتر گرنگــی بە تــوێژینەوە مێژووییەکـان دەدا، بە پـێچەوانەی (سۆسـێر)، کە زیـاتر گرنگــی بە ڕێکخســتنی ئێســتای فۆنۆلــۆجی زمــان دەدا، هەوڵیشـیدا لە ئامـانجی گـۆڕانی کتـوپڕی نـاو فۆنیمەکـان بکۆڵێتەوە، کە لەسەر ڕەوشـی مێژوویـی زمان ڕوودەدات،

ئەم بوارەشی گرنگی پێدا، زیاتر لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی و سەرچاوەکانی بوو، بەمجۆرە گەیشتە ئەوەی کە ڕێکخستنێکی فۆنۆلۆجی هەمەکی دابنێت، کە (١٢) ئادگاری دوانەیی بیستنی لەخۆ دەگرێت، کە تێکڕا بەکەڵکی ئەوە دێن سیستەمە فۆنۆلۆجییەکەیان لە هەموو زمانەکاندا پێ وەسف بکرێت، ئەم ئادگارانە هەمەکین و زمان لەسەر ئەم بنەمایە سیستەمی فۆنۆلۆجی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەم ئادگارانەش شێوەی (+)یان دەدرێتێ، بۆ نموونە (+دەنگدار)، ئەم ئادگارانەش لەم هاودژانەی خوارەوە پێکدێن:(دەنگی بەرز / چرپە)، (زبر/ تیژ)، (شل/ توند)، (زیادە/ بێزیادە)، (زارەکی/ دەرەوەی زار)، (چڕ/ هەڵوەشاوە)، (دەنگدار/ بێدەنگ). قوتابخانەی بەرهەمهێنانی گوێزانەوەیی کە دامەزرێنەرەکەی (نەوام چۆمسکی)یە، ئەم قوتابخانەیەی کردە پرۆگرام بۆ خۆی، کە لە بنەما فۆنۆلۆجییەکانی جاکۆبسن بەرجەستە دەبێت، جاکۆبسن پێی وابوو زمان ئامرازێکە بۆ پەیوەندیی مرۆیی، کە بەبێ ئەم توخمانەی خوارەوە پراکتیزە نابێت[1]:

١. **نێرەر:** ناوەرۆکی پەیامەکە دەگەیەنێت.

---

1- Dictionnaire de linguistique p. 218.

٢. **وەرگر**: پێشوازی لە پەیامەکە دەکات.

٣ـ **بەستنی پەیوەندی لەنێوان نێرەرەکە و وەرگرەکە**: بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویستە یەکەی ئەزموونی لەنێوانیاندا هەبێت، ئەویش بەپێی کەناڵی حەواڵەکردن، کە پرۆسەی پەیوەندییەکە جێبەجێ دەکات.

٤. **زمانی هاوبەش**: کە نێرەر و وەرگرەکە پێکەوە قسەی پێدەکەن: ئەمەش دەبێتە هاریکار و ئاسانکاریەک بۆ پرۆسەی پەیوەندکردن.

٥ـ **پەیامی زمانەوانی**: ئەمەش دەفرێک ناوەرۆکی ئەو ئاخاوتنە لە دووتوێ دەگرێت، کە ئاماژەی پێدەکات، لەهەمان کاتدا وەرگرەکە تێی دەگات.

٦. **ناوەرۆکی زمانەوانی**: کە پەیامەکە ئاماژەی بۆ دەکات: ئەم ناوەرۆکە لەو زمانە پێکدێت، کە هەردوو وەرگر و نێرەر تیایدا هاوبەشن، دەشتوانین ئەم توخمانەی کە پێویستن بۆ پرۆسەی پەیوەندکردن، بەم شێوەیەی خوارەوە بەرجەستە بکەین:

سەرچاوە

<u>نێرەر</u> <u>دەوروبەر</u> وەرگر

پەیام

هەر توخمێک لەم توخمـانە ئەرکێکـی زمـانەوانی جـودا جێبـەجێ دەکـەن، لەبەر ئەوە جاکۆبسـن جیـاوازی خسـتە نێوان شەش ئەرکی زمانەوانی، کە ئەمانەن:

**١. ئەرکی گوزارشتکار (سۆزداریی):**

ئەم ئەرکە پەیوەنـدییەکانی نێـوان نێـرەر و پەیـامەکە و هەڵوێستی بەرانبەر پەیامەکە دەستنیشـان دەکات، چونکە پەیـــامەکە گوزارشـــت لە نێرەرکـــەی دەکـــات و ڕەنگدانەوەیەکیشـە بـۆ حـاڵەتی پەیـامەکە خـۆی، جـگە لەمـانەش چەنـدەها هــزر و بیــر هەن، کە لە دووتــوێی پەیـامەکەدان و پەیوەنـدییان بە شـتێکەوە هەیە، کە پێـی دەوترێـت (سـەرچاوە)، کە نێـرەر بەهـۆیەوە گوزارشـت لە هەست و نەستی خۆی دەکات.

**٢. ئەرکی بانگکردن:**

ئەم ئەرکە لەو ڕسـتانەدا بەدی دەکرێـت، کە نێــرەر، وەرگرەکەی بۆ بانگدەکات، تـاکو سـەرنجی ڕابکێشێت یان بـۆ ئەوەی داوای ئەنجامـدانی کـارێکی لێبکـات، ڕسـتەی فەرمانیش دەچێتە دووتوێی ئەم ئەرکەوە.

**٣. ئەرکی پەیوەندیکردن:**

ئەمەش لە حاڵەتێکدایە نێرەرەکە پەیوەندییەکە وەک خۆی لەگەڵ وەرگرەکە بهێڵێتەوە، ئەویش لەڕێگەی واژە سادەکانەوە، کە بیروبۆچوونی وەکو ئەم بیروبۆچوونانە هەڵنەگرێت: ئەلوو، های، هەروەها دەربڕینەکەی شکسپیر کە دەڵێت: (گوێتم بە قەرز بدەرێ).

**٤. ئەرکی ئەودیوی زمان (فەرهەنگی):**

ئەم ئەرکە لەو پەیامانەدا دەردەکەوێت، کە زمان تیایاندا دەبێتە بابەتی توێژینەوە، ئەوکاتە هەوڵدەدات زمان وەسف بکات و توخمەکانی باس بکات و ورد و درشتەکانی پێناسە بکات، بەوەی کە ئەرکی ئاخاوتنی زمان لە خودی زمانەکەیە.

**٥. ئەرکی سەرچاوە[1]:**

ئەم ئەرکە لە هەموو ئەرکەکانی زمان گرنگترە، ئەویش لە بواری خودی پرۆسەی پەیوەندیکردن، هەروەها ئەرکی (دیاریکردن) یان (پێناسە)یشی پێدەڵێن، ئەم ئەرکە بە کاری سەرەکی زۆربەی زۆری پەیامەکان هەژمار

---

١- الأسلوب و الأسلوبية، ص ١٥٩.

دەکرێــت، لەم ئەرکەدا پرۆســەکە بەرەو ســەرچاوە یــان بابەتەکە ئاراستە دەبێت.

**٦. ئەرکی شیعریی (پەخشانی و ئەدەبی)**[1]:

یەکــێکە لەو ئەرکە ســەرەکیانەی زمــان، لەبەر ئەوەی دینامیکییەتی پێ دەبەخشن، بەبێ ئەم ئەرکە زمان دەمرێ و تووشی متبوون دەبێت، ئەم ئەرکە لە هەموو جۆرەکانی ئاخاوتنــدا بەدی دەکرێــت، کــاتێکیش پراکتیــزە دەبێــت، کە پەیــامەکە بــۆ خــۆی ئامادەکرابێــت، هەروەکــو لە دەقە هونەرییە زمانەوانییەکاندا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە وەکو دەقە شیعرییەکان، جا ئەم شتە ئەرکەکە نییە لە دووتوێی شیعرەکەدا، بەڵکو تیایدا هەژموونی هەیە، هەژموونی هەر یەک لەم ئەرکانە (سۆزداریی، بانگەشەیی، پەیوەستبوون، ئەودیــو، ســەرچاوە، شــیعریی)، بــوونی ئەرکەکــانی دی قەدەغە ناکــات و لایــان نابــات، بەڵکــو جــۆری پەیــامەکە دەستنیشان دەکات، دەشتوانین ئەرکەکان بەم ڕووننامەیە زیاتر ڕوون بکەینەوە:

سۆزداریی سەرچاوە

شیعری بانگەشەیی

پەیوەندیکردن

---

١- دلیلة مرسلي، مدخل الى التحليل البنيوي، ص ٢١ – ٢٢.

هەروەها جاکۆبسن یەکێک بوو لە ئەندامانی کۆمەڵەی (ئۆپۆجاز Opjaz)[1]، کە گرنگی بە تویژینەوەی زمانی شیعری دەدات، جاکۆبسن بەهەمان شێوە گرنگی بەو تویژینەوە تایبەتانەی بواری (ڕەگەزناسی سلاڤی) و هونەرە میللیەکان دەدات و بە سەرسوڕمانەوە دەیڕوانییە ئەو بزاوتە زانستیەی، کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا هەبوو، بەتایبەتی لە بواری تویژینەوە زمانەوانی و فەلسەفییەکان و گرنگیشی بە پرسەکانی شیعردا، ئەم گرنگیپێدانەشی لەو تویژینەوەیەیدا دەردەکەوێت، کە بە ناوی (دەربارەی شیعر) ساڵی (١٩٣٣) بڵاوی کردەوە، ئەو پێی وابوو زمانی شیعر بونیادێکی ئەرکییە و لە دەرەوەی سیستەمە تەواوەکەی، لە توخمەکانی ناگەین، جاکۆبسن یەکەمینی

---

١- گروپی ئۆپۆجاز کورتکراوەی کۆمەڵەی تویژینەوەی زمانی شیعرییە، کە کۆمەڵە قوتابییەکی خوێندنی باڵا لە زانکۆی مۆسکۆ بازنەیەکیان دامەزراند، کە بە (بازنەی مۆسکۆ) ناسرا، پاشان پەرەی سەند و بووە گروپی شێوەخوازانی ڕووسی، لە ناودار و پیاوە گەورەکانی جاکۆبسن و شلۆفسکس و تنیانۆف و ئیخنباوم و فلادیمێر برۆب بوو، لە ساڵی (١٩٣٤) لەبەر هۆکاری سیاسی ئەم بازنەیە پەرت بوو، دەربارەی بنەماکانی ئەم ئاراستەیە بڕوانە: صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، ص ٥٧.

ئەو کەسانە بوو، کە گرنگی بە تیۆری کێڵگە واتاییەکاندا، لەم بــوارەدا جەختــی لەســەر پێکهــاتە ناوخۆییەکــانی پەیوەندییە خوازەییەکان دەکرد و ئەوەشی ڕوونکردەوە کە وێکچواندنی کەسی (ئازا) بە (شێر)، و (گێل) بە (کەر) و (کەســی دیبلۆماســی) بە (ڕێــوی)، ئەوا لەو وێکچــوونە دەچێــت، کە لەنێــوان پێکهــاتەی وشــەکانی زمانــدا هەیە، چونکە کێڵگەی واتایی (شێر) یەکە مەعنەوییە بچووکەکە لەخۆ دەگرێت، کە ئەویش (ئازایەتی)ییە، و کێڵگەی واتایی (کەر)، سیفەتی (گێلی) و کێڵگەی واتایی (ڕێوی) سیفەتی (فێــڵ) لەخــۆ دەگرێــت[1]. جاکۆبســن زنجیــرەیەک کــار و پڕۆژەی خۆی بۆ زمانی منداڵ و زمانگیری و تەتەڵەکردنی زمان تەرخانکرد، بە کورتی (جاکۆبسن) ڕۆڵێکی گرنگی لە بــواری زمــانەوانی نــوێ و هــزری مرۆڤــایەتی بەگشــتی هەبوو، چونکە بیروبۆچوونەکانی بلێسەی یەکەم و پایەی سەرەکی بەشێکی زۆری توێژینەوە مرۆییە نوێیــەکان بوو، بەشــی زۆری بیروبۆچوونەکــانی بە ئاراســتەی تیــۆری زمــانەوانی بــوون، جاکۆبســن لە ڕوانــگەی هەنــدێک کەس بــووە کەســـایەتیەکی ئەفســـانەیی، ئەویـــش لەبەر ئەو

---

١- أحمد محمد قدور، مبادئ اللسانيات، دار الفكر، ط١، دمشق، ١٩٩٩، ص ٣٠٨.

کاریگەرییە قووڵەی کە لە هزری مرۆڤایەتی نوێدا دروستی کـرد، تەنـانەت هەنـدێک تـوێژەر مێـژووی سـەرهەڵدانی بونیـادگەریی و شـێوەکانی لە کەسـایەتی جاکۆبسـن و جەربەزەییە زانسـتییەکانیدا حەشـاردەدەن، چـونکە هەر لە تـافی لاوێتیـدا لە (مۆسـکۆ) تـاکو گەورەبـوو و نـاوداربوو، چەنـدەها نەوە لە ئەوروپـا و ئەمەریکـا لەسـەر دەسـتی لە ڕووی زانسـتییەوە پەروەردەبـوون، بەمشـێوەیە بـووە سـەرچاوەی زانسـتی زمـانەوانی نـویێ، ئەو خوێنـدن و شـارەزاییە فـراوانەی لە مـاوەی ژیانیـدا بەدەسـتی هێنـا و هەمـوو ئەو گەشـتانەی بە بەردەوامـی دەیکـرد، هەمـوو ڕەنگـدانەوەیان لەسـەر نووسـینەکان و تـوێژینەوە بەنرخەکـانی هەبـوو، (جاکۆبسـن) لە زانسـتدا زۆر دەوڵەمەنـد و هەمەجۆربـوو، زانیـاری چڕوپـڕی هەبـوو، بەرهەمەکـانی فـرە بەسـوود و بەنـرخ بـوون و ژمارەیـان زۆربـوو، نووسـینەکانی لە (٤٧٤) ناونیشـان بـوون، کە (٣٧٤)یـان پەرتـووک و وتـاربوون، جـگە لە (١٠٠) دەقـی جۆراوجۆر، گرنگترین نووسینەکانیشی ئەمانە بوون:

١ـ چەنـد وتارێـک دەربـارەی زمـانەوانی گشـتی، سـاڵی ١٩٦٣ چەند وتارێکی لە بواری زمانەوانیدا تیادا کۆکردەوە.

٢ـــ بنەماکـــانی فۆنۆلـــۆجی مێژوویـــی، ســـاڵی (١٩٣١) پێشڤەچوونی دەنگەکانی زمانەوانی لەخۆدەگرێت.

٣. شیکردنەوەی فۆنۆلۆجی زمانی ڕووسی نویَ، ساڵی ١٩٣٤ زمانی لە لایەنە دەنگییەکەی باسکرد.

٤. گەورەکراو: فۆنیمە گەورەکراوەکانی زمانی عەرەبی، ســاڵی (١٩٥٧) وتارێــک بــوو پرســی دەنگــی بــەگشــتی لەخۆگرتبوو.

٥ـ دیـاردە زمانەوانییەکـانی بـواری وەرگێـڕان، سـاڵی ١٩٦٦ .

٦ـــ مەســـەلەکانی شـــیعریەت، ســـاڵی ١٩٧٣، کـــۆمەڵە وتارێک، ٢٩ توێژینەوەی هەمەجۆر.

٧ـ کـاریگەری هەمەکیـیە زمانەوانییەکـان، سـاڵی ١٩٦٣، وتارێـک بـوو، ئادگـارە زمـانەوانییە هەمەکییەکـانی تیـادا باسکرا.

٨. زمانگیریی و نەخۆشییەکانی ئاخاوتن[١].

---

١- میشـال زکریـا، مباحـث فـي النظريـة الألسـنية و تعلـيم اللغـة ، ص ١٦٥.

**سێیەم: ئەندرێ مارتینیە**

مـارتینیە سـاڵی ١٩٠٨ لە کەرتـی (سـاڤوا) لە فەرەنسـا لەدایکبـووە، پسـپۆڕێتی لە زمـانی ئینگلیـزی، پاشـان لە زمـانەوانی گشـتی پەیـداکرد، هەروەهـا لە ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە زانکۆی کۆلۆمبیا خوێندی و زیاتر لەژێر کاریگەری (بلۆمفیلد)دا بوو، کە زمانەوانێک بوو بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ڕەوشتکاری لە بواری زمانەوانی هەژمار دەکرێت.(مارتینیە) زانایەکی گەورەی بواری فۆنۆلۆجی بوو و بەشداری لە پڕۆژەکانی قوتابخـانەی (پـراگ)ی زمانەوانیـدا کـرد، ئەویـش پـێش ئەوەی لە زانکۆی دانیمارک و زانکۆی کۆلۆمبیادا بخوێنێت، لە سـاڵی ١٩٨٤ بـووە بەڕێـوەبەری گۆڤـاری (وشـە)ی زمـانەوانی لە نیۆرک، لـە سـاڵی ١٩٦٠ بـووە مامۆسـتا لـە زانکـۆی سـۆربۆن و بەڕێوەبـەری خوێنـدنی زمـان لـە پەیمـانگەی زمـانەوانی بـاڵا لە پـاریس[١]. هەروەهـا بـووە

---

١- فاطمـة الطبـال بركـة، النظريـة الألسـنية عنـد رومـان جاكبسـون، دراسـة و نصـوص ، المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات و النشـر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٣، ص ٢٧٠ . و ميشال زكريا، الألسنية علم اللغة الحـديث المبـادئ و الأعـلام، ط٢، المؤسسـة الجامعيـة، ١٩٨٣، ص ٢٥٢.

بەڕێــوەبەری کــۆمەڵەی جیهــانی زمــانی هاریکــار، کە مەبەسـت لێـی دامەزرانـدنی زمـانێکی جیهـانی تـازە بـوو، مـارتینیە لە تـوێژینەوەی دەنـگە ئەرکییەکانـدا پەیـڕەوی لە پرۆگرامـی قوتابخـانەی (پـراگ) دەکـرد و بەگشـتی لەسـەر دەســتی مــارتینیە ڕەوشــی زمــانەوانی لە ئەورووپــا پێشـڤەچوونی بەخـۆیەوە بینـی، بەتـایبەتی لە فەرەنسـا، ئەو زیاتر جەختی لەسەر توێژینەوەی ئەرکی زمـان دەکـردەوە لە کـاتی ئەنجامـدانی پرۆسـەی گەیانـدن و پەیوەنـدیکردن، دەشــتوانین بیروبۆچوونەکـانی لەم خــاڵانەی خــوارەوەدا چڕبکەینەوە:

**أ. ئەرکی زمان:**

مـارتینیە ئەرکـی پەیوەنـدیکردن بە ئەرکێکـی سـەرەکی زمــان لەقەڵەم دەدا، کە لەنێــوان ئەنــدامانی کۆمەڵگــەی زمانەوانیــدا ئەنجــام دەدرێــت، ئەم ئەرکە زمــان پێــی هەڵدەستێت لەسەر ئەو بنەمـایەی کە پێکهاتەیەکی مـرۆییە، هەرچەندە بونیادەکەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بـۆ کـۆمەڵگەیەکی زمانەوانی دیکە دەگۆڕدرێت، چونکە پەیوەندیکردن ئەرکـی سـەرەکی زمـانە لە لای مـارتینیە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەرکەکـانی دیـکەی زمـان پەراوێـز ناخـات، بەڵـکو نزیکیـان دەکــاتەوە و گرنگییەکـی مامناوەنــدییان پێدەبەخشـێت، لە

هەمـان کاتـدا ئەو وای دەبینـێ زمـان کـۆپییەکی شـتەکان و گواستنەوەیەکی دینامییکی نییە بۆیان، بەڵکو بونیـادگەلێکی ڕێکخـراو و ڕیزکـراو و تەواوە، کە قسـەکەر بە ئامـانجی دەگرێـت و بەهـۆیەوە دەڕوانێـتە جیهـانی شـتەکان و هەسـتەکان، ئەمەش بێگومـان بەڵەدبـوون و شـارەزایی مرۆڤ بەرهەم دێنێت، بۆ نموونە فێربوونی زمـانێکی بیـانی مانای دانانی هێماکانی تازە نییە بۆ شتە ئاساییەکان، بەڵکو وەرگـرتن و فێربـوونی تێڕوانینێکـی شـیکارانە و جیـایە لە بـواری ناسـین و زانینـی بونیـادە زمانەوانییەکـانی، کە واقیعەکە بەشێوەیەکی جیا لە زمانی دایک نمایان دەکات و دەریدەخات[1]، لە بواری ئەرکی زمانەوانیشدا مارتینیە سێ جۆری ئەم ئەرکە دەستنیشان دەکات، کە ئەمانەن:

١- ئەرکی جیاکاری.

٢- ئەرکی دابڕین، گوێگر وای لێدەکات بتوانێت وتەکان بۆ چەند یەکەیەکی یەک لەدوای یەک شیبکاتەوە.

---

1- Elements de linguistique generale، pp. 9.

٣ـ ئەرکی گوزارشتکردن، ئەم ئەرکە حاڵەتی ئەقڵ یان حاڵەتە هزرییەکەی قسەکەر بە گوێگر ڕادەگەیەنێت[١]، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەموو زمانەکانی جیهان لە بواری ئەرکی ڕاگەیاندن بەشێوە ماددیەکەی و کۆمەڵایەتییەکەی هاوبەشن، ئەمەش وا دەگەیەنێت واتای ئەرکی زمانەوانی لە گوزارشتی زماندا لە قووڵایی ئەزموونی مرۆیی بە شێوازێکی ڕەمزی جیاکار کورت دەکرێتەوە و چڕ دەبێتەوە، کە بونیادە زمانەوانییەکە دەکاتە ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی ئەم حاڵەتە[٢].

**ب . پارچەکردنی دوانەیی**[٣]:

ئەم پارچەکردنە (Double articulation) لە کەمەندکێشبوونی مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن لە هزر و بیر و ئارەزووە خودییەکانی و خولیا کەسییەکانی خۆیدا بەرجەستە دەبێت و دەردەکەوێت، کە بە هەموویانەوە ئەزموونی جەوهەری لەلای پێکدەهێنن، و هەوڵدەدات بۆ

---

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة والتطور، ص، ١٥٣ نقلا عن: Elements de linguistique generale، Andre martinet، colin، paris، 1960، p: 53.

2- ibid، pp: 11 – 12 – 13.

3- Elements de linguistique general، pp: 14.

ئەوەی بۆ غەیری خۆی، واتە بۆ کەسانی دی بیانگەیەنێت، ئەمەش بێگومـان بە هـاواریێکی خۆشـی یـان نـاڵەیەکی ئـازاراویی دروسـت دەبێت، ئەم ئاکارانەش نـاگەنە ئاسـتی ڕاگەیانـدنی زمـانەوانی، لەبەر ئەوە ئەزمـوونی مرۆیـی، کە دارشـتنەکەی لە زمانـدا بە ئاسـانی دروسـت دەبێـت، دووچـاری پەرتبـوون دەبێـت و دابەش دەبێـتە سـەر کۆمەڵەیەکەیەکی ئامـاژەیی، پاشـانیش بـۆ چەنـد یەکەیەکـی دەنگـی پەرت دەبێت[1]، پـارچەکردنی دوانەیـی بە بنەمـای تیۆری مارتینیە هەژمـار دەکرێت، کە وای دەبینێت زمـانی مـرۆڤ جیـاوازی لەگـەڵ ئامرازەکـانی دیـکەی ڕاگەیانـدن هەیە، لەبەر ئەوەی پـارچەکردنی دوانەیـیە، واتە قسـەکانی زمان لە دوو ئاستی جودا پێکدێت، کە ئەمانەن:

**ئاستی پارچەکردنی یەکەم** moneme:

لەم ئاسـتەدا چەنـد یەکەیەکـی خـاوەن نـاوەرۆکی مەعـنەوی (هێمـابۆکراو) و دەنگـی واژەکـراو (هێما)مـان دەسـتدەکەوێت، ئەم یەکـانە بە (دەنگـی واژەکـراو) (مۆنیمـەکان) نـاوزەد دەکـرێن، بـۆ نمـوونە: دەرس/ ەکـە/ پێداچوو/مـەوە، دەبینـین ئەم نمـوونەیە چـوار مـۆنیمی یەک

---

١- رونـال ایلـوار، مـدخل إلـی اللسـانیات، ترجمـة: بدرالـدین القاسـم، منشورات وزارة التعلیم العالي، السعودیة، ١٩٨٠، ص ٨٢.

لەدوای یەک لەخـــۆ دەگرێـــت، کە هەر واژەیەکیـــان بە (هێمابۆکراو) ناودەبرێت، دارشتنە دەنگییەکەشی (هێما)ی پێـدەڵێن، کە یەکەی ئاسـت نـزمن و نـاکرێ بـۆ چەنـد یەکەیەکی ئاماژەیی بچووکتر شیبکرێنەوە، بەڵام دەکرێ لەناو لیستی کراوەدا بۆ یەکەی دی شیبکرێنەوە، وەکو نموونە:

| | |
|---|---|
| خامەکەم | لە عاج و زیوە |
| دەمژمێــرە کەم | |
| گوارەکەم | |

یەکەی (خامە)، یەکەیەکی فەرهەنگییە، کە سەر بە لیستێکی کراوەیە، ژمارەی یەکەکانی زۆر و بێکۆتایین، کەچی یەکەی وشەسازییەکە (م)ەکە جێناوە و سەر بە بەشی لیستە داخراوەکەیە و ناکرێ جێگۆرکێی پێبکرێت، مەگەر لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی مۆنیمەکان نەبێت، وەکو بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| خامەکەم | لە عاج و زیو |
| خامەکەمان | |
| خامەکەت | |
| خامەکەتان | |

| |
|---|
| خامەکەی |
| خامەکەیان |
| خامەکەیان |

کەواتە یەکەی (م) سەر بە لیستێکی داخراوە، چونکە ژمارەی یەکەکانی کەمە.

**ئاستی پارچەکردنی دووەم** (Phoneme):

دەکرێ بە هەمان شێوە مۆنیمەکان بۆ چەند یەکەیەکی ئاست نزم پارچە بکرێن، کە لە هەموو ئاماژەیەک ڕووت و ڕەهابن، بەڵام جیاکاربن، کە بە (فۆنیمەکان) ناوزەد دەکرێن و لە هەموو زمانێکدا حەشاردراون[1]، بۆ نموونە:

**عومەر وانەکەی خۆی نووسی.**

**قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە.**

لەم حاڵەتەدا دەکرێ وشەی (نووسی) بۆ چەند یەکەی جیاکار، واتە چوار فۆنیم دابەش بکرێت: ن / وو / س / ی /، وشەی (دابەزیوە)ش بۆ ئەم فۆنیمانە دابەشدەکرێت: د/ ا / ب/ ە/ ز/ ی/ و/ ە / ، کەواتە لێرەوە پارچەکردنی دوانەیی دەبێتە یاسایەکی سەرەکی لە یاساکانی زمانی مرۆڤ.

---

١- سليم بابا عمر وباني عميري، اللسانيات العامة الميسرة (علم التراكيب)، الجزائر، ١٩٩٠، ص ٧٤.

مـــارتينيه ئەم ياســـايانە بەم شـــێوەيە دەستنيشـــانيان دەكات:

**. ئەو پەيوەنديانەی لەنێوان يەكە زمانەوانييەكاندا هەن:**

پێكهـــاتەی زمـــانەوانی ئەركـــی لەســـەر پـــايەی ئەو پەيوەنـــديانە دەوەســـتێت، كە لەنێـــوان مۆنيمەكانـــدا هەيە، هەروەهـــا پشـــت بە كاريگەرييەكـــانی ســـەر سروشـــتی پێكهاتەكـــان دەبەســـتێت، ئەركـــی هەر مـــۆنيمێكيش لەنـــاو ڕستەدا لەم پەيوەنديانەوە دەستپێدەكات.

**. پلەی يەكە زمانەوانييەكان:**

تـــوێژينەوەی پەيوەنـــدی مۆنيمەكـــان لەنێـــوان خۆيانـــدا، بەتەنهـــايی بەس نيـــيە بـــۆ دەستنيشـــانكردنی ئەركەكانيـــان، بەڵكـــو دەبـــێ پـــێگە و ڕێكخســـتنی لەنـــاو پێكهاتەكەشـــدا بزانرێـــت، ئەويـــش بەگـــوێرەی پـــۆلێنكردنێكی ديـــاريكراو، چـــونكە جيـــاوازيی لە هەڵوێســـتەكاندا پەل بـــۆ جيـــاوازيی لە ئەركە پێكهاتەييەكانيشيدا دەكێشێ.

**. ناوەرۆكی يەكە زمانەوانييەكان:**

مـــارتينيه جەخـــت لەســـەر نـــاوەرۆكە واتـــاييەكەی مـــۆنيم دەكات، كە ژمارەيەكی واتايەكی تايبەت و سـەربەخۆی پێ

ببەخشێت و وای لێبکات ئەرکێکی تایبەت لەناو پێکهاتەکەدا جێبەجێ بکات.

**. چەمکی گونجاندن:**

تێبینی بابەتی پێدراوەکان بنەمای هەموو زانستێکە، ئەم پێدراوانە ئاڵۆز و بەیەکداچوون، لەبەر ئەوە پێویستە جەخت لەسەر ڕواڵەتی بابەتەکە بکرێتەوە، بە هەمان شێوەش دەبێ زمانەوانی بەدواداچوون بۆ خەسڵەتە تایبەتەکان و گونجاوەکانی ئەو بابەتە بکات، کە کۆشش دەکات بۆ ئەنجامدانی تویژینەوە دەربارەی زمان وەکو زانستەکانی دی خاوەن ئەدگارو خەسڵەتی گونجاون بۆ شیکردنەوەیان (بۆ نموونە ژمارەکان خەسڵەتە گونجاوەکانی ماتماتیکن، شێوەکانیش ئەو ئەدگار و خەسڵەتانەن، کە پێویستە لە زانستی ئەندازیاریدا جەختی بکرێتەوە سەر)، ئەم شێوازەش ئاستەکانی ئەم تویژینەوەیە بەوردی و بەڕوونی دەستنیشاندەکات.

**. ئابووری زمانەوانی لە بواری پێشکەوتنی زمانەوانی:**

پێشکەوتنی زمانەوانی پەیوەندییەکی لە ڕادەبەدەری بە هۆکارە دەرەکییەکانەوە هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن: پەیوەندی بونیادی زمانێک بە بونیادی زمانێکی دیکەوە و نیازمەندی بۆ پەیوەندیکردن لەناو بازنەی کۆمەڵگەدا

یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی دەبنە یارمەتیدەر بۆ پێشکەوتنی زمان، مارتینیە لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم هۆکارە دەرەکیانە کاریگەریان لەوەدایە لەناو چوارچێوەی بونیادی زماندا بن، بەهەمان شێوەش جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی تێگەیشتن و پەیوەندیکردن دەکاتەوە، بەشێوەیەک مانەوە و پێشکەوتن بۆ زمانەکە دەستەبەر دەکات[١]، لەم بوارەدا مارتینیە ئاماژە بە بوونی ململانێیەک دەکات لەنێوان نیازمەندی و پێویستبوون بە پەیوەندیکردن، کە دەبنە هۆکاری پێشڤەچوونی زمانەوانی و سستبوونی ئەندامەکان و کەمکردنەوەی ئەو کۆششانەی، کە بۆ پرۆسەکانی قسەکردن یان یادکردنەوە پێویستن[٢].

**. توێژینەوەی پێکهاتەیی:**

ئەندرێ مارتینیە توانی شیکردنەوەی پێکهاتەیی ڕستە بەرەوپێش بەرێت، لەسەر بنەمای ئەو دەرەنجامانەی کە توێژینەوە فۆنۆلۆجییەکە پێی گەیشت، بەمشێوەیە نەخشە

---

١- میشال زکریا، الألسنیة علم اللغة الحدیث المبادئ و الأعلام، ط٢، المؤسسة الجامعیة، ١٩٨٣، ص ٢٥٥ – ٢٥٧.

2- Andre martinet، Economic de changements phonetuque (Borne، Franck edition) 1995، p 97.

سەرەتاییەکانی ئەم شیکردنەوەی کێشا، کە پشت بە بنەمای ئەرکی توخمە زمانەوانییەکانی ناو پێکهاتەکە و ڕێگاکانی ڕێکخستنی دەبەستێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت شیکردنەوەی پێکهاتەیی لە زمانەوانیدا بەشێوەیەکی گشتی وازی لە زاراوەی (وشە) هێنا، ئەویش بەهۆی ئەو شپرزەییەی کە لە چەمکەکاندا جێی دەهێڵێت، هەروەها لەبەر ئەوەی بە مانا تەواوەکەی بەو یەکانە دەگوترێت، کە ئاستیان نزمە، وەکو: لە، لەسەر، ئایا.....هتد، هەروەها بەهەمان شێوە بەو یەکانەش دەگوترێت کە ئاست نزم نین و لەو توخمانە پێکدێن، کە هەریەکەیان ئەرکی خۆیان هەیە (چوو، بچۆ)، هەردووکیان ئەو پیتانە لەخۆ دەگرن، کە ئاماژە بۆ (چوون) دەکەن، هەروەها (بچۆ) زیادەیەکی لەسەر دارشتنەکەی پێشوو گرتۆتەخۆ، کە دارشتنێکە ئاماژە بۆ ئەو فەرمانە دەکات، کە ئاراستەی کەسی دووەمی گوێگر دەکرێت، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە هەمیشە زاراوەی ورد هەڵبژێرین، کە گوزارشت لە یەکە ئاست نزمەکە بکات. تیۆری ئەرکیش ئەم چەمکە بە (مۆنیم) ناودەبات، هەروەها لەم تیۆرەدا ئەو پەیوەندییەی کە

مۆنیمەکـــانی نـــاو سیســـتەمی زمـــانەوانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەم حاڵەتانەدا دەردەکەوێت[1]:

**١. واژەی سەربەخۆ** Moneme autonome:

ئەم واژانە کۆمەڵە یەکەیەکی ئەوتۆی ئاماژەدارن و لە بونیادەکەیاندا هەڵگری بەڵگەی ئەرکەکەی خۆیانن و لەم ئاوەڵکارە کاتیانە پێکدێن: ئەمڕۆ، بەیانی، هەندێکجار، ئەو پەیوەندیەی کە ئەم یەکانە بە یەکەکانی دیکەوە گرێ دەدات، پشت بە بنەمای ئاماژە خودییەکەی دەبەستێت، نەک بەوەی شوێنی لە پێکهاتەکەدایە یان بەستنەوەی بە پێکهاتەی وەکو:

**دوێنێ ڕێز لە نووسەرەکە گیرا.**

واژەی (دوێنێ) دەکرێ لە چەند پێگەیەکی جۆراوجۆردا دەربکەوێت، چونکە دەکرێ بە هەمان شێوە بوترێت:

**دوێنێ ڕێزگیرا لە نووسەرەکە.**

**ڕێزگیرا دوێنێ لە نووسەرەکە.**

---

١- أحمد حساني، مباحث في اللسانيات العامة، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ١٩٩٤، ص ١١٣ هەروەها بڕوانە: Elements de linguistique generale.,p

**٢. واژەی ئەرکی** (Moneme fonctionnel):

ئەم واژەیە لە خودی خۆیدا هیچ ئەرکێک جێبەجێ ناکات، بەڵکو دەبێتە یارمەتیدەر بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکی چەند توخمێکی دیکە، ئەگەری ئەوەش هەیە لەو بوارە زمانەوانییەی کە هەندێک واژەی تیادا بەکاردەهێنرێت، سەربەخۆبێت، وەکو: ئامرازی پەیوەندی، ئامرازەکانی نسب و جەزم لە زمانی عەرەبیدا، بۆ نموونە:

**قوتابییەکە بۆ زانکۆ چوو.**

جا لێرەدا واژەی (بۆ) واژەیەکی ئەرکییە، کە لە خودی خۆیدا هیچ ئەرکێکی نییە، بەڵام ئەرکێک بۆ ئەو ناوەی پاش خۆی دێت دەستەبەر دەکات، کە واژەی (زانکۆ)یە، لەم حاڵەتەشدا ئەرکی (تەواوکەری بەیاریدە ـ بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەبینێت.

**٣. واژەی پاشکۆ** (Moneme dependant):

واژەیەکی نزیکە لە واژەی ئەرکی، کە ئەرکەکەی دەستنیشان دەکات، وەکو (تەواوکەری بەیاریدە)، کە لەگەڵ (ئامرازی پەیوەندی) جووت دەبێت، واژەی (زانکۆ) لە نموونەکەی پێشوودا واژەیەکی پاشکۆ و جووتە لەگەڵ واژەی ئەرکی (بۆ)، لێرەشدا واژەیەکی پاشکۆ هەیە، کە بەو پێگەیە بەستراوەتەوە، کە ئەرکەکەی لەڕێگەی

پـێگەکەیەوە دەستنیشـان دەکات، چـونکە گـۆڕانی پـێگەکە دەبێـتە هـۆی گـۆڕانی ئەرکە ڕێزمـانییەکەی، بـۆ نمـوونە:

**ڕاگری کۆلیژەکە سەردانی کردین.**

لێـرەدا یەکەی: (کـۆلێژ) (دیارخــەر)ە، کە واژەیەکە بە پێگەکەوە بەستراوەتەوە.

**٤. گوزارشتی سەربەخۆ** (Syntagme autonome):

ئەم گوزارشـتە لە واژەیەکی ئەرکی پێکدێت، کە لەگـەڵ واژەیەکی پاشـکۆدا جووت دەبێت، ئەرکە ڕێزمانییەکەشـی لەڕێگـەی یەک بەش لە توخمەکـانی دەستنیشـان ناکرێـت، بەڵکو لەڕێگەی لێکدانی هەموو توخمەکانییەوە دەستنیشـان دەکرێـت: بـۆ نمـوونە: (ئـامرازی پەیوەنـدی و تەواوکـەری بەیاریدە) و (دیارخەر و دیارخراو)، وەکو:

**لەگەڵ هاوڕێیەکانم سەردانی پێشانگای کتێبم کرد.**

جـا گوزارشــتی (لەگــەڵ هاوڕێیــەکانم) ئامــاژە بــۆ هــاوەڵبوون دەکـات و تەنهـا لە بەشـێکی گوزارشـتەکەوە دەســتناکەوێت، بەڵکــو لە لێکــدانی هەردوو تــوخمەکەوە دەستدەکەوێت و دەشکرێ پێگەکەی بگۆڕدرێت.

**٥. پێکهاتەی پشتبەستن** (Syntagme predicatif):

ئەم ڕســتەیە واژەیەکــی ســەربەخۆی(ئــەمڕۆ) لەخــۆ دەگرێـت، هەروەهـا گوزارشـتێکی سـەربەخۆی(بەسـەر

دوژمن) لەخۆ دەگرێت، و واژەی (سەردەکەوین) بە تەنها و بەبێ یارمەتی پەیامەکە دروستدەکات و پێویستی بە هیچ توخمێکی دیکە یان پاشکۆیەکی دیکە نییە، بۆیە بە (پێکهاتەی پشتبەستن) ناوزەد دەکرێت، هەر شتێکیشی بخرێتە سەر بە زیادەوە یان پاشکۆ هەژمار دەکرێت، چونکە پرۆسەی ئاخاوتن بەبێ ئەم زیادەیە یاخود پاشکۆیە بەجوانی بەڕێوە دەچێت، ئەویش بێگومان لەڕووی ئەرکییەوە، جگە لەمەش ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان توخمەکانی پێشوودا هەیە، گۆڕانکارییان بەسەردا ناهێنێت، لەبەر ئەوە ئەرکەکەی سەرەکی نییە، گەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە پێکهاتەی پشتبەستنەکەوە بنووسێت، ئەوا ئەرکێکی سەرەتایی جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوەی بنووسێت، ئەوا ئەرکێکی ناسەرەتایی جێبەجێ دەکات، بۆ نموونە:

**مامۆستاکە پەرتووکێکی بەنرخی کڕی.**

لێرەدا واژەی (پەرتووک) بەرکاری ڕاستەوخۆیە و ڕاستەوخۆ بە پێکهاتەی پشتبەستنەکەوە بەستراوەتەوە و ئەرکێکی سەرەتایی جێبەجێ دەکات، واژەی (بەنرخی) ئاوڵناوە و وابەستەگییەکی ناڕاستەوخۆی بە لێکدان پێکهاتەی پشتبەستنەوە هەیە، ئەویش لەڕێگەی بەرکاری

ڕاستەخۆ، لەبەر ئەوە ئەرکەکەی ناسەرەتاییە. هەروەها مارتینیە دوو جۆرە (پاشکۆ ـ expansion) لە یەک جودا دەکاتەوە و بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکات: (پاشکۆی بەستنەوە ـ Coordination) ئەم جۆرە پاشکۆیە ئاخاوتنەکە لەگەڵ بونیادی ناوەکی و سەرەکی ڕستەکە وەک خۆی بە گونجاوی دەهێڵێتەوە، ئەگەر توخمی یەکەم وەکو: **(پیاوە گەورەکان و ڕیشسپییەکان ئامادەبوون)**، لەم حاڵەتەدا گەر وشەی (پیاوە گەورەکان) لابردرا، ڕستەکە دەبێتە (ڕیشسپییەکان ئامادەبوون)، کە ئەمەش لەگەڵ ڕستەکەی یەکەمدا دەگونجێت، جۆری دووەمیش (پاشکۆی دوایی) یان پاشکۆی لکاندن ـ Subordination)، کە جیاوازی لەگەڵ جۆرەکەی یەکەمدا هەیە، لەم جۆرەدا پاشکۆکە ئەرکێکی وا دەگرێتەخۆ، کە جیاوازی لەگەڵ توخمەکەی یەکەمدا هەیە (بەدواداچووەکە)، وەکو: **بە پاداشتێکی گەورە بە پەرتووک خەڵاتی کرد**، ناکرێ توخمی یەکەم کە وشەی (پاداشت)تە لاببردرێت، چونکە ئەرکی لێکدانەکەی جیاوازی لەگەڵ توخمە پاشکۆکە هەیە، کە وشەی (گەورە)یە. چەمکی پاشکۆش لەلای مارتینیە چەند ئەرکێکی جودا لەخۆ دەگرێت وەکو (ئاوەڵناو) و

(دیارخەر) و (بەرکار)، جا لەسەر بنەمای شیکردنەوەی ئەرکی بونیادەی پێکهاتەیی، ڕستەکە بەم وتەیە پێناسە دەکات: هەموو لێکدانێک دەگرێتەوە، کە توخمەکانی بە گۆشەیەکی پشتبەستنی تەنها یان جۆراوجۆر لەڕێگەی پرۆسەی پاشکۆکردنەوە پەیوەندی هەبێت[1].

**٦. جۆرەکانی یەکە پێکهاتەییەکان:**

یەکەکانی پێکهاتەیی چەند شێوەیەک لەخۆ دەگرن، جاری وا هەیە تەنها واژەی سادەن، جاری واش هەیە چەند دیاردەیەک ڕوویان تێدەکات، کە دەبنە واژەگەلێک لە جۆرێکی تایبەت، واژەی جیاکار و نەهێڵییەکان، واژە جوداکراوەکان و هاوبەشەکان، جاری واش هەیە لە دوو بەش یان زیاتر پێکهاتوون، ئەویش بەگوێرەی چەند دارشتنێکی لێکێنراو، کە کاری یەکە یەکەی پێکهاتەیی ئەنجام دەدەن: دارشتنی یەکگرتوو و دارشتنی پێکهاتەیی.

---

١- أحمد حساني، مباحث في اللسانيات العامة، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ١٩٩٤، ص ١١٤ – ١١٦ . هەروەها بڕوانە:
Elements de linguistique generale، p: 112

**أ. واژەی سادە:**

ئەو واژەیە ئاست نزمە و بۆ پارچەکردنی یەکەمە زیادکراو و هێمابۆکراوەکەیە، کە دەکرێ لەگەڵ یەکەی دیکەدا جێگۆڕکێی پێ بکرێت، ئەویش لەسەر پەیوەندی ستوونی و لە هەمان دەوروبەردا، بۆ نموونە: **(ئەحمەد قوتابییەکی ڕەسەنە)**، لەم حاڵەتەدا واژەی (ڕەسەن) دەکرێ لەگەڵ یەکەی دیکەدا و لەسەر پەیوەندی ستوونی بگۆڕدرێت و جێگۆڕکێی پێ بکرێت، وەکو: چالاک - تەمبەڵ، زیرەک، چوست... دەکرێ واژەی سادە لەگەڵ یەکەی دیکەدا و لەسەر تەوەری پێکهاتەی جووت بێت، وەکو:

**ئەمە قوتابییەکی ڕەسەنە.**

**قوتابییە ڕەسەنەکە هات.**

**چاوم بە ڕەسەنەکانی بەشەکە کەوت.**

**ب . واژەی تێکەڵ** (amalgame)[1]:

هێماکە لەم واژەیەدا دوو هێمابۆکراو یان زیاتر لەخۆ دەگرێت و ناشتوانرێت لەڕووی فۆرمەوە جودابکرێنەوە، بۆ نموونە: شێوازی دارشتنی واژەی (پاڵەوانەکان) دوو

---

1- Elements de linguistique generale، p: 101.

مانــای هەیە، یەکێکیــان مانــای ئەم تــاکە دەگەیەنێــت، کە (پاڵەوان)ە، دووەمیشیان مانای (کۆ) دەگەیەنێت.

**ج ـ واژەی جوداکراو:**

ئەم واژەیە بە پـێچەوانەی واژە تـێکەڵەکەیە، کە تیایـدا هێماکە بۆ دوو بەش یان زیاتر پۆلێن دەکرێت، ئەویش بۆ دەستنیشانکردنی یەک هێما کە قابیلی دابەشکردن نەبێت، بـۆ نمـوونە: **(ارتـدت الممرضـة مئزراهـا ـ پەرسـتیارەکە لەشپۆشەکەی لەبەرکرد)**، ئەمـە ئاماژە بۆ مێینە دەکات و لەم نموونەیەدا سێ هێما هەن، کە ئەمانەن: (ت) لە وشەی (ارتدت) و (ة) لە (الممرضة) و (ها) لە (مئزرها).

**د ـ واژەی نەهێڵان یان سفربوون:**

ئەم واژەیە نەبـوونی فـۆرمی پێشـبینیکراوە، و لە کـاتی شیکردنەوەدا بە هێمای هەڵسەنگاندن لەسەر شێوەی سفر (٠) ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەمەش لە زمانی نووسـراودا بە بـوونی دوو هێمـای شـێوەیی ـ فـۆرمی ئاشـکرا دەبێت، کە (فەتحــة ـــ ســـەر) و (التـــاء المربوطـــة)ن لەگـــەڵ مـــێ دەردەکەوێت، کەچی لەگەڵ (نێر)دا دەرناکەوێت، وەکو:

معلم ـ معلمة

أستاذ ـ أستاذة

لەم کارانەدا دەردەکەوێت،وەکو:کتب = کتبت = کتب + ت

**هـ . واژەی هاوبەش:**

هێمایەک دوو هێمابۆکراو یان زیاتر لەنێوانیاندا بەشی دەکەن، کە ناکرێ بە یەک هێمابۆکراو سەربەخۆ بکرێن، کە دەوروبەرەکە۔ بوارەکە دەستنیشانی دەکات، وەکو بۆ نموونە: (تبتسم ـ پێدەکەنێت)، شێوازی ڕانەبووردوو لەگەڵ ئەم بەکارهێنانەدا بەرچاو دەکەوێت:

* ئاراستەکراوی نێری تاک (أنت ـ تۆ).
* لەگەڵ نائامادەی تاکی مێ (هي ـ ئەو)

**و. شێوازی یەکگرتوویی:**

یەکەیەکە لە ڕووی فۆرم و لایەنە مەعنەوییەکەیەوە بۆ دوو یەکەی ئاماژەیی یان زیاتر شیدەکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پرۆسەی پێکهاتەکەی وەک یەک وشە مامەڵە دەکات و بۆ جێبەجێکردنی یەک ئەرک یەکدەگرێت، وەکو:

پاسپۆرت، ئوم کەلسووم، قسەی پوخت، لەوانەیە (دیارخراو) و (دیارخراو) بێت یان (ئاوڵناو) یان (ناوی لێکدراو) یان (ڕێژەی نەگۆڕ) بێت، کە هەموویان وەکو یەک واژەی تاک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**٧. شێوازی پێکهاتەیی:**

مـارتینیە پێـی وایە کـۆمەڵە واژەیەکە هەریەکە ئەرکێکـی تـایبەت جێبـەجێ دەکات، زۆرجـاریش دەبێتە خـاوەن یەک یەکەی ئەرکـی، سـەربەخۆیی بـۆ دەسـتەبەر دەکـات، لەم حـاڵەتەدا ئەرکەکەی بە شـوێنەکەی نابەسـترێتەوە، بـۆ نموونە: (ساڵی ڕابوردوو) لەم پێکهاتانەی خوارەوە هەمان ئەرک جێبەجێ دەکەن:

**لە ساڵی ڕابوردوو گەشتم کرد بۆ میسر.**
**گەشتم کرد ساڵی ڕابوردوو بۆ میسر.**
**گەشتم کرد بۆ میسر ساڵی ڕابوردوو.** [1]

بەمشـێوەیە بەهـا و گرنگـی ئەو کۆششـانەمان بـۆ دەردەکەوێت، کە مارتینیە لە بواری تـوێژینەوە زمـانەوانییە نوێیەکانـدا خسـتیەگەڕ، کە تـوێژینەوەی بابەتیـانە و زانستیبوون، لە حاڵەتێکدا پێش ئەو توێژینەوەکان پێوەرانە بـوون، (مـارتینیە) گەیشـتە ئەو ئەنجـامەی کە تـوخمە سـادەکان بەهـۆی پـارچەکردنی دوانەیـی تـایبەت لەیەک جیابکاتەوە، بەمجۆرە لە زانستە وردەکان نزیک بووەوە،

---

١- سليم بابا عمر وباني عميري، اللسانيات العامة الميسرة (علم التراكيب)، الجزائر، ١٩٩٠، ص ٧٤ – ٩٥.

پاشــان بــووه هــۆی والاکردنــی ئاســۆی تــازه له بــواری توێژینەوه و کردارەکیدا.

**نووســین و توێژینەوەکــانی ئــەنــدرێ مــارتینیه له بــواری زمانەوانیدا:**

١ـ توخمەکــانی زمــانەوانی گشــتی: ئەم پەرتــووکه بــۆ زمـانی عەرەبی چەند جارێک وەرگێڕدراوه، به گرنگترین نووسینەکانی مارتینیه هەژمار دەکرێت، که تیایدا باسی له چەند توخمێک کردووه، لەوانه بۆ نموونه: ئەرکی زمـان، گونجانی زمـانەوانی، ئابووری زمـانەوانی، هەروەهـا تیایدا باســی له دیــاردەی پــارچەکردنی دوانەیــی کــردووه و له ساڵی (١٩٦٠) بڵاوی کردۆتەوه.

٢ـ زمانەوانی ئێستایی، ١٩٦٥.

٣ـ ئابووری له گۆڕانکارییه دەنگییەکان، ١٩٥٥.

٤ـ وەسفی دەنگی ئاخاوتنی فەرەنسی، ١٩٤٥.

٥ـ گۆڕانکارییه دەنگییەکان، ١٩٥٦.

٦ـ زمانەوانی ئەرکی [١].

٧ـ فۆنۆلۆجی وەک جۆرێک له دەنگه ئەرکییەکان ١٩٤٩.

---

١- فاطمـة الطبـال بركـة، النظريـة الألسـنية عنـد رومـان جاكبسـون، دراســة و نصــوص ، المؤسســة الجامعيــة للدراســات و النشــر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٣، ص ٢٧٠.

٨ـ تێڕوانینێکی ئەرکیانە بۆ زمان، ١٩٦٢ .

پێش ئەوەی واز لە بازنەی قوتابخانە ئەرکییەکە بێنین، وا باشترە ئاماژە بە گرنگی بەو توێژینەوە زمانەوانیانە بدەین، کە بە سەرپەرشتی کۆمەڵەی زمانەوانی پاریس لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە فەرەنسا سەریان هەڵدا، کە کار و پڕۆژەکانیان ئەمانە بوون:

ـ توێژینەوەی مێژوویی لەڕێگەی کارەکانی ئەنتوان مایە.

ـ ئەو توێژینەوە دەنگیانەی باس لە لایەنی فسیۆلۆژیی بیستنی پرۆسەی ئاخاوتن دەکەن، ئەویش لەڕێگەی نووسینەکانی (ڕۆسلۆ)و (جاستۆن باری) و (فندریس)، کە لە پەرتووکە ناودارەکەی خۆیدا بە ناوی (زمان) بوو، بڵاوی کردبۆوە.

ــ گرنگیدان بە توێژینەوە بەرانبەرییەکانی بواری (پێکهاتەناسی) بەتایبەتی لەنێوان هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا، ئەویش لە ڕوانگەی توێژینەوەکانی (ئەنتوان کولیولی) و (هنری ئادەم زویسکی) [1].

١- عبدالقادر عبدالجليل، علم اللسانيات الحديث، دار الصفاء، ط١، عمان، ٢٠٠٢، ص ٢٤٠.

ـ سەرهەڵدانی تیۆری ڕێزمانی بەستنەوەی (لوسیان تسنیار L. Tesnere)، کە پەرتووکێکی بە ناونیشانی (بنەماکانی پێکهاتەی بونیادگەری) بڵاوکردەوە و تیایدا گرنگترین وێنا و بۆچوونە ئەرکییەکانی خستەڕوو، کە لە ڕووی تازەییەوە جیاکاریان هەیە، لەوانە بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی پۆلێنی کلاسیکی ئەرکە ڕێزمانییەکان کە (نیهاد) و (گوزارە) و (تەواوکاری) لە یەک جودا دەکاتەوە و پێگەیەکی سەنتەری لەناو پێکهاتەکە لەخۆ دەگرێت و هەموو توخمەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت، (نیهاد) پایەیەکی گرنگە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوەی کە یەکەیەکی تەواوکارە، کەچی (گوزارە) یەکەیەکی پاشکۆی تەواوکارییە، هەروەها جیاکاری خستە نێوان یەکە ڕێزمانییەکانەوە و پۆلێنیانی کرد بۆ سەنتەری پشتبەستن، وەکو: (پرس ـ Proces) یان (ڕووداوی سەنتەر)، کە کە (بکەر ـ actant)ەکەیە پێوەی بەستراونەتەوە، کە پرسەکە جێبەجێ دەکات[١].

---

١ ــ الطيب دبه، مبادىء اللسانيات البنوية ــ دراسة تحليلية ابسيمولوجية، جمعية الأدب للأساتذة الباحثين، دار القصبة للنشر، ط١، الجزائر، ٢٠٠١ ، ص ١١٤ .

# ئاراستەی کۆبنهاگن . گلۆسیماتیک [1]

# Glossematique

**سەرهەڵدان و پێشڤەچوون:**

هەردوو زانا (ڤیکۆ برۆندال (١٨٨٧ / ١٩٤٢) و (لویس هێلمسلیڤ) لە ساڵی (١٩٣٤) قوتابخانەی زمانەوانی دانیمارکیان دامەزراند، (لویس هێلمسلیڤ)[2] پەرتووکێکی

---

١- ئەم زاراوەیە لە وشەی گریگی (Glossa)ەوە داتاشراوە، کە مانای (زمان) دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە زانستی گلۆسیمات توێژینەوەی ئەو یەکە ڕێزمانییە بچووکانەیە، کە لە زماندا دابەش ناکرێت.

٢- لویس هیلمسلیڤ ساڵی ١٨٩٩ لە کۆبنهاگن لەدایکبووە، کە لە خانەوادەیەک بوو لە بواری زانستدا ناویان دەرکردبوو، باوکی بەڕێوەبەری زانکۆی کۆبنهاگن بوو، لە سەرەتای دەستکردنی بە توێژینەوەی زمانەوانی باسی لە زمانەوانی بەراوردکاری (ڕاسمۆس ڕاسک) دەکرد، کە گرنگی بە توێژینەوەی ڕێزمانی زمانەکانی ناوچەی (بەڵتیق) دەدا، هەروەها شارەزایی لە توێژینەوەکانی

به نــاوی ( Theory of language to a prolegomena ـ تیـۆری زمانـەوانی ـ پرۆلیگۆمینـە) لە ساڵی (١٩٤٣) نووسی، پاشان ساڵی (١٩٥٣) وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی،[1] ڕێبازی دانیمارکی بەشێوەیەکە کە

---

(سۆسێر) و (مایە) و (فندریس) هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ساڵانی ١٩٢٦ و ١٩٢٧ لە پاریسدا دەژیا، توێژەرەکان ئەم زمانەوانەیان(مەبەستمان هێلمسلێڤە) بە دیاریترین زمانەوان دادەنێن، کە لە پرۆگرامەکانی تیۆرانینی ماتماتیک و لۆجیک سوودیان وەرگرتووە بۆ توێژینەوەی زمان لە ڕووی فۆرمەوە، ئەویش لەژێر کاریگەری (کارناپ) لە ڕووی فەلسەفییەوە، ئەم زمانەوانە چەند نووسینێکی هەیە، لەوانە: پەرتووکی (پرۆلیگۆمینە) یان پێشەکییەک دەربارەی تیۆری زمانەوانی، کە لە ساڵی (١٩٤٣) دەرچوو، لە (١١٢) لاپەڕە پێکهاتبوو، پاشان لە ساڵی ١٩٥٣ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەم زمانەوانە لە ساڵی (١٩٦٥) کۆچی دوایی کرد، بڕوانە أحمد مؤمن، اللسانیات، النشأة و التطور، ص ١٥٧ . هەروەها بڕوانە: جیفری سامسون، مدارس اللسانیات، التسابق و التطور، ص ١٧٧.

١ـ میلکا إفتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبدالعزیز مصلوح و وفاء کامل فاید، المجلس الأعلی للثقافة، المطبعة الأمیریة، مصر، ١٩٩٢، ص ٣١٧، هەروەها بڕوانە: وفاء کامل، البنیویة في اللسانیات، عالم الفکر، مجلة عالم الفکر، المجلس الوطني للثقافة و الفنون، الکویت، عدد ٢، ١٩٩٧، ص ٢٥٨.

تــویژینەوەی زمــان تیایــدا بەگــوێرەی وردەکارییەکــانی ڕێبـازی بونیـادگەریی بەشـێوەیەکی گشـتی بەڕێوەدەچێت، هەرچەنـدە زانایـانی ئەم قوتابخـانەیە تێڕوانینـی تـایبەتی خۆیـان دەربـارەی دیـاردە زمانەوانییەکـان هەیە، هەروەهـا بۆچـوونی خۆیـان لە بـواری دەستنیشـانکردنی هەنـدێک چەمـــک هەیە، کە لەوانەیە پەیوەنـــدی بە قوتابخـــانە بونیادگەرییەکـانی دیـکەوە نەبێـت، زۆر لە زمانەوانەکـان پەیڕەویـان لەو سیسـتەمە فـۆرمی و وێنەیـیە دەکـرد، کە (هێلمسـلیڤ) دایڕشـتبوو، هەرچەنـدە لەسـەر زمانەکـان پراکتیـزە ناکرێـت، ئەویـش لەبەر ئەو وردی و ڕێکخسـتنە بـــاڵایەی کە هەیبـــوو، تـــوێژینەوە زمانەوانییـــەکانی (هێلمسـلیڤ) و (برۆنـدال) بـەوە دەسـتپێدەکات، کـە ئەو بنەمایانە دەستنیشـان بکرێن، کە زمـانەوانی وەکو زانستە مرۆییەکـانی دیـکە بکـرێتە زانسـتێکی سـەربەخۆ، جـا گەر زانسـتە مرۆییەکـان زمـان وەک ئامرازێـک بەکـاردێنن بـۆ دۆزیـــنەوەی ئەو زانیـــارییە ڕۆشـــنبیری و هزریـــی و مێژووییـــــانەی، کە لە پشـــــتیەوە دەوەســـــتن، ئەوا زمانەوانییەکـان تـوێژینەوە دەربـارەی ئەودیـوی شـتەکانی زمان ئەنجام نادەن، بەڵکو کۆششدەکەن بۆ زانینی زمانەکە وەک پرۆســـەیەکی کـــۆکردنەوە، بـــۆ ئەو دیـــاردە

نازمانەوانییـــانەی کە لە زمانـــدا هەن، وەکـــو دیـــاردەی (فیزیـــایی و فســـیۆلۆژی و دەروونـــی و لـــۆجیکی و کۆمەڵایەتییەکـان)، زمـان لای (دی سۆسـێر) بەرانـبەر بە سیســـتەمە لە بـــواری (گلۆســـیماتیکی) یـــان لە بـــواری (دەوروبــەری)دا، هەرچەنــدە زاراوەکــان لەمبــارەیەوە لە نووسینە عەرەبییەکاندا بڵاو و باون، ئاخاوتنیش بەرانبەر پرۆســە زمــانەوانییە ئەنجامــدراوەکان یــان پرۆســەکانی ئاخاوتن دەبێتەوە، بە گوزارشتێکی دیکە زمان و ئاخاوتن بەرانـبەر سیســتەم و دەق دەبـنەوە[1]، دەقـیش لای ئەوان تەنها پێکهاتەی توخمە فۆرمییەکانە یان پێکهاتـەی فۆرمییە و لە چەند توخمێکەوە پێکهاتوون، بەمشێوەیە ئیدی کاتێک دەق لە کرۆکێـک دەسـتەبەر دەبێـت، ئەوا دەچێـتە سـەر بونیـادی ئاخـاوتنەکە، لەلایەکـی دیکەشـەوە هێلمسـلیڤ ڕەهەنـدە فـۆرمییەکەی زمـان دەچەسـپێنێت، چـونکە ئەم ڕەهەنـدە فـۆرمە، مـاددە نیـیە، ئەمەش وا دەگەیەنێـت کە بوونی ڕاستەقینە لە ناویدا بەهـا ڕووت و ڕەهاکانن، زمـان سیســـتەمێکی بەهـــاییە، کە لە شـــیکردنەوەی زمـــانەوانی

١- محمد الحناش، البنيوية في اللسانيات، دار الرشاد الحديثة، الدار البيضاء، ١٩٨٠، ص ١١٩.

هاوشــوێنی[١] (Immanence) دەســتمان دەگــاتێ، ئەم شیکردنەوەیە توێژینەوەی زانستی و بابەتیمان دەربارەی زمانەکە دەستەبەر دەکات، هەروەکو (سۆسێر) بانگەشـەی بۆ دەکات، لەلایەکی دیکەشـەوە (هێلمسلیڤ) کۆششـەکانی خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاکارییە سـەرەکییەکانی نێوان زمان و ئاخاوتن خستەگەڕ، کەوا پێدەچێ ڕوون و ئاشکرا نەبن، هەرچەندە (سۆسێر) بە پشتبەستن بە جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی سێ چەمک، کۆششـەکانی خستبووەگەڕ، ئەو چەمکانەش لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبن:

١. **پلان** (Shema): زمانەکە لە ڕووی وێنە و فۆرمەوە لە بـوارە کۆمەڵایەتیەکەیدا جودا و سـەربەخۆی دەکـات و بەمشێوەیە دەبێتە بونیادێکی ڕەها و گریمانەیی، کە لەسەر سیستەمی بەها و ئەرکە چەسپاوەکان دادەمەزرێت.

٢ـ **پێوەر** (Norme) : زمـان بەهـۆیەوە دەبێـتە واقعێکی مـاددی و کـۆمەڵایەتی بەرجەستەکراو، کە دەکرێ وەسـف بکرێــت بەوەی ئــامرازێکی قســەکەرانە لە بەکارهێنــانی ڕۆژانەی زماندا.

---

١- أحمـد مـؤمن، اللسـانيات، النشـأة و التطـور، ص ١٦٢، هـەروەها بڕوانە: جورج مونان، علم اللغة فى القرن العشرين، ص ١٣٧.

٣. **بەکارهێنان** (Usage): زمانی پێ دەبێتە سیستەمێک لە داب و نەریتە زمانەوانییە تایبەتەکان، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە بازنەیەکی مرۆیی دیاریکراودا بونیاد دەنرێن، کە بە دیاردە و ڕواڵەتە تێبینیکراوەکان دەستنیشانکراون، ئەمەش وا دەگەیەنێت، کە چەسپاو نین و توانای بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاریان هەیە، کەچی زاراوەی ئاخاوتنەکە لای ئەو ئاماژە بۆ کارە تاکییەکەی زمانەکە دەکات(١).

**پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونییەکان:**

(هێلمسلیڤ) لە سەرەتاوە دوو ئامرازی بەستنەوە لە یەک جودا دەکاتەوە، (و) و (یان)، یەکەمیان بە (ئامرازی بەستنەوەـ Relation) هەژمار دەکرێت و دووەمیش بە (پێکەوەلکان ـ Correlation) هەژمار دەکرێت، ئەگەر دوو تۆخمی زمانەوانی لە تەنیشت یەک بوون و بە ئامرازی بەستنەوە نووسێنرابوون، ئەوا لەم حاڵەتەدا بە لێکدان هەژمار دەکرێن، بەڵام گەر هەردوو تۆخمەکە دراوسێ بوون و پەیوەندیەکەیان پەیوەندییەکی بەستنەوە

---

[1]- Hjelmsiev، Essais linguistique، edt de minuit، 1971، p: 81 – 85.

بوو، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەبنە نەخشە یان پەیوەندییەکی ستوونی، کە پەیوەندی لە نێوان توخمەکان یان ئەو فۆنیمانەی کە وشەکەیان لێپێکدێت، وەکو وشەی (قام) لە زمانی عەرەبیدا پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای (پێکەوەلکان) دروستبووە، لەم حاڵەتەدا نموونەیەکی نەخشەیی دیکە بەرهەم دێت، کە (نام)یە، بەمشێوەیە ئیدی دەتوانرێت پێکهاتەکە و نموونە خشتەییەکە بە شێوەیەکی فۆرمی تەواو دەستنیشان بکرێت، ئەم دەستنیشانکردنە فۆرمییە جیاوازی لەگەڵ پێناسەکەی (دی سۆسێر)دا هەیە، کە پێناسیەکی نیمچە دەروونی نموونە نەخشەییەکەیە، کە ناوی (هزرەکان) و (ماناکان)ی لێنا، پاشانیش وا دەبینێت، کە دەتوانین لەسەر ئەم بنەمایە سیستەمی زمانەوانی لە ڕووی شێوە و فۆرمەوە دەستنیشان بکەین، بەو حیسابەی پلەبەندییەکە لە نموونە و لەو نەخشانەی کە وا دەستنیشان دەکرێن کە پلەبەندیەکن لە کۆمەڵە پێکهاتە[1] و گوزارشت و ناوەرۆکێک[2].

---

١- جورج مونان، علم اللغة في القرن العشرين، ص ١٣٢ – ١٣٦.

٢- تیۆرەکەی هێلمسلیڤ لە شیکردنەوەی فۆرم و ناوەرۆکەکە بە (Plerematique) دەناسرێت.

**گوزارشت و ناوەرۆک:**

دابەشکردنی دەق لەسەر بنەمای فۆرم و کرۆک، دوو لایەن بەرهەم دێنێت، کە ئەمانەن: گوزارشت و ناوەرۆک، کە هەردووکیان هیچ نین، تەنها چەند ئەندامێکی تەواوی ئەرکێکی تایبەتن، کە ئەرکی پاڵپشتی و هاریکاریکردنن لەنێوان خۆیاندا، کاتێک یەکێکیان یەکدەگرێت، ئەویتر پەیدا دەبێت، ئەمەش بەتایبەتی لە دەقدا دەردەکەوێت و بە گشتیش لە زماندا دەردەکەوێت، ئەم بیرۆکەش لە بنەڕەتدا بۆ (سۆسێر) دەگەڕێتەوە، کە بەڕوونی لەو وتەیەیدا دەردەکەوێت، کە دەڵێ نابێ وێنەی دەنگی یان بیستن جیابکرێنەوە، کە ناویانینا هێما و وێنای مێشک بە زاراوەی (هێمابۆکراو) ناوزەدیانی کرد، کە هەریەکەیان بە شێوەیەکی لکاو بەویترەوە لکاوە، لەبەر ئەوە هەریەکەیان بەبێ ئەویتر بوونی نابێت، چونکە هەردووکیان دوولایەنی بە یەکەوە لکاون و لە دوو ڕووپەرەی یەک پەڕە یان لە دوو ڕووی یەک دراو دەچن، لە بواری تیۆری گلۆسیماتیکیشدا دەکرێ چەند ئاستێکی گوزارشتکردن و ناوەرۆک هەبن، کە هاوتەریب بن یان لەیەک بچن و وەک یەک وابن و پێکهاتەدا یەکسان بن، ئەویش لە حاڵەتێکدا گەر جیاوازی لە ڕووی پێکهاتەوە لەنێوانیاندا بوونی

نەبێت، ئیدی پاشان هیچ هۆکارێک نامێنێت بۆ مانەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو لایەکە، ئەم وێکچوونە شێوەییەی نێوانیشیان ئەو شتە دەسەپێنێت، کە ئاستەکانی گوزارشتکردن و ئاستەکانی ناوەرۆک چارەسەر بکات، لەسەر ئەو بنەمایەی بابەتێکە پڕ بە پێستە، یاخود یەکسانە، بەمشێوەیە ئەنجام دەگەینە ئەوەی دوو جۆری یەکسان لە پەیوەندی و ئەرک لە هەردوولا بوونیان هەبێت، مەبەست لە شیکردنەوەی زمانەوانی لەم تیۆرەدا نمایشکردن و پێشکەشکردن یان نوێنەرایەتیکردنی ئەو خەملاندنە زۆرەملێیەیە، کە لەسەر بنەمای ئەو بەستنەویە سازدەدرێت، کە لەو دەقانەدا پێشبینیان دەکەین، کە تا هەنووکە شینەکراونەتەوە، ئەمەی وتمان مەبەستەکەی (هێلمسلیڤ)ە، کە دەڵێ زمان پێش ئەوەی لە دەقدا جێبەجێ ببێت، لە دەرەوەی دەقەکاندا بوونی هەیە، ئەم قسەیەش مانای دیکەی پێوە دەلکێ، کە دەڵێ: بوونی هەر دەقێک وا دەخوازێ پێشوەخت سیستەمێکی زمانەوانی بوونی هەبێت، ئیدی ئەنجام دەگەینە ئەوەی هزر و بۆچوونە سەرەکییەکانی (سۆسێر) لە تیۆرەکەی (هێلمسلیڤ)شدا هەیە، هەرچەندە لە بواری نووسینی توێژینەوەی زمانەوانی لە بواری کۆمەڵناسیدا لەگەڵیدا

نـــاكۆكە و تەنهـــا لە بـــواری هێماســـازیی یـــان بـــازنەی (سیمیۆلۆژیا) قۆرخکراوە، لەم بوارەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە (هێلمسـلیڤ) زمـان بە حـاڵەتێکی تـایبەتی سیسـتەمی هێمـــایی دادەنێـــت، لە هەمـــان کاتیشـــدا هەوڵـــدەدات زمانەوانەکان لە تیۆری سیمیولۆژی گشتیدا جێگیر بکات، جەختیش دەکاتەوە سەر ئەوەی زمانەوانە بونیادگەرەکان نـــاتوانن واز لە وەســـفکردن و تـــوێژینەوەی ئەو زمـــانە (نازمانیـــانە) بهێـــنن، کە شـــیکردنەوەی سیســـتەمەکانیان زانینێکی فراوانتر و قووڵترمان دەربارەی زمانە مرۆییەکان بۆ دەستەبەر دەکات[1]. بەمەش دەکرێ بڵێین ئەم تیۆرە تیـۆرێکی بونیـادگەریی فـۆرمیی ئەوروپییە، واش پێدەچێ لەبەر ئەم هـۆیە بێت کە زۆر کەس ئەم تیۆرەیـان ناونـا بە تیـۆری سۆســێری نـوێگەریی و هەوادارانیشـیان ناونــاو سۆسێرە تازەکان[2]، ئەم تیۆرە بە هەر شێوەیەک بێت، بە درێژەپێدەری ئەو لایەنانە دادەنرێت، کە لە هەموو شتێک زیـــاتر گوزارشـــت لە بونیـــادگەرییەکەی (سۆســـێر) و

1 - Hjelmslev, Essais linguistique, edt minuit, 1971, p: 33.

٢- میلکا افیتش، اتجاهات البحث اللساني، ص ٣٢٤.

قوتابییەکـانی دەکەن، کە لە بـازنەی (پـراگ)دا بـوون،[1] هەروەهـا گرنگتـرین ئەو خەسـڵەتانەی لەم تیـۆرەدا هەیە، جەختکردنەوەیەتـی لەسـەر سـەربەخۆبوونی شـیکردنەوە زمانەوانییەکان لە بوارە نازمانەوانییەکانی دی، لەسـەر ئەم بنەمایە پێکهاتەی زمـان بە گوێرەی پێدراوەکانی دەرەوەی بـواری زمـان دەستنیشـان نابێـت، یـان لەسـەر بنەماکـانی دوور لە دیــاردە زمانەوانییەکــان دروســت نابێــت، شـیکردنەوەی زمـانەوانی لەم قوتابخـانەیەدا هەمەجـۆرە، ئەگەر ڕەچاوی ئەو شتانە بکەیـن، کە (سۆسێر) هێنایانییە گـۆڕێ، ئەویـش لە ڕوانـگەی گوزارشـت و مانـاوە، کە بـۆ چەنـد ئاسـتێک دابەش دەبێـت و لە ئەنجـامی بەسـتنەوەی فـۆرم بە نـاوەرۆک، یـان بە مـاددەوە، چـوار ئاسـت بەرهەم دێن، کە ئەمانەن:

**١ـ کرۆکی ناوەرۆک.**

**٢ـ فۆرمی ناوەرۆک.**

**٣ـ فۆرمی گوزارشتکردن.**

**٤ـ کرۆکی گوزارشتکردن.**

---

١ـ الطيب دبه، مبادئ اللسانيات البنوية ـ دراسة تحليلية ابسيمولوجية، جمعية الأدب للأساتذة الباحثين، دار القصبة للنشر، ط١، الجزائر، ٢٠٠١ ، ص ١٢٩.

کرۆکی گوزارشتکردن لایەنە ماددی ڕووت و ڕەهای پرۆسەکەیە، کە دەتوانین بە خاڵی نووسینی بچوێنین، بەڵام لە درکاندا شەپۆڵە دەنگییە فیزیاییەکان دەگەیەنێت، واتە لایەنی ماددی پرۆسەی درکاندنەکەیە، فۆرمی گوزارشتکردنەکەش لایەنی ڕێکخراوەیی ماددە دەنگییە خامەکەیە، یان ئەو توانا دەستەبەربووانەیە، کە لە ڕێکخستنی کرۆکی گوزارشتکردنەکە یان ماددە دەنگییەکە دەکۆڵێتەوە، فۆرمی ناوەرۆکیش لە ماناوە یان لە ناوەرۆکەکە گوزارشت دەکات، شێوە و فۆرمی ناوەرۆکەکە و گوزارشتەکەش هەردوو پێکەوە ئاماژە بە هێما زمانەوانییەکە دەکەن، بە هەردوو لایەنەکەیەوە (فۆرم و ناوەرۆک)، ئەمەش مانای وایە بابەتی ڕاستەقینەی زمانەوانییەکانە[1]، کرۆکی ناوەرۆکەکەش گوزارشت لە هزر و بیرەکان دەکات، ئەویش پێش ئەوەی جێبەجێ ببێت و نمایان ببێت، واتە پێش ئەوەی بخزێتە ناو سیستەمی زمانەوە، بۆ نموونە بیرۆکەی نەزانین گوزارشت لە کرۆکی ناوەرۆکەکە دەکات، واتە پێش ئەوەی بخزێنرێتە ناو سیستەمەکەی زمانەوە، بیرۆکەی نەزانین گوزارشت لە کرۆکی ناوەرۆکەکە دەکات و ڕێکخستنەکەشی لە

---

1- Hjelmslev, prolegomenes, p: 84.

زمـــانێکەوە بــۆ زمـــانێکی دی جــودایە، گوزارشـــتکردن لە بیـــرۆکەکە بەوەی بڵێیـــت (نـــازانم)، ئەوا بە ڕێکخســـتنی بیرۆکەکە لە زمانەکەدا هەژمـار دەکرێت، ئیدی ئەمەیە ئەو فــۆرمەی بیـــرۆکەکە هـــاوردوویەتی، بەمشـــێوەیە خەڵـــک هەمـوو لە کرۆکـی نـاوەرۆکەکە بەشـدار دەبـن، هەرچەنـدە زمانەکانیان فرە و هەمەجـۆر بن، کەچـی لە ڕووی فـۆرمی نـــاوەرۆکەوە، واتە لە گوزارشـــتکردن لەم کـــرۆکە نـــاکۆک دەبــن، بەپێچەوانەشـــەوە یەک کرۆکـــی گوزارشـــتکارانە لە هەندێک زماندا تێبینی دەکەیـن، (هێلمسلیڤ) ئەم پێکهاتانە یـــان ئەم بەشـــانەی لە لایەنە گوزارشـــتکارەکە دەســـتمان دەکەون، بە (وێنە) یـان (فـۆرم) (Figure / Figures) ناوزەد دەکات، لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکەیـن، کە هەر یەکەیەکـی زمـانەوانی لە شـیکردنەوەکەدا لەو پـلەیەی کە لەگــەڵ لیســـتەکەیدا گونجـاوە، دەردەکەوێـت و نمایـان دەبێت، لەوانەشە زۆرجار یەکەی زمانەوانی وامان بەرچاو بکەوێـت، کە گۆڕانکاریـان بەســەر نـایەت، ئەویـش هەر لە دەستپێکی ئاستی دەقەوە، تاکو دەگاتە ئاستی (فۆنیمەکە)، وەکـــو وشـــەی (i) لە لاتینیـــدا، کە (بـــڕۆ) دەگەیەنێـــت، بەمشێوەیە دەنووسرێت، واتە لە بەرزترین پلەوە، کە پلەی شیکردنەوەیە لەسەر ئاستی دەقەکە، تاکو دەگـاتە نزمـترین

پلەکە، بۆی هەبێ پێی بگات، ئەویش ئاستی فۆنیمەکەیە، لە لایەکەی دیکەشدا هەمان شێوازی شیکردنەوەکە پێشنیاز دەکات، کە لایەنی ناوەرۆک یان کرۆکەکەیە، کە بۆ ئەم مەبەستە زۆری و چڕییە گەورەکە شیبکرێتەوە، کە بێکۆتایە، ئەویش لەڕێگەی ناوەرۆکە ئەگەرکراوەکانەوە بۆ یەکەی بچووک، کە مرۆڤ لایەنەکانی گوزارشتکردنی (فۆنیمەکان)ی لە زماندا لێ هەڵدەبژێرێت، ئەویش لەو بوارە فراوانەی، کە لە توانا دەنگییەکاندا هەیە، پاشانیش لە دامەزراندنی یەکە زمانەوانییە بەرز و باڵاکاندا بەکاردەهێنرێت، جگە لە ئاکاری زمانەوانی و ناوەرۆکەکە، کە بە هەمان شێوە بەکاردەهێنرێن، چونکە ئەم یەکانە بۆ بینای یەکەی دی بەرزتر لە خۆیان دەگرێت، کە هەموو وەک ئەم یەکەیەن: (got)، ئەم یەکەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی ماناکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا (Gott) مانای (خودا) دەگەیەنێت، لە زمانی ئینگلیزیشدا (got) مانای (بەدەستی هێنا) دەگەیەنێت، لە زمانی دانیمارکیشدا (godt) مانای (باشە)یە، ئەم سێ وشەیە هەرچەندە بە یەک جۆر دەدرکێندرێن، کەچی لە کرۆکی گوزارشتکردندا یەکن، بەڵام لە مانادا جیاوازییان هەیە، بەمشێوەیە لە هەر سێ زمانەکەدا یەک کرۆکی

گوزارشـتکردن و چەنـد فـۆرمێکی هەمەجۆریشـمان بـۆ گوزارشـتکردن هەیە، کەواتە زمانەکـان لە کرۆکـدا یەکـن، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا جودان و جیاوازییان هەیە، ئەویش بە جـودایی لە نـاوەرۆکە فـۆرمییەکەی لەلایەکەوە و لە دەنگە پێکهێنراوەکان و لە پرۆسـەکانی پێکهاتنیـان لەلایەکی دیکەوە[1].

**ڕێبازی (هێلمسلیڤ) لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا**

دەکـرێ وەسـفی ئەم ڕێبـازە بکەیـن بەوەی ڕێبـازێکی شـیکارییە و پشـت بە بنـەمای تاقیکردنـەوە دەبەسـتێت، کە لای (هێلمسـلیڤ) لە تێبینیکـردن و تـاقیکردنەوە پێکـدێت و سـێ پێـوەر لەخـۆ دەگرێـت، کە ئەمـانەن: نـادژبوون، گشـتگیریی و سـادەیی، ئەم مەرجـانەش گەر دەسـتەبەربوون، ئەوا ئەو کـاتە تـوێژەر دەتوانێـت بونیـادە زمانەوانییەکان بۆ یەکە بچووکترەکانی پێکهاتەکانی خۆی شـییان بکـاتەوە، پاشـانیش لە هەر پـلەیەک لە پلەکـانی ئەنجـام، یەکەی ئاسـت نزمـی وای دەسـت دەکەوێـت، کە

١- محمد حماد، محاضرات عن المدارس اللغويـة الحديثـة، دار الثقافـة العربية، ص ١١٩.

دووبـاره شـیكردنه‌وه قبـووڵ ناكـات، شـیكردنه‌وه‌ی ئاسـتی گوزارشتكردن ئه‌م شتانه به‌رهه‌م دێنێت:

١. ژماره‌یه‌ک ده‌قی زۆر، كه كۆتاییان نایه‌ت[1].

٢. ڕسته‌ی زۆری بێسنوور.

٣. چه‌ند به‌شێک له ڕسته‌ی بێسنوور.

٤ـ وشــه‌ی بێشــومار و زۆر، هه‌رچه‌نــده له لیســتی فه‌رهه‌نگه‌كانــدا ســنووردارن، كه‌چــی له‌ڕووی تیــۆرییه‌وه وشــه‌كان زۆر و بێشــومارن، ئه‌مه‌ش وا ده‌گه‌یه‌نێــت كه ڕێبازی شیكردنه‌وه له بونیاده گه‌وره‌كانه‌وه (ده‌ق) ده‌ست پێده‌كات، بۆ ئه‌وه‌ی بگاته پێگه‌ی ده‌ستنیشانكردنی توخمه گرنـگ و كۆتاییه‌كـانی پیته‌كـان و فۆنیمه‌كـان[2]، له بـواری شــیكردنه‌وه‌ی ناوه‌ڕۆكیشــدا ده‌كــرێ هه‌نــدێک یه‌كه‌ی زمــانه‌وانی له پرۆســه‌ی شــیكردنه‌وه‌كه دووربخه‌یــنه‌وه، چونكه له‌ڕێگه‌ی به‌ستنه‌وه‌ی به‌ةیه‌كه‌ی زمانه‌وانی دیكه‌وه ڕووندەبێته‌وه، بـۆ نمـوونه گه‌ر شـیكردنه‌وه‌ی نـاوه‌ڕۆكه‌كه

---

١- محمد الحناش، البنيوية في اللسـانيات، دار الرشـاد الحديثة، الدار البيضاء، ١٩٨٠، ص ٢٥١ ، هەروەها بڕوانە: أحمد مؤمن، اللسـانيات النشأة و التطور، ص ١٦٠.

٢- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ١٦٧.

بۆ سامانێکی پڕ لە وشەکان لە زمانێکدا ئەم یەکانە بەرهەم بهێنێت:

| | |
|---|---|
| **بەران** | **مەڕ** |
| **کوڕ** | **کچ** |
| **هێستر** | **مایین** |
| **مەڕ** | |
| **منداڵ** | |
| **ئەسپ** | |

لەم حاڵەتەدا دەکرێ یەکە زمانەوانییەکانی سێ دێڕی یەکەم دووربکەینەوە، چونکە لە ڕووی پەیوەستبوون Rclational ڕووندەبێتەوە، ئەویش لەڕێگەی بەستنەوەی بە یەکەی دیکەوە، کە ئەو یەکانەن لە دێڕەکانی دواییدا هاتوون، لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە خاوەنی ئەم تیۆرە مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکی وشەکان دەکات، بەبێ ئەوەی گرنگی بە خودی وشەکان بدات، بەڵام شێوازی بەستنەوەکە ئەوەیە، کە (کچ = منداڵ)،(سوار = ئەسپ)، (ئەسپ = هێستر)، وێنەکانیش ئاماژە زمانەوانییەکان نین، بەڵکو پێکهاتەی وێنەکان بە هەردوو لایەکەیەوە (گوزارشت و ناوەرۆک) بەڵگەکان بەرهەم دێنن، هەرچی یەکە بچووکەکانیشن، جا لە لایەنە گوزارییەکەی بێت کە

هێمـــا فۆنۆلـــۆجیەکەیەتی، بەو حیســـابەی ســـیفەتەکانی فۆنیمەکـــانن، یـــان لایەنـــی نـــاوەرۆکەکەی بێـــت، ئەگەر هێماکـانی ئامـاژەیی بچووکیشـی نەبێت، کە وەریـانبگرین، ئەوا لە لای ئەو بە (گلۆسـیم . Glossemes) نـاوزەد دەکرێـــت، زاراوەی (گلۆســـیم) لە زمـــانی یۆنـــانییەوە وەرگیـراوە و مانـای (زمـان) یـان (ئاخـاوتن) دەگەیەنێـت، بەڵام لەلای (هێلمسلیڤ) بە بچـووکترین یەکەی زمـانەوانی دادەنێـت، کە هەردوو خەسـڵەتی (نەرێنـی) و (پەیوەنـدی) لەخۆدەگرێـــت، ئەمەش وا دەگەیەنێـــت بەهـــاکەی لەو پەیوەنـدییانەوە وەردەگرێـت، کە لەگـەڵ غەیـری خۆیـدا هەیەتـــی، یەکەی زمـــانەوانی[١] لە پەیوەنـــدی فۆنۆلـــۆجی پێکـدێت، یـان لە شـتێک پێکـدێت، کە وەک گوزارشـتکردن وەک لایەنـی ئامـاژەیی پێـی دەڵـێن (کینـیم Keneme)، و لایـەنی واتـایی پێـی دەڵـێن (پلیـریم Plereme)[٢]، هەمـوو

---

[1] - O. Ducrotet T, Todorov, dictionnaine eneyel opediquer, p: 37 – 38.

٢- هەردوو زمـانەوان (بریتـۆ) و (برنـار بـوتییە) لەژێـر کـاریگەری (هێلمسلیڤ)دا بوون، کە زاراوەی (Sememe)یان پێ باشـتربوو، کە بۆ (Seme)ی شیدەکرێتەوە، هەندێک توێژەریش هەن وایان پێ باشە ئەم زاراوەیە بە یەکەیەکی مەعنەوی وەربگێڕدرێت.

گـــرووپەکەش پێـــی دەوترێـــت (گلۆســـیم)[1]، ئەم تیـــۆرە جێبەجێکردنـــی ئەنجامەکـــانی لـــۆجیکی فـــۆرمی و ڕێبـــازی زانســـتی هـــاوچەرخ لەســـەر زانســـتی زمـــانەوانی بە ئامـــانج دەگرێـــت[2]،هەروەهـــا ئەم تیـــۆرە کۆشـــش دەکـــات بـــۆ تـــوێژینەوەی هەردوو لایەنـــی زمـــان (گوزارشـــتکردن) و (نـــاوەرۆک)، ئەویـــش بەپێـــی چەنـــد بنەمـــایەکی یەکگرتـــوو، (هێلمســـلیڤ) پێـــی وایە زمانەوانەکـــانی (پـــراگ) لە ڕووی کرۆکەوە لە فۆرمیان کۆڵیوەتەوە، واتە لە کرۆکی فۆرمییـــان کۆڵیـــــوەتەوە، بەڵام (هێلمســـــلیڤ) پێـــــی وایە پێویســـــتە زمانەوانەکان باس لە فۆرم بکات بەشێوەیەکی ســـەربەخۆ و بەدەر لە کرۆکـــی زمـــان، لەبەر ئەوە گرنگـــی بە کـــرۆک نـــادات، کە لە فـــۆرمەکەدا جێبەجـــێ دەبێـــت، بەڵکـــو زیـــاتر گرنگی بەو فۆرمە دەدات، کە کرۆکەکەی لەخۆگرتـــووە، جا لەبەر ئەوەی دەکـــرێ درکـــاو بێـــت و نووســـراویش بێـــت و

---

١- زاراوەی (Ceneme) لە وشـــــەی (Kenos)ی گـــــریکییەوە هاتووە، کە (بەتـاڵ) دەگەیەنێت و زاراوەی (Plereme) لە وشـەی (Pleros)ەوە هـاتووە و واتـای (پـڕ) دەگەیەنێـت، بـڕوانە جـورج مونان، علم اللغة في القرن العشرين، ص ١٢٨ – ١٣٢.

٢- محمد الصغير بناني، المدارس اللسانية في التراث العربي و في الدراسات الحديثة، ص ٦٨.

تۆماركرابێت، بابەتی زمانەوانیش گەر فۆرمێک بێت بۆ ناوەرۆكەكە و بۆ خودی گوزارشتكردنەكە[1] لە ئاستەكانی شیكردنەوەی زمانەوانیدا وەكو ئاماژەمان پێدا، ئەوا هەردوو لایەنەكەی دی (ماددەی ناوەرۆكەكە و ماددەی گوزارشتكردنەكە) هەردووک پەل بۆ تێكەڵكێشی بوونی زمانەوانییەكان لەگەڵ زانستی دی دەكێشن، وەكو فەلسەفە و دەروونناسی و زانستەكانی سروشت، هەرچەندە (هێلمسلیڤ) تێبینی ئەوەی نەكردووە، كە قسەكەر بەو حیسابەی تاكێكە لە كۆمەڵگەدا، ئەو مانایە دەدا بەدەستەوە،ە كە زانستەكانی زمان لەگەڵ دەروونناسی و كۆمەڵناسی تێكەڵ بن، ئەمەش بوارێكە (زمانناسی كۆمەلایەتی) گرنگی پێدەدات، تیۆری (گلۆسیمیاتیكی) بەهۆی ئەوەی بنەماكانی تیۆری زانستی لەخۆ دەگرێت، كە

---

١- میلكا افیتش، اتجاهات البحث اللساني، ص ٣٢٧، وا پێدەچێ (هێلمسلیڤ) لە بواری وەرگرتنی بڕیار و بۆچوونەكانی دەربارەی زمان لەگەڵ بونیادگەرەكاندا ناسازە و پشت بە زانینی ئاسایی زمان لەلای قسەكەرەكە دەبەستێت، ئەویش وەكو هەوادارانی (ڕێبازی هزریی)، كە (چۆمسكی) بە باشترین شێوە گوزارشتی لێوەكردووە، كە تیایدا پشتی بە گومان و پێشبینی قسەكەری گوێگری نموونەیی بەستووە، بڕوانە: محمد الحناش، البنیویة في اللسانیات، ص ٢٥٢.

له ئەزمــــوونگەری لۆجیکیـــدایە بەناچـــاری گەیشـــتە ئەم ئەنجـامە: ئەم تیـۆرە فـۆرمییە، کەچـی پێـی وا نیـیە زمـان فـۆرم و پێکهـاتەیەکی وای هەیە، کە پـێش مرۆڤـی گۆکـەر کەوتبێـت، کە ڕاسـتەقینەیەکە و باسـی لێـوە دەکرێـت، ئەو تیۆرانە بە پلەیەک لە بازنەی ڕێبازی بونیادگەری وەسفی لەسـەر بنەمـای ڕێبـازی دەوەسـتن یـان دەبـێ نمـوونەیی تەواوبـن، وەکـو لەلای (فایسـجربر) دەبیینـین، یـان لەسـەر بنەمـای کـۆمەڵایەتی دەوەسـتن، وەکـو لە ڕێبـازەکەی (دی سۆسێر)دا دەرکەوێت، یان وەسفی لۆجیکییە لەلای (لـویس هێلمسلیڤ)، تـاکە هەڵاوێـریش لەم بـوارەدا ئەو بۆچـوونەیە کە لەلای ئەنـــدامانی بـــازنەی (پـــراگ) دەبیینـــین، کە لە هەوڵـــدانبوون بـــۆ ئەوەی گوزارشـــت لە بونیـــادگەریی نموونەیی بکەن، ئەویش لەسـەر بنەمـای ئەرکیبوون، بەبـێ ئەوەی بـگەنە تیـۆرێکی ڕێبـازی پـتەو و یەکـانگیر، وەک ئەوەی لەلای زمـانەوانی قوتابخـانی کۆبنهـاگن بەرچاومـان دەکەوێت[١].

---

١- زۆر کەس ڕەخـــنەی ئەوەیـــان هەبـــوو، کە ئەم قوتابخـــانەیە بە شێوەیەکی ڕۆچوو فۆرمئامێزە و وەسفی زمانەوانی گواستۆتەوە بـۆ وەسفی ماتمـاتیکی ئەندازەیی، ئەمەش بووە هـۆی لێڵـی زاراوەکـان، لەوانەشـــە ئەم لایەنە خـــاڵی لاوازی ســـەرەکی بێـت لە تیـۆرەکەی

(هێلمسلیڤ)، ئەویش بە گوێرەی گوزارشتەکەی (ئەنگیهۆر)، بەڵام (هێلمسلیڤ) هۆشیاری دەربارەی ئەم وێناکردنە هەبوو، کە بووە پاڵنەرێک بۆی، بۆ ئەوەی دوو زانستی سەرەکی زمانەوانی لە بازنەی زانستە زمانەوانییەکان دەربهێنێت و تەنها بە یاریدەدەریان لەقەڵەم بدات، کە (واتاسازی) و (دەنگسازی) بوون، بڕوانە هەندێک لەو نموونانەی دەربارەی هێمای ماتماتیکین لە بواری وەسفکردنی زماندا لە کتێبی: أحمد مؤمن، اللسانیات، النشأة و التطور، ص ١٦٨.

# ئاراستەی دەوروبەر لای (فیرس)

**ڕێخۆشکردن**

دەکرێ بوترێت وانە و بابەتی زمانەوانی لە بەریتانیا لە سەدەی یازدەی زاییینییەوە دەستی پێکردووە، ئەویش لە بواری بونیادنانی زمانی ئینگلیزی پەتیدا، بە نیەتی پاکژکردنەوەی لەو شێوەزارانەی بۆ زمانی ئینگلیزی لە نیمچە دوورگەی بەریتانیا بەکاردەهێنران، لەم پرۆسەیەدا کۆششێکی زۆر لە بواری دەنگ و فەرهەنگسازی خرانەگەڕ و چاکسازییەکی بێوچان لە سیستەمی نووسین و پەرتووکەکان و لە یاسا تایبەتەکانی زمانی ئینگلیزیدا پراکتیزەکران، لە سەرەتای سەردەمی ڕێنسانسیشدا ئادگارەکانی قوتابخانەیەکی زمانەوانی خەریک بوو وردە وردە دەردەکەوت، ئەویش لەسەر دەستی ژمارەیەک زمانەوان، کە توێژینەوەکانیان خەسڵەتی (یەکایەتی)یان نەبوو لە بواری گرنگیدان بە زمان، چونکە لە لای ئەوان ڕەچاوی بابەتی دەنگ دەکرا لە قۆناغەکانی ڕێنسانسی بە

ســەرەوە و هەمــوو ئەو بابەتــانەش خــرانە بەر بــاس و لێکــۆڵینەوەی زمــانەوانی، کە پەیوەســتبوون بە فێرکردنــی زمان و چاکسازی لە سیستەمی نووسیندا، جا یەکێک لە ناودارترین کەسایەتییە زمانەوانییەکانی ئینگلیز، کە ڕۆڵیان لە بونیادنــانی بــابەتی زمانەوانیــدا هەبــوو: (ئەلیکســەنــدەر مالفیل بال) و کوڕەکەی (ئەلیکســەندەر گراهــام بــال) بــوو، کە داهێــنەری تەلەفــۆنە، هەروەهــا (ئــالیس) و (بیتمــان) و (دانیــال جــۆنس) و (جاردینــەر) و (هالیــدای) و (فێــرس) و (ویلیام جۆنس) و هنری سویت (١٨٤٥- ١٩١٢)، کە گرنگی بە توێژینەوەی فۆنیمدا، هەموو ئەمانە لەگەڵ ئیلهامبەخشی زمانەوانــەکانی بــواری فۆنــەتیک و فۆنۆلــۆجی، لــەپێش هەموویانــەوە (سۆســێر) و (ترۆپتسکۆی)، بــە تــایبەتی لە پەرتــوکێکی بە نــاوی (کتێــب لــەبارەی دەنگســازی)، کە لە ســـاڵی (١٨٧٧) بـــڵاوی کـــردەوە و تیایـــدا لایەنەکـــانی چاکســازی ئەلفــوبێی و فێرکردنــی زمانەکــان و نووســینی دەنگــی خســتەڕوو[١]، هەمــوو ئەم کۆششــانە لەم بــوارەدا خــرانەگەڕ و چاکســازیەکی لێبــڕاوانەی زمــان ئەنجامــدرا، لێرەدا نابێ کۆششەکانی (گاردینەر)مان لەبیر بچێ، کە لە بواری بابەتە دەنگییەکانی زمانی عەرەبیدا خستیەگەڕ، کە

---

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ١٧١.

له پەرتووكێكیــدا باســـی لێوەكردبـــوو بـــە ناونیشـــانی (فۆنەتیكی زمانی عەرەبی) بوو له ساڵی١٩٢٥، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی زمانەوانی تەنها لەسەر دەستی زمـانەوانی ئینگلیــزی (جــۆن فێــرس) [1] پێشـــڤەچوونێكی جــۆری و ڕێبازیی بەخۆیەوە بینی، ئەویش بە بەرەوپێشبردنی تیۆری دەوروبـەر و گرنگیـدان بە لایەنـی واتـایی زمـانی ئاسـایی، وەك ئامرازێـك بـۆ پەیوەنـدییە كۆمەڵایەتییەكـان، ئەویـش بەبـێ فەرامۆشـكردنی تـوێژینەوە دەنگییەكـان، كە دانیـال جۆنس (١٨٨١ ـ ١٩٦٧) بنەماكانی لەژێر كـاریگەری بـابەتی زمـــانەوانی هینـــدی دێرینـــدا دامەزرانـــد، كە لە بـــواری فێركردنی زماندا سوودی بەرچاوی هەبوو، ئەم زانایە پێی وابـوو فێركردنـی كـارامەیی كردەیـی پەیوەسـت بە زانینـی دەنگە هەمەجۆرەكان، پاشـان نووسینەوەیان بەشێوەیەكی

---

١- جـۆن فێـرس لە شـاری یورشـیری بەریتـانی لەدایكبـووە، زمـانی ئینگلیـزی لە زانكـۆی (بنجـاب) لە سـاڵی ١٩١٩ تـاكو سـاڵی ١٩٢٨ خوێنـد، پاشـان لە زانكـۆی (لەنـدەن) خوێنـدی و لە سـاڵی (١٩٤٤) بـووە مامۆسـتای زمـانەوانییە گشـتییەكان لە بەریتانیـا تـاكو سـاڵی (١٩٥٦)، (هـالورد پالمـەر) قوتـابی ئەو بـوو، كە خـاوەنی پەرتـووكی (بنەماكـانی وانەی زمـــانەوانی) و (بنـــەماكانی زانســـتی فـــۆنەتیكی ئینگلیـزی)، بڕوانە: روبنز، مـوجز تـاريخ علـم اللغـة فـي الغـرب، ص ٣٤٩.

پیتئامێزی ورد بۆ فێرخوازان ڕۆڵ دەبینێت لە ڕاماڵکردنی ئەو ئاستەنگانەی لە کاتی فێربووندا بەرەنگارییان دەبێتەوە[1]، ئەم زانایە دوو تویژینەوەی ئەنجامدا، کە بەهۆیانەوە ناسرا و لە هزری زمانەوانی ئینگلیزی ناوی دەرکرد، کە ئەمانە بوون: کورتەی دەنگەکانی زمانی ئینگلیزی (١٩١٤)، و فەرهەنگی واژەی ئینگلیزی (١٩١٧)، سەبارەت بە جۆن فێرس(١٨٩٠ ــ ١٩٦٠)یش، ئەوا بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی هزری گشتگیری زمانەوانی ئینگلیزی هەژمار دەکرێت، ئەویش لەڕێگەی ئەو قوتابخانە هزرییە تازەیەی کە دایمەزراند، پاشان بە قوتابخانەی (لەندەن) ناوی دەرکرد، ئەم قوتابخانەیە توانی بواری زمانەوانی گشتی بکاتە بوارێکی ئەوتۆ، کە وەک زانستێکی ئەکادیمی لە زانکۆکانی بەریتانیا لە ساڵانی (١٩٤٤) و (١٩٥٦)ەوە دانی پێدابنرێت، ئەم زانایە تێڕوانینی زمانەوانی خۆی لەسەر ئەم پرسانە بونیادنا[2]:

١. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دیاردەی زمانەوانی بەگوێرەی بنەما ڕۆشنبیرییە وابەستەگیەکەی، ئەمەش وا دەگەیەنێت

---

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأت و التطور، ص ١٧١.

٢- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأت و التطور، ص ١٧٦.

شیکردنەوەی زمانەوانی وەسفی ئەو پەیوەندیەیە لەنێوان زمان و بوارە کۆمەڵایەتیەکاندا بوونی هەیە.

٢ـ جیاکردنەوەی پەیوەندی بواری ناوخۆیی بە هەردوو ئاستەکانی ئاسۆیی و ستوونییەوە لە پەیوەندی دەوروبەری دەرەکی (هەڵوێست).

٣ـ دانانی واتاسازی لەناو بابەتەکانی وانەی زمانەوانی نوێ، لەم بوارەدا (فێرس) پێی وایە کاری سەرەکی زمانەوانییە وەسفییەکان توێژینەوەیە لە بابەتی واتاسازی زمانەوانی[1]، هەروەها ئەم زمانەوانە گرنگی بە دیاردەی (دەنگژەنی Prosodie)دا (هێز و ئاواز)، ئەویش لەبەر ئەو بەها و کاریگەرییە زەق و دیارەی، کە لە ئاراستەکردنی مانای تاکی و ڕستەیدا لە زۆر زمانەکانی جیهاندا هەیبووە، وەکو زمانی ئینگلیزی و سویدی و نەرویجی و چینی، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا پرۆسەی بە ئاوازکردن لە ئاستی ڕستەدایە و هێزیش لە ئاستی بڕگەدایە و خەسڵەتی (سەرووی بڕگەیی)ی هەیە[2]، ئەمانە کاریگەریەکی بەرچاویان لە جیاکردنەوە و زانینی ماناکان و جۆرەکانیان هەیە، لەوانەی لەژێر کاریگەری

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأت و التطور، ص ١٧٧.

٢- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأت و التطور، ص ١٨٣.

بۆچوونەکـــانی (فێرس)دابــوون لەڕووی زمـــانەوانییەوە، (مایکل هالیدای) بوو، کە سـەر بە قوتابخـانەی (فێرس)ی نـــوێ بـــوو، کە تیـــۆرێکی لە ڕێزمـــانی سیســـــتەمیدا (Grammaire systematique) دارِشـــــت، ئەم قوتابخانەیە سیستەمی هـزری خـۆی لەسـەر بیروبۆچوونی واتـایی فێـرس بونیادنـا، کە ئەم توخمـانەی لە پێکهـاتەی زمانەوانی خۆیدا کۆکردبۆوە:

أ- فۆرم (یاسا و وشەکان).

ب - مادده (دەنگ و پیتەکان).

ج - دەوروبەر.

بـەڵام چـەمکی ڕێزمـانی سیسـتەمی لەسـەر کـارامەیی و لێهاتوویی زمان دەوەستێت، ئەویش لە کـاتی بەکارهێنـانی کۆمەڵە بژاردەیەک و بەکارهێنـانی ئەلتەرنـاتیڤی زمـانەوانی لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا[١]، لەلایەکی تریشـەوە لەسـەر ئاسـتی وانە و بـابەتی واتـایی ئەوەی کە زمانەوانییەکـان لە وڵاتـی بەریتانیـا لە بـواری دی جیـا دەکـاتەوە و خەسـڵەتی تـــایبەتی پێدەبەخشـــێت، فرەیـــی تیـــۆرە واتاییەکـــانە، کە دەمـــانگەیەنێتە ئەو ئەنجـــامەی بڵێـــین زمانەوانەکـــان لە

١- جیفري سامسون، مدارس اللسـانیات، التسـابق والتطور، ترجمـة: محمد زیاد كبة، ص ٢٤٢.

ڕەچاوکردنی دیاردە واتاییەکاندا نزیکترن، وەک لە بواری ڕێزماندا، لەبەر ئەوە زیاتر جەخت لەسەر دەرخستنی گرنگترین ئەو تیۆرانە دەکەینەوە، کە باس لە بوارە زمانەوانییەکانی ئینگلتەرە لە سەدەی بیستەمدا دەکەن.

## گرنگترین تیۆرە واتاییەکان لە هزری زمانەوانی ئینگلیزی

(ئۆگدن) و (ڕیچاردز) لە پەرتووکە ناودارەکەی خۆیاندا (واتای واتا)، یەکەم کەس بوون پێشڤەچوونی شتێکیان کرد، کە دەکرێ بە (تیۆری هێمایی واتا) ناوزەد بکرێت، کە بە سێگۆشە واتاییە ناودارەکەی خۆیان ڕوونیانکردەوە، بیرۆکەی تیۆری هێمایی لە پەیوەندی هێما بە هێمابۆکراوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕەگ و ڕیشاڵەکەی بۆ (دی سۆسێر) دەگەڕێتەوە، کە ڕەمزی (هێمای زمانەوانی) بە پارچە کاغەزێک شوبهاند، (دراو)ێکی دوو ڕوو، کە ناکرێ یەکێک لە ڕووەکان لەویتر جودا بکەینەوە، ئەم تیۆرەش لەسەر پایەی بەرانبەرکردنەوەی نێوان دوو تیۆر ڕادەوەستێت، کە ئەمانەن:

أ- ڕایەک پێی وایە واتای وشە هەر ئەو واتایەیە، کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات.

ب - ڕایەکی دیکە پێی وایە واتای وشە ئەو پەیوەندیەیە، کە لەنێوان گوزارشتەکە و ئەو شتەدایە، کە وشەکە

ئامـاژەی بـۆ دەکـات[1]، لەم بـوارەدا هەنـدێک تـوێژەر لەو بـاوەڕەدابوون ئەم ڕایە بـوار بـۆ تـوێژینەوەی زمـان لە دەرەوەی ئەو بازنە زانستییە دیاریکراوەیدا دەرەخسێنێت، کە لە بـواری زمـانەوانی تـازەدا کـاری پێدەکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی بیـرۆکەکە لەسـەر پـایەی تـوێژینەوەی بـوونەوەرە زمانەوانییەکـان دەوەسـتێت (کە ئامـاژەی بـۆ کراوە)، جا بۆ ئەوەی پێناسـەیەکی ورد بۆ واتـا ـ لەسـەر بنەمـای ئەم تیـۆرە ببەخشـین، پێویسـتە شـارەزاییەکی باشمان دەربارەی هەموو شتێک هەبێت، کە دەوروبەری قسـەکەرەکەیـان تەنیـوەتەوە، بەڵام مەعـریفەی مرۆیـی و درککردنـی مـرۆڤ بێگومـان لەوە کەمتـرە، جـگە لەوەش وشـەکانی وەکو (نـە ـ نـەخێر) و (بۆ) و (بەڵام) و (یـان) لەخۆ ناگرێت، کە مانایەکیان هەیە و قسەکەر و گوێگر لێی تێدەگەن، کەچی ئەو شتەی لە جیهانی ماددیدا ئامـاژەی بۆ دەکـات، نـاکرێ بەرجەسـتە بێـت و درکـی پێبکرێـت، جـگە لەوەش واتای شتێک خودی خۆی نییە، بۆ نموونە وشـەی (سـێو)، خـودی (سـێوەکە) خـۆی نییە، (سـێو) دەخورێت، بەڵام بێگومان واتاکەی ناخورێت، تیۆرە وێنـاییەکەش وێنە

---

١- أحمد مختـار عمر، علـم الدلالـة، عـالم الكتب، القـاهرة، ١٩٨٨، ص ٥٤.

کلاسیکییەکەی لە تیۆرە عەقڵیەکەی فەیلەسوفی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەهەمدا (جۆن لۆک) خۆی دەبینێتەوە، کە پێی وابوو بەکارهێنانی وشەکان دەبێ بە شێوەیەکی وا بێت ئاماژە بۆ ئەو هزر و بیرانە بکەن، کە گوزارشتیان لێدەکەن و بە ناوەرۆکی ڕاستەوخۆ و تایبەتیان هەژمار دەکرێن، لەم تیۆرەدا زمان بە ئامرازێکی ڕاستەوخۆ هەژمار دەکرێت کە بەهۆیانەوە هزرو بیرەکان دەگەیەنرێن، یان بە توخمێکی دەرەکی یان مەعنەوی حاڵەتی ناوخۆیی بۆچوونەکە هەژمار دەکرێن، ئەمەش دارشتێکی زمانەوانی دیاریکراو دەبەخشێت و وای لێدێت بەکارهێنانەکە بەردەوام دەبێت و دەبێتە هێمایەکی کارپێکراو بۆ لێکگەیشتن و ئاماژەکردن بە بیر و هزرێکی دیاریکراو، بێگومان ئەو بیر وهزرانەی کە لە مێشکماندان، بوونێکی سەربەخۆیان هەیە و ئەرکێکی سەربەخۆش لە زماندا جێبەجێ دەکەن. هەروەها تیۆری دەوروبەر، کە لە هەموویان زیاتر ناوی دەرکرد، زیاتر بە ناوی زمانەوانی ئینگلیزی (فێرس)ەوە لکاوە، کە لەژێر کاریگەری (ئەنسرۆ پۆلۆجی)ی ناسراو (برۆنسیلۆ مالنیۆفسکی)دا بووە[1]،

---

١- عبدالقادر عبدالجليل، علم اللسانيات الحديث، دار الصفاء، ط١، عمان، ٢٠٠٢، هەروەها بڕوانە: أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و

بەتـایبەت کاتێک باسـی (دەوروبـەری ئێسـتا) دەکـات، ئەم تیـۆرە جەخـت لەسـەر گرنگـی دەوروبـەرە هەمەجۆرەکـان دەکـات، کە وشـەکەیان تیـادا بەکاردەهێنرێـت، ئەویـش بـۆ زانینی واتاکانیان بەشێوەیەکی تەواو، واتای وشـەش لەلای هـەوادارانی ئەم تیـۆرە بەکارهێنـانیەتی لە زمانـدا یـان ئەو شـێوازەیە کە بـۆی بەکاردەهێنرێـت، یـان ئەو ڕۆڵەیە پێـی هەڵدەسـتێت، لەبەر ئەوە (فێـرس) دەڵـێ واتـا لەڕێگـەی دەوروبـەری یەکەی زمـانەوانییەوە نەبـێ ڕوون نـابێتەوە، واتە دەبـــێ واتاکـــان بخزێنـــرێنە دەوروبــــەرە هەمەجۆرەکانەوە، بە هەمان شێوە خاوەنـەکانی ئەم تیـۆرە لەمیانەی ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانیاندا وای بـۆ دەچـن، کە زۆربەی یەکە واتاییەکان لە دراوسێتی یەکەکانی دیکەدا دروسـت دەبـن، واتـای ئەم یەکـانەش نـابێ وەسـف بکـرێن یان دەستنیشان بکرێن، مەگەر بە تێبینیکردنی ئەو یەکانەی دی نەبێت، کە دراوسـێتی. زۆر لە تـوێژەرە هاوچەرخەکـان لە دەستنیشـــانکردنی واتـــای زمانەوانیـــدا پشـــت بە پێدراوەکانی دەوروبەر دەبەسـتن، واتە ئەو دەوروبـەرانەی وشـەکانیان تیـادا دەخزێنـرێن، ئەوانە لە کۆششـدابوون بـۆ ڕزگـــارکردنی تـــوێژینەوەی واتـــا لەو ڕێبـــازانەی کە لە

التطور، ص ١٧٨.

دەرەوەی بازنەی زمان ئەنجام دەدرێن، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە کۆششیان کرد بۆ ئەوەی ئەم تویژینەوەیە وا لێبکەن، کە بخرێتە بەر تێبینیکردن و شیکردنەوەی بابەتیانە لەناو زماندا، هەروەها (ئۆلمان) لەم پێگەیەدا وای دەبینێت، کە گەڕان بە دوای پەیوەندییەکان لەنێوان تێگەیشتنی ئێمە بۆ شتەکان و خودی شتەکان لە ڕووی زمانەوانییەوە هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە زمانەوان ئەو شتانەی لا گرنگە، کە زمانەکە وەکو چەمک دەیبەخشێت، نەک خودی وشەکان لە کاتی پەیوەندیکردن بە بوونەوەرەکانەوە لە واقیعدا، چونکە زمانەوان ئەو شتانەی لەلا گرنگە کە لە وشەکان ئاماژەیان بۆ دەکەن.

دەوروبەری ئێستایش هەروەک (فێرس) ئاماژەی بۆ دەکات، لە کۆمەڵە توخمێک پێکدێت، کە ڕووداوی قسەکەر دروست دەکەن، ئەم توخمانەش پێکهاتەی ڕۆشنبیری بەشداربووانی ڕووداوەکە دەگرێتەوە، هەروەها ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیانەش دەگرێتەوە، کە دەوروبەری گرتۆتەوە و ئەو شوێنەوارەش بەهەند وەردەگرێت، کە بەشداربووانی ڕووداوەکە بەجێی دەهێڵن، (فێرس) پێی وایە گەیشتن بە واتای هەر دەقێکی زمانەوانی وا پێویست دەکات بەگوێرەی ئاستە زمانەوانییە هەمەجۆرەکان

شیبکرێنەوە و ڕوونبکرێتەوە، ئینجا ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی ئەو شوێنەوارەی لە لای گوێگرەکەدا بەجێی دەهێڵێت، جا (پاڵمەر) پێشنیازێکی دەربارەی (دەوروبەر) خستۆتەڕوو، کە لە چوار لق پێکدێت:

**أ. دەوروبەری زمانەوانی:**

ئەم دەوروبەرە بەرهەمی بەکارهێنانی وشەکەیە لەناو سیستەمی ڕستەکەدا، لەگەڵ کۆمەڵە وشەیەکی دی دراوسێ بێت، ئەمەش مانایەکی تایبەت و دەستنیشانکراوی پێدەبەخشێت، لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکرێت، کە دەوروبەری زمانەوانی زۆر لە پەیوەندییە واتاییەکان ڕووندەکاتەوە، ئەویش لەکاتی بەکارهێنانی وەک پێوەرێک بۆ ڕوونکردنەوەی هاوواتایی و بەشداریی یان گشتاندن یان تایبەتکردن یان جیاکارییەکان...... هتد.

**ب . دەوروبەری سۆزداری** Emotionnal contexte:

ئەم دەوروبەرە جیاوازی لەگەڵ دەوروبەرەکانی دیکەدا هەیە، ئەویش لەو ڕووەی پەیوەندی بەو پلەی هەڵچوونەوە هەیە، کە لەکاتی جێبەجێکردنی کردەیی قسەکاندا بەپێی خواستی جەختکردنەوەی قسەکە دروست دەبێت، یان بەپێی زیادەڕۆیی یان بەپێی میانڕەویی لە قسەکردندا سەرهەڵدەدات.

## ج ـ دەوروبەری هەڵوێست Situational contexte:

دەوروبـەری هەڵوێـستانە لەژێر سـاباتی تیـۆری واتـایی دەوروبـەر بەو بـازنە دەرەکییە دادەنرێت، کە دەوروبەری بەرهەمە کردەییەکەی لەناو کۆمەڵگەی گروپی زمانەوانیدا قسەی پێ تەنـراوەتەوە ـ واتە ئەو بـوارە کـۆمەڵایەتییەی لە دەروازەیەکـــی فەرهەنگیـــیەوە بەرهەم دێـت، دەشـــتوانین لێرەدا نموونەی دەروازەی فەرهەنگی(پرۆسـە) بەکـاربێنین، کە وشـەیەکە واتاکـانی لە سیسـتەمی زمـانەوانی عەرەبیـدا گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت، ئەویـش لە کـاتی گـۆڕانی ئەو دەوروبەرە هەڵوێستییەی کە تیـادا ناودەبرێت، ئەنجامدانی کـردە لە دەوروبـەرێکی هەڵوێسـتانەدا، واتـای ئەنجامـدانی کارێکی ژمێریاریی ئاسایی دەگەیەنێت، وەکو کۆکردنەوە و جـارانکردن و دابەشـکردن، بەڵام ئەم وشـەیە لە بـواری پزیشـکیدا (نەشـتەرگەری) دەگەیەنێت، جـا ئیـدی برینپێچـی بێـت یـان هەر نەشـتەرگەریەکی دیـکە بێـت، هەروەهـا ئەم وشـەیە لە دەوروبـەری هەڵوێسـتی سـەربازیدا مانـای (پرۆسە)یەکی سەربازی دیاریکراو دەگەیەنێت.

### د ـ دەوروبەری ڕۆشنبیری Cultural Contexte:

دەوروبـــەری ڕۆشـــنبیری لەگـــەڵ دەوروبـــەری هەڵوێستانەدا جیاوازی هەیە، چونکە هەڵوێست بە گشتی مەبەســـت لێـــی ئەو پـــێگەیەیە، کە لە پێـــدراوە کۆمەڵایەتییەکـانەوە دەسـت دەکەوێـت، بەڵام ئەمە مانـای ئەوە نییە دەوروبـەری ڕۆشـنبیری لە بەکارهێنـانی چەنـد وشـــەیەکی دیـــاریکراو و لە ئاســـتێکی زمـــانەوانی دەستنیشـانکراودا بەکـار نەهێنرێـت، نەخێـر بـۆ نمـوونە ڕۆشـنبیری هـاوچەرخی عەرەبـی وشـەی (زوجـة) یـاخود (مدام) بۆ ژنەکەی خۆی بەکاردەهێنێت، واتە دەوروبـەری ڕۆشـــنبیری بەکارهێنـــاوە، بـــۆ ئامـــاژەکردن بـــە جـــێ مەبەســـتەکە، کە لە وشـــەکەوە بە شـــێوازە گشـــتییە بەکـارهێنراوەکەی دەسـتدەکەوێت، هــەروەها ڕۆشـنبیری عەرەب وشەی (الصرف ـ ڕێزمـان) بـەکاردەهێنێت، کە مانـا بەکـــارهێنراوەکەی لەلای خـــوێنەرانی ڕێزمـــانی عەرەبـــی زانینـی گۆڕانکارییەکـانی وشـەیە وەک داتاشـین و زیـاد و کەمکردنـــی وشـــە، کەچـــی خوێنـــدکارانی ئەنـــدازەیی و قوتابیانی ئەم زانستە وشەی (الصرف) لەلایان زاراوەیەکی زانسـتییە، ئامـاژە بـۆ پـاککردنەوەی ئاوەڕۆکـان لە ئـاو دەکات، بە هەر شێوەیەک بێت.

# ئاراستەکانی زمانەوانی ئەمەریکی
# لە (ساپیر)ەوە تا (چۆمسکی)

**تویژینەوەی زمانەوانی ئەمەریکی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا:**

تـویژینەوە زمانەوانییەکـان لە ئەوروپـا و ئەمەریکـا لە هەردوو ســەدەی نــۆزدە و بیســتەمدا، گەشەســەندنێکی بەرچاویـان بەخـۆوە بینـی، چـونکە لە مـاوەی نـزیکەی نیـو سەدەدا بووە زانسـتێکی سـەربەخۆ، لەم زانسـتەدا زمـان لە یەک کاتـدا بـووە ئـامراز و ئامـانجیش، زمانـەوانیش بـووە زانسـتێک بەرەو تەواوبـوون هەنگاوی نـا، ئەم پرۆسـەیەش بەپێی خواستی پێشڤەچوونی خۆی بەردەوامـی هەیە و ئەو کۆششە تاکیانەی کە لە ئایندەدا دادەڕێژرێن، زۆر لە یاسـا و ڕێســاکان و زۆر لە ئەنجامەکــانی دەچەســپێنێت، ئەم تـوێژینەوانەش تەنهـا پسـپۆڕەکانی بوارەکـانی خۆیـان و ژمـارەیەکی کەم لە قوتابییەکانیـان کـاری تیـادا دەکەن[1]،

---

١- محمود السعران، علم اللغة، مقدمة إلى القارئ العربي، دار الفكر العربي، ط ١٩٩٩، ص ٢٠.

ئەمەو تــوێژینەوە ئەمەریکییەکــان لە ســەدەی بیســتەمدا چالاکیـان بەخـۆوە بینـی و لە ئەنسـرۆپۆلۆجیاوە دەسـتیان پێکـرد، ئەمەش بـووە فـاکتەرێکی گرنـگ بـۆ پێشـڤەبردنی زانستەکە، دەکرێ بڵێین جۆرەکانی توێژینەوەی زمـانەوانی لە کۆششـەکانی هەر یەک لە (فرانـز بـواس)[1] ( Franz boas) و (ئیـدوارد سـاپیر) (E.Sapir) و (بلۆمفیلـد) لە پەرتووکەکەی (زمان) بەرجەستە دەبن، پاشان دەرکەوتنی ڕێزمــانی بەرهەمهێنــان و گوێزانــەوە لە پەرتــووکەکەی چۆمســـکی (ڕۆنانـــە سینتاکســـییەکان)، ســـەبارەت بە پێشــەکییەکەی (بــواس)، کە لە پەرتــووکەکەی بە نــاوی

١- فرانــز بــواس زمــانەوانێکی ئەمەریکیــیە لە (وســتفالیا) ســاڵی (١٨٥٨) لەدایکبووە، لە سـەرەتادا سـەرقاڵی فیزیا و جوگرافیا بوو، بەڵام پاشـان بەرەو زانسـتە مرۆییەکـان هەنگـاوی نـا، تـوێژینەوەی مێژوویی زمانەوانییەکان بە یەکێک لە ڕەمزەکانی خۆی لە ئەمەریکا لەقەڵەم دەدات، (سـاپیر و بلۆمفیلـد) قوتـابی ئەو بـوون، ئەو یەکەم کەس بوو ڕێگاکانی ڕوانینی وەسفی لە بواری زمانەوانی ئەمەریکی بەکارهێنـا، نـاودارترین پەرتوکەکـانی ئەمـانەن: ڕێبـەری زمانـەکانی هینـدی ئـەمریکی (١٩١١)، (فرانـز) پێـی وابـوو، کە نـاکرێ بەبـێ دەسـتکەوتی ڕۆشـنبیری زمـانەوانی لە هـیچ کۆمەڵگـەیەک تێبگەین، بـڕوانە: جیفـری سامسـون، مـدارس اللسـانیات، ص ٥١، هـەروەها بڕوانە: روبنز، موجز تاريخ علم اللغة فی الغرب، ص ٣٣٣ ـ ٣٣٤.

(ڕێبەری زمانەکانی هیندی ئەمریکی) لە ساڵی (١٩١١) دەرچوو، مێژووییەکەی بە لەدایکبوونی فەرمی زمانەوانییە ئەمەریکییەکان هەژمار دەکرێت، لەو پێشەکیەدا بواس بە کورتی ئەو ڕێبازەی خستەڕوو، کە لە تـوێژینەوە و وەسفی پێکهاتەیی ئەم زمانانە بەکاری هێنا، لە کۆتایشدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێ ئەو گۆڕانکارییەی لە زمانە مرۆییەکانەوە دەستمان دەکەوێت، لەڕاستیدا زۆر لەوە گەورەترە کە نمایان دەبێت و دەردەکەوێت، ئەویش لە حاڵەتێکدا گەر مرۆڤ یاسا گشتگیرەکانی لە وەسفی ڕێزمانی زمانە ئەوروپیەکانەوە هەڵبگۆزێت، ئەمەش وادەگەیەنێت هیچ زمانێکی نموونەیی لە ئارادا نییە، کە ببێتە پێوەر، ئەم بیرۆکەش بە (ڕێژەیی زمانەوانی) ناوی دەرکرد، هەروەها ئەم زمانەوانە تێبینی ئەوەی کرد کە وەسفی زمانە (ناوخۆییەکان ـ لۆکاڵییەکان) و زمانە دەگمەنەکان لە ئەمەریکای باکوور تووشی شێواندن بووە، ئەویش لەبەر نوشوستهێنانی زمانەوانان لە تێگەیشتنی توانای زمانەکان و فرەجۆریان[١]، ئەوەشی کە هەموو کۆکن لەسەری ئەوەیە کە گرنگترین زمانەوانان پاش

---

١- جون ليونز، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، دار المعرفة، الإسكندرية، ط١، ١٩٨٥، ص ١٤٠.

(بــواس) هەردوو زانــا (ئیـدوارد ســاپیر)[1] و (لیۆنــارد بلۆمفیلـد)ن، کە هـەردووک لـەژێـر کاریگـەریـدا بـوون، بەڵام

١- (ئیـدوارد سـاپیر E.Sapir) زمـانەوانێکی ئەمەریکیـیە (١٨٨٤ـ ١٩٣٩) لە (لاونبۆرگ) لەدایکبووە، پاشـان چووەتە ئەمەریکا منداڵ بـوو، زمـانی ئـەڵمانی لە کۆلۆمبیـا خوێنـدووە، بە ڕێنمـایی (بـواس) فێربـووە، مـاوەیەک ئەو زمـانە هینـدییە ئەمەریکیـانە فێربـووە، کە لەســەر کەناراوەکـانی دەریـای هـێمن قســەیان پێـدەکرا و تیایانـدا جەختـی لەسـەر پێکهـاتە کـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیرییەکان دەکـردەوە، گرنگترین بەرهەمەکانیشی (زمان) بوو، کە لە ساڵی (١٩٢١) بڵاوی کــردەوە، گرنگتــرین بیروبۆچوونەکــانی کــە پــاش لێکــۆڵینەوە لە ڕووگەکانی زمانە هیندییە ئەمەریکییەکان پێی گەیشت ئەوەبوو، کە هەر زمانێــک بەشــی خــۆی و پرســی تــایبەتی خــۆی هەیە کە لە زمانەکـانی دی جیـای دەکـاتەوە، لەسـەر ئەم بنەمـایە نـاکرێ بەشـە لاسایکار و دێرینەکانی وشە بە بنەمایەک دابنێین بۆ وەسفکردن لە زمانەکانـدا، هەروەهـا ڕیسـکی زمـانەوانی لە هەمـوو زمانێکـدا چ لە ڕووی فۆرم و چ لە ڕووی ئەرکەوە تـاکن، ئەویش بەپێی پێویسـتی پەیوەنــدی لە کۆمەڵگــەدا، چــونکە لەوانەیە زمانێــک لە زمانەکــان کۆمەڵە وشەیەکی زۆر و زەبەن بگرێتە خۆ، وەکو زمـانی ئینگلیـزی، بەبێ ئەوەی بە زمانێکی سـادە و سـەرەتایی هەژمـار بکرێت، مـادام قســـەکەرەکانی ئەم زمـــانە مەبەســـتیان لێـــی پەیوەنـــدکردنە و نیازمەندییەکانی خۆیان پێوەی دەستەبەر دەکەن، (ئیدوارد) یەکێک بـوو لەو کەسـانەی ئاماژەیـان بە سروشـتە فـۆرمی و وێنەیـیەکەی

هەریەکەیـــــــان جودابـــــــوون لەوی دی، چ لەڕووی قەناعەتپێهێنـــانی فەلســــەفی یـــان لە سروشـــــتی ئەو شوێنەوارەی بەجێی هێشت، بەڵام خودی (ئیدوارد ساپیر) گرنگی بە توێژینەوەی زمانە جەرمانیەکاندا، کەچی هەر لە

---

سیستەمی زمانەوانی دەکرد، پاشان ئاماژەیان بە هێمای زمانەوانی دەکـــرد، بەو حیســـابەی ئەم سروشـــتە زمـــانەوانییە بە خـــۆی بەرپرسیاربوو لە دەستنیشانکردنی سیستەمی زمانەوانی بەدەر لە پێکهاتە مادديیە بەرجەستەکراوەکەی، ئەویش لەڕێگەی هەمان دەنـــگەکەوە، لەم ئاستەشـــدا ئادگارەکـــانی تیـــۆری فۆنۆلـــۆجی لەڕێگەیەوە جیاوازیی شوناسی فۆنیم لە دەنگ جوداکردەوە، کە لە خودی خۆیدا جێبەجێکردنێکە بۆی، چونکە فۆنیم دەنگێکی نموونەییە و بەهـــاکەی لەنـــاو سیســـتەمی فۆنۆلـــۆجی تایبەتـــدا دەستنیشـــان دەکرێـــت، کە بەهـــۆیەوە قســـەکەر بە پێشـــبینیە فۆنۆلـــۆجیەکەی درککردن و جیاکارییە تایبەتەکەی خۆی بۆ زمانەکەی دەستەبەر دەبێت، (ئیدوارد) ئاماژەی بەو جیاکارییە کردووە، کە لەنێوان ئادگارە جیاکارەکانی فۆنیم و هەمەجۆرییەکانی دەنگی ئامێریانەدا هەیە، بڕوانە: خليل أحمد عمايرة، في نحو اللغة العربية و تراكيبها (منهج و تطبيق)، عالم المعرفة، ط١، ١٩٨٤، ص ٤٣، جورج مونان، علم اللغة في القرن العشرين، ص ٨٦ ـ ٨٧، هەروەها بڕوانە: سابير، اللغة، ص ١١٩. هەروەها:

Malberg, les novelles tendances de la linguistique, p. 9.

سـەردەمی قوتـابیێتییەوە کەوتە ژێـر کـاریگەری (بـواس)، بـــۆیە دەســـــتی دایە تـــــویژینەوەی زمـــانە هینـــدییە ئەمەریکییەکـــان و لە ســـاڵی (١٩٢١) پەرتـــووکێکی بە ناونیشـــانی (زمـــان) (Language) بڵاوکـــردەوە، ئەم پەرتووکەشـــی هەمـــان ناونیشـــانی پەرتووکەکـــەی (بلۆمفیلـــد)[١] هەڵگــرت، بەڵام جیاوازییـــەکی بەرچاویـــان

١- لیۆنارد بلۆمفیلد لە شیکاگۆ ساڵی (١٨٨٧) لەدایکبووە، لە زانکۆی هارڤـارد خوێندوویـەتی و سـاڵی (١٩٠٣) بڕوانامـەی زانکـۆکەی بەدەستهێنا، پاشان چووە ئەڵمانیا و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا، کە بە توێژینەوەکانی بەراوردکارانی قوتابخانەی ڕێزماننناسە نوێیـەکان ئاشــنا ببێــت، پاشــان دەســتی دایە تــوێژینەوەی زمــانەوانییە وەسـفییەکان و داڕشـتنی تیـۆر بۆیـان، ئەویـش بەپێـی ڕێبـازی ڕەوشتکاریی، کە بەڕوونـی لە پەرتـووکی (زمـان)دا بەدەرکەوت، کە لە ساڵی (١٩٣٣) بڵاوی کردەوە، ئەویش پاش ئەوەی کاتێکی زۆری بە وەسـفکردنی گروپـی زمـانی (ئـەلگۆلکیانییـە) بەسـەربرد، جگە لە هەندێک زمانی دیاریکراو لە (فلیپین)، کە بە هەمـان شـێوە خسـتیانە بەر بــاس و تــوێژینەوە، (بلۆمفیلــد) باســی لەوە کــردووە، کە دەربارەی بیروبۆچوونەکـانی (گیلـەر) قەرزاری (سۆسـێر)ە و بگـرە بەڕوونـی و بەوردی بـاس لە کـاریگەربوونی خـۆی کـردووە بەو، (بلۆمفیلد) کاتێک مامۆستای زانکۆی (بیل) بـوو، دووچـاری ئیفلیجـی نیـوەیی بـوو و سـاڵی (١٩٤٩) کـۆچی دوایـی کـرد، بـڕوانە: جـورج

هەبــوو، (بلۆمفیلــد) کۆششــی پــڕ بەهــای لە مەیــدانی زمانەوانییەکاندا خستەگەڕ و لە توێژینەوە ئەمەریکییەکاندا زیاتر لە کەسانی دی پەرتووک و لێکۆڵینەوەی هەبووە، بە لای کەمییەوە لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٣٣) و (١٩٥٧) کار و پڕۆژەی چڕی هەبووە[١]، ئەم پەرتووکەی (بلۆمفیلد) بە دەستپێکی زمانەوانییە ئەمەریکییەکان هەژمار دەکرێت، ئەویــش لە بــواری تــوێژینەوەی بونیادگەریــدا، کە تیایــدا بانگەشـــەی بــۆ گرنگـــی تــوێژینەوە زمانەوانییەکـــان بە شـــێوازێکی زانســـتی و ســـەربەخۆ دەکـــرد، لێـــرەدا هەڵوەســـتەیەک لەســـەر گرنگتـــرین ئەو بیروبۆچوونـــانە دەکەین، کە لەم پەرتووکەدا باسکراون، لەم چەند خاڵەدا کورتیان دەکەینەوە[٢]:

---

مونان، علم اللغة في القرن العشرين، ص ١١٧ . جیفری سامسون، مدارس اللسانیات، ص ٥٧، هەروەها بڕوانە:

Malberg, les novelles tenderness de la linguistique، p: 239.

١- صالح الكشو، مدخل في اللسانیات، الدار العربیة للكتاب، تونس، ١٩٨٥، ص ١١١.

2- Bloomfield, Language, New York, 1933, p: 20 – 33.

١ــ بانگەشــەکردن بــۆ زانســتیبوون و فۆرمیبــوونی زمانەوانی، ئەویش بەپێی بۆچوونی ڕێبازی ڕەوشتکاری و ڕێبازی فەلسەفەی دانانی خاوەن لایەنی متمانەی.

٢. زمان ئاکارێکی مرۆییە و لە ژینگەدا وەرگیراوە.

٣. ڕێبازی ئامێریانە باشترین شێوازە بۆ وەسفکردنی دیاردەی قسەکردن لەو ڕووەی کە بەرهەمی زنجیرەیەک لە رووژێنەرەکـــانە (Stimulis)، کە زنجیـــرەیەک وەڵامدانەوەیان (Reponse) بەدوادادێت[١].

٤. وەرگرتنی زمان لەژێر کاریگەری فاکتەرەکانی پاڵنەر و پاڵپشتیکردن و پێوانە و لاساییکردنەوەدایە.

٥. ڕەتکردنەوەی فاکتەرە نافیزیاییەکان لە وەسفکردنی ڕووداوی قســـەکەر، وەکــو: ڕۆح و عەقــڵ و ویســـت و ڕووداو، چـــونکە ئەم شـــتانە نـــاخرێتە ژێـــر پرۆســـەی تـــاقیکردنەوە، لەم بـــوارەدا بڕیـــار دەدات نـــابێ لەو بـــاوەڕەدابین کە ڕووداوی تەمـــومژاوی لەڕێـــگەی ئەو گریمـــانە فەلســـەفی و ســـایکۆلۆژیانەی کە لە خۆیـــان

---

١- مازن الوعر، قضايا اساسية في علم اللسان الحديث، دار طلاس، دمشق، ط١، ١٩٨٧، ص ٥٥ و ٦٩.

تەمومژترن شرۆڤە بدرێن، چونکە ئەو ڕاستیەی بوونی لەم پرۆسانەدا هەیە، تەنها پرۆسەی زمانەوانییە[1].

٦- هەژمارکردنی واتا بە لاوازترین خاڵ لە زمانەوانیدا، لەسەر ئەم بنەمایەش ناکرێ واتا وەسف بکرێت، مەگەر لەڕێگەی قسە بەرهەمهێنراوەکانەوە نەبێت، بابەتەکەش لەم پێگەیەدا دەمێنێتەوە تاکو زمانەوانی لەم بوارەدا پێشڤەچوونێک بەخۆیەوە دەبینێت[2].

٧- پشتبەستن بە بنەمای دابەشکردن لە توێژینەوەی زمانەوانی (مۆرفیم) لەڕێگەی شیکردنەوەی نموونەیەک (Corpus)، کە بەهۆی هەواڵنێری زمانەوانییەوە کۆدەکرێتەوە.

لەم شتانەی وتمان بۆمان ڕووندەبێتەوە (بلۆمفیلد) کە پێشەنگی ڕێبازی دابەشکردنە، لەژێر کاریگەری دەروونناسی ڕەوشتکاریدا بووە، بۆیە زیادەڕەوانە کاری لەسەر تەسککردنەوەی زمانەوانی کرد و زیاد لە پێویست واتای لە بواری توێژینەوەی زانستی ئاخاوتندا پەراوێزخست، پاشانیش قوتابییان و پەیڕەوانی

---

١- مازن الوعر، قضايا اساسية في علم اللسان الحديث، دار طلاس، دمشق، ط١، ١٩٨٧، ص٢٢.

2- Bloom field, language, p: 140.

ڕێبازەکەشی بەهەمان شێوە واتایان لە توێژینەوەکانیاندا وەدەرنا، بەتایبەتی لە شیکردنەوەی بونیادی زمان، ئەویش تەنها لەڕێگەی توخمە دەنگییەکانەوە، کە لە ڕێیەوە بەشەکانی گوتار بە هەموو پێگەکانیان و بە دابەشبوونەکانییەوە لەو دەوروبەر و بازنانەی پڕیان دەکەنەوە، وەردەگرێت و باسی لێوەدەکات، نەک بە ئەرکە ئاماژەییەکەی، ئەمەش بە شیکردنەوەی دابەشبوون دەناسرێت[1]، ئەم بۆچوونە قوتابییەکی کە ناوی

---

١- بڕوانە: جورج مونان، علم اللغة في القرن العشرين، ص١١٧، مەبەست لە دابەشبوون (Distribution) ئەو کۆمەڵە دەوروبەرەیە، کە یەکەیەک یان گروپێکی ڕێزمانی لە دەقێکی زمانەوانیدا بوونی هەیە، ئەویش لەڕێگەی ئەو پەیوەندییە جێگۆڕکێ و پێکهاتەییە دەستنیشانکراوەی، کە بۆ بازنەکانی یەکەکە لەناو دەوروبەرەکانی ئاخاوتندا هەیە، گرنگترین بیروبۆچوونە تازەکانی لە ڕێزماندا چەمکی گوێزانەوە و ڕستەی بنجی، کە پێکهاتە پڕەکانی لێوە دروست دەبن، هەروەها پۆلێنکردنی یەکە ڕێزمانییەکان لە ڕوانگەی دابەشبوونییەوە، نەک بە پشتبەستن بە واتا، هەرچەندە پەنابردن بۆی جاروبار ڕوودەدات، بڕوانە: أحمد حساني، مباحث في اللسانيات العامة، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ١٩٩٤، ص ١٠٤ ، هەروەها بڕوانە: جورج مونان، علم اللغة في القرن العشرين، ص ١٨٠.

(هاریس)[1] بوو، زیاتر فراوانی کرد و توێژینەوەی لەسەر کرد، لەم پرۆسەیەدا ئیدی ڕێبازی گوێزانەوە وەک فۆرمێکی دابەشکردن تەنها نابێتە پرۆسەیەکی گواستنەوە لە دەربڕینێکەوە بۆ دەربڕینێکی دیکە، واتە لە دەربڕینی (أ)ەوە بۆ دەربڕینی (ب)، بەڵکو لە پرۆسەکەدا باس لەو پەیوەندیانە دەکرێت، کە لەنێوان ڕستەکاندا هەن، ئەویش لەسەر بنەمای ئەگەرە هەمەجۆرەکانی پەسەندکردن، لەم بوارەدا هاریس پێی وایە تێکڕای ڕستە دابەشبووەکانی سەر دوو گروپ، یەکەمیان لەو گوزارشتە بەستراوانەوە بەرجەستە دەبێت، کە پەیوەندییان تەنها لەنێوان خۆیاندایە، دووەمیشیان لەو گوزارشت و دەربڕینانە پێکدێت، کە لە یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەویش بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییە هەمەجۆرانەی، کە تیایاندا ڕوودەدەن،[2]

١- زیلیغ هاریس ساڵی (١٩٠٩) لە ڕووسیا لەدایکبووە، پاشان چووە ئەمەریکا و لەوێ لە زانکۆی (پەنسلڤانیا) خوێندوویەتی، پاشان لەو زانکۆیە بووەتە مامۆستا، هەروەها لە زانکۆی (فیلادلفیا)ش ماوەیەک مامۆستا بووە، گرنگترین پەرتوکەکانی (شیکردنەوەی گوتار و شێوازەکانی زمانەوانی بونیادگەرییە).
٢ـ رونالد ايلوار، مدخل إلى اللسانيات، ترجمة: بدرالدين القاسم، منشورات وزارة التعليم العالي، السعودية، ١٩٨٠، ص ١٧٥ ـ ١٧٦.

هــاریس لە ســاڵی (١٩٤٦) وتــارێکی بە ناونیشــانی (لە مۆرفیمەوە بۆ دەربڕین) نووسی، کە لەلای زمانەوانان بە یەکەم نموونەی شیکردنەوەی فۆرمیی هەژمار دەکرێت، کە تیایدا باسی لە مۆرفیم و پێکهاتە ڕاستەوخۆکان کرد، ئەم وتــارە ڕۆڵــی خــۆی هەبــوو، و (چۆمســکی) لە توێژینەوەکــانی خۆیــدا لەســەر ئاســتی شــیکردنەوەی سینتاکسیدا پشتی پێ بەست، چونکە ئەوکاتە بە خۆی یەکێک بوو لە قوتابیانی (هاریس)، پاشانیش بووە هاریکار و بــرادەری، توێژینەوەکــانی (چۆمســکی) لە ڕووی نــاوەرۆکەوە پــێش ســاڵی (١٩٥٧) هەروەک تــوێژینەوە و پڕۆژەکــانی (هــاریس)بوو[1]، چونکــە لەم ساڵەدا(مەبەســت ســاڵی ١٩٥٧) یەکەم پەرتــووکی خــۆی بە نــاوی (ڕۆنانــە

---

١- هاریس بە دامەزرێنەری ڕێزمانی گوێزانەوەیی هەژمار دەکرێت، کە بە نوێکردنەوەیەکی گرنگی بواری تیۆری دابەشبوونی فۆرمیانە دادەنرێــت، کە لە بــواری پرۆژەیەکــی گرنگــی خۆیــدا باســی لێــوەکردووە: (ڕۆشــنبیری و شــێواز لە گوتــاری درێــژی بونیــادە ماتماتیکییەکــانی زمــان)، هەروەهــا لەو پەرتــوکەی بە نــاوی (تــوێژینەوە لە زمــانەوانییە بونیــادی و گوێزانەوەییــەکان)، بــڕوانە: أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة والتطور، ص ٢٠٠.

سینتاکسـیـیەکان) بڵاوکـــردەوە[1]، ئەم پەرتـــووکە بە پێشەکییەک هەژمار دەکرێت بۆ سەرهەڵدانی هزر و بیری نوێ لە مێژووی هزر و توێژینەوەکانی زمانەوانیدا، بێ ئەوەی هیچ بۆچوونێک لەم بوارەدا شان لە شانی بدات، چونکە بیروبۆچوونەکانی ئەو بە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە بواری تـوێژینەوەی زمـانەوانی هاوچەرخـدا دادەنرێـت، ئەویـش لەبەر ئەو هەمـوو تیـۆر و چەمـکە تـازانەی، کە دایانی ڕشت، کە بەهۆیانەوە چەمکە بەرابییەکانی پێشووی هەڵوەشـاندەوە، یـان جـارێکی دی سـەر لەنـوێ لەسـەر بنەمای چەمکەکانی ئەو داڕێژرانەوە و بە پۆشـاکێکی نوێ پێشکەشـکران، بەشـێوەیەک لەگـەڵ زانسـت و چەمـکە هاوچەرخ و تازەکاندا بگونجێت، ئەم پێشڤەچوونە گرنگ و خێرایەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی تیۆری بەرهەمهێنان لە جیهانـدا، تەشەنەسـەندنی ئەم بۆچـوونە تـازانە تەنها لە زانکۆ ئەمەریکییەکانـدا نەوەسـتا، بەڵکو بەرەو زانکۆکـانی ئەوروپا و وڵاتە عەرەبییەکان و چەندەها زانکۆی دیکە لە

---

١- جون ليونز، تشومسكي، ترجمة: محمد زياد بركة، النادي الأدبي بالرياض، ١٩٧٨، ص ٢٦.

جیهاندا هەنگاوی نا[1]، جا پێش ئەوەی باس لەم تیۆرە گرنگە بکەین، و باسی ئەو کاریگەریانە بکەین کە لە بواری زمانەوانیدا دروستی کرد، چ لە ڕووی ڕێبازیی و چ لە ڕووی تیۆرییەوە، وا باشترە تۆزقاڵێک لەسەر کەسایەتی (چۆمسکی) بدوێین، کە شۆرەت و ناسراوییەکی زۆری پەیدا کردووە، بەتایبەتی لە ناوەندە ڕۆشنبیری و پسپۆڕییەکاندا، چونکە دەرکەوتنی (نەوام چۆمسکی) واپێدەچێ لەم توێژینەوەیەدا خەوشەکانی فەلسەفەی زمانی خستەڕوو و ئەو پێویستیانەی باسکرد، کە بەهۆیانەوە پێویستە بگۆڕدرێن و توێژینەوەی زانستی دیکە بنووسرێت، کە پتەو و تۆکمە بێت و یەکلاکەرەوە بێت[2].

١- میشال زکریا، الألسنیة علم اللغة الحدیث المبادئ و الأعلام، ط٢، المؤسسة الجامعیة، ١٩٨٣، ص ٢٦١.

٢- مفهومات في البنیة النص، ترجمة: وائل برکات، دار کعد للطباعة و النشر و التوزیع، سوریا، ١٩٩٦، ص ١٤.

## ژیانی زانستی چۆمسکی

(ئـــەڤرام نـــەوام چۆمســـکی) ( Avram Noam Chomsky) زمـــــانەوانێکی ئەمەریکیـــــی بە ڕەچەڵەک جوولەکەیە، مانگی دیسەمبەری ساڵی (١٩٢٨) لەدایکبووە، لە (پەنسلڤانیا) ماتماتیک و فەلسەفەی خوێند، تاکو ساڵی (١٩٥٥) پـلەی دکتـۆرای بەدەســتهێنا، هەرچەنـدە زۆربەی زۆری تـوێژینەوە زمانەوانییەکـانی لەوکاتەدا ئەنجامـدا، کە بووە ئەندام لە کۆمەڵەی (هاوڕێیان) لە زانکۆی (هارڤارد)، ئەمەش لەنێـوان سـاڵانی (١٩٥٠) و (١٩٥٥)دا بـوو، پـاش ئەوە لە پەیمانگـــەی (ماساچۆســێت) دامەزرا و لە ژیـــانی زانســـتیدا هەمیشـــە لە پێشـــکەوتندا بـــوو، تـــاکو پـــلەی مامۆســـتایەتی لە بـــواری (زمـــانەوانی زمـــانە تازەکـــان) بەدەســـتهێنا، لەڕووی کۆمەڵایەتیشـــەوە هاوســـەرگیریی کـــردووە و دوو کـــچ و کـــوڕێکی هەیە[١]، تـــوێژینەوە و پڕۆژەکـانی چۆمسـکی لە ناوەنـدە ئەکادیمییەکانـدا ڕێـز و پێزانینێکـــی زۆری هەیە، لە زانکـــۆی (شـــیکاگۆ) پـــلەی دکتـۆرای فەخـری پێبەخشـرا، هەروەهـا لە چەنـدەها وڵات

---

١- ميشال زكريا، الألسنية التوليدية التحويلية و قواعد اللغة العربية (النظرية الألسنية)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٢، ١٩٨٦، ص ٩.

بـۆ وانه وتـنەوه داوایـان لێکـردووه، له سـاڵی (١٩٦٧) له زانکــۆی (کالیفۆرنیــا) له(یرکلــی)، (وانەی بیکمـــان)ی دەوتەوه، له سـاڵی (١٩٦٩)شـدا له زانکـۆی (ئۆکسـفۆرد) وانەکانی (جۆن لۆک) و له زانکۆی (لەندەن)یش (وانەکانی یـادی شـیرمان)ی دەوتەوه، ئەم زانـایه بـۆ یەکەمجـار له بــواری زمانەوانییەکانــدا بــوو که شــۆرەت و ناســراوی پەیداکرد، له سەرەتاشەوه لەسەر دەستی باوکی بنەماکانی زمانەوانی مێژوویی فێربوو، باوکی (چۆمسکی) شارەزایی له زمــانی (عیبریــدا) هەبــوو، بــۆیه ئەم زانــایه یەکەم تـوێژینەوەی خـۆی دەربـارەی زمـانی عیبـری هـاوچەرخ پێشکەشکرد، ئەویش کاتێک که ماستەرنامەکەی وەرگرت، کەچـــی ئەو پـــڕۆژەیەی که هەنـــووکه نـــاوی پێـــیەوه دەرکـردووه، بونیادنـانی سیسـتەمی ڕێزمـانی بەرهەمهێنه، که لەڕێگەی گرنگیدانی به لـۆجیکی هـاوچەرخ و بنەماکـانی ماتماتیک پێشڤەچوونی بەخۆیەوه بینیوه، که پاشان لەسـەر وەســـفی زمـــانه سروشـــتییەکان ئەو بنەمایـــانەی پراکتیزەکـرد[١]، هەروەهـا (چۆمسـکی) له سـاڵی (١٩٥١)

١- جون ليونز، تشومسكي، ترجمة: محمد زياد بركة، النادي الأدبي بالرياض، ١٩٧٨، ص ٨٧.

مــــۆریس هــــالی[1]زمــــانەوانی ناســــی، کە یارمەتیــــدا لە بەدەستهێنانی پلەی توێژەر لە تاقیگەی دەنگی ئەلکترۆنی سەر بە پەیمانگەی (ماساچۆسێت)ی تەکنەلۆژی، لە ساڵی (١٩٥٥)یش بووە مامۆستا لە هەمان ئەو پەیمانگەیەدا و تاکو ئێستاش هەر لەو کارەدا ماوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا (چۆمسکی) لە ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە زانستیی و زمانەوانی و نازمانەوانییەکانی جیهاندا ئەندامە، وەکو کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ پێشڤەبردنی زانستیی و ئەکادیمیای ئەمەریکی بۆ هونەر و زانستەکان، جگە لە چەندەها کۆمەڵە و ئەکادیمیای هەمەجۆری دیکە، کە ئەندامە تیایاندا، شایانی باسە (چۆمسکی) هەر لە تافی لاوێتیەوە شارەزایی لە زمان و ڕێزمانی عەرەبی پەیداکردبوو، کاتێکیش قوتابی بوو لە زانکۆ (مەتن ئەجرومییە)ی خوێندبوو، (چۆمسکی)

---

١- مۆریس هال، زمانەوانێکە بە ڕەچەڵەک ڕووسییە، لە ساڵی (١٩٥١)ەوە لە ئەمەریکا لە پەیمانگەی (ماساچۆسێت) خوێندوویێتی، لەگەڵ ڕۆمان جاکۆبسن بەشداری کرد لە دارشتنی توێژینەوەی فۆنۆلۆجی و لەگەڵ(چۆمسکی)یش بە شێوەیەکی متمانەخواز بەشداری کرد لە دارشتنی فۆنۆلۆجی زمانی ڕووسی و ئینگلیزی، هەروەها توێژینەوەی شیعریی لە بواری زمانەوانی بەرهەمهێندا داهێنا.

لەو دیدارەی کە (مازن وەعر) لەگەڵیدا سازی کردبوو، وتی: ((**پێش ئەوەی دەست بە توێژینەوەی زمانەوانی گشتی بکەم، کارم لە هەندێک پرۆژەی زانستی دەکرد، کە پەیوەستبوون بە زمانەوانی سامییەوە، تا هەنووکەش (ئەجرومیە)م لەیاد ناچێت، کە پێش چەند ساڵێک لەگەڵ مامۆستا (فرانز ڕۆزنتال)**[1] **تیایدا دەمخوێند، لەو ماوەیەشدا زۆر گرنگیم بە کلتووری ڕێزمانی عەرەبی و عیبری دەدا**))[2]، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆمسکی لە ڕووی پێکهاتەی زانستییەوە لەژێر کاریگەری کلتووری عەرەبیدا بووە، ئەم کاریگەرییەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە تیۆرەکەیدا ڕەنگی دایەوە، بەدەر لە بواری زمانەوانی و زانستیش، (چۆمسکی) بە بیروبۆچوونە سیاسییەکانیشیەوە ناسراوە، بگرە ئەو بۆچوونانەی لە بواری سیاسەتدا بە هەماهەنگ لەگەڵ ناسراوییەکەی لە

---

١- فرانز ڕۆزنتال لە زانکۆی پەنسلڤانیا مامۆستای چۆمسکی بووە، یەکێک بووە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە شارەزایان لە زمانی عەرەبی و ئەدەبیاتیدا هەبوو، گرنگترین توێژینەوەکانی (ڕێبازەکانی زانایانی موسڵمان لە توێژینەوەی زانستی)و توێژینەوەی تر.

٢- مازن الوعر، لقاء مع نوام تشومسكي، مجلة اللسانيات، جامعة الجزائر، العدد ٦، ١٩٨٢، ص ٧٢.

بوارەکانی زمان و زمانەوانیدا، شۆڕەتێکی لە ڕادەبەدەری پێبەخشی، گرنگیدانیشی بە سیاسەت لە سەرەتاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە ڕەچەڵەک جوولەکەیە و لە کۆمەڵگەیەکی مەسیحی لەدایکبووە، بۆیە بیرورا و بۆچوونە سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەیەکدا گەڵاڵەبوو، کە بە (کۆمەڵگەی جوولەکە شۆڕشگێڕەکان) لە شاری نیۆیۆرک دەناسرێت، تا ڕاددەیەکیش بەرەو لایەنی توندڕەوی کەمەندکێش ببوو و لە سەرەتادا (شڵەژاوخواز) بوو، پاشانیش بووە کەسێکی شۆسیالیست، شۆڕەتە سیاسییەکەشی لەو ڕەخنە توندانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای کردووە، بەتایبەت تیۆەگلانی سوپای ئەمەریکی لە ڤێتنام، پاشان لە ناوچەی کەنداو،[١] پاشانیش چالاکییە سیاسییەکانی پەرەیان سەند، تاکو بووە دیارترین بەرهەڵستکارانی سیاسەتی ئەمەریکی، هەروەها ئەو وتارانەی لە پەرتووکی **(هێزی ئەمەریکا و ماندرینە تازەکان)** بڵاوی کردنەوە، بە یەکێک لە بەهێزترین ئەو وتارانە هەژمار دەکرێت، کە تا هەنووکە دەربارەی ڤێتنام ئاراستەی حکومەتی ئەمەریکی

---

١- جون ليونز، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، دار المعرفة، الإسكندرية، ط١، ١٩٨٥ ، ص ١.

کراون، جگە لەمانەش چۆمسکی لەژێر کاریگەری کۆمەڵە زانایەکدا بوو، نەخاسما زانا هاوچەرخەکانی خۆی لە هەمووشیان زیاتر لەژێر کاریگەری (زیلغ هاریس)دا بووە[١]، ئەم زانایە پێش هەموو کەسێک باسی لە یاسا گوێزانەوەیەکان کرد، پاشانیش چۆمسکی خستییە ئەستۆی خۆی، ئەوەی جێی سەرنجڕاکێشانە تیۆری بەرهەمهێنانی گوێزانەوەیی لە زۆر بوار بەکارهێنرا و بەکارهێنانی ئەم تیۆرە تەنها لە زانکۆکان و بوارە فێرخوازییەکانی زماندا قەتیس نەما، بەڵکو بۆ بوارە هونەرییەکانیش قەڵبەزەی هاوێشت، ئەوەتا میوزیکزانێک بە ناوی (برنشتاین)،[٢] کە زانایەکی بواری میوزیکە، بە هەمان شێوە دەگاتە هەمان ئەو بیرۆکەی کە (چۆمسکی) دەربارەی یاسا گشتییەکان

---

١- زیلغ هاریس، زمانەوانێکی ئەمەریکییە، لە شاری بالتا لە (ئۆکرانیا) ساڵی (١٩٠٩) لەدایکبووە، ماوەیەک لە پەنسلڤانیا مامۆستا بووە، یەکێکە لەو زانایانەی کە تیۆری (دابەشبوونیان) دارشت، توخمی گوێزانەوەی خزاندە تیۆرەکەیەوە، بۆ فراوانکردن و پێشڤەبردنی تیۆرەکەی چۆمسکی، کە قوتابی ئەو بوو، پشتی پێبەست بۆ دارشتنی تیۆرەکەی خۆی، پەرتووکی (ڕێبازەکانی زمانەوانی بونیادگەریی)ی نووسیوە، کە لە هەموویان ناسراوترە.

٢- برنشتاین ئێستا لە پەیمانگەی بالای هونەرەکانی میوزیکدا لە وڵاتی کویت مامۆستایە.

پێــی گەیشــتووە، واتە پرســـی ئەو یاســـایانەی لە ڕووی بۆمـــــاوەییەوە نەوە بە نەوە دەگــــوازرێنەوە، و کـــــاری خۆشیان بە قووڵترین شێوە و لە هەموو بوارەکاندا ئەنجام دەدەن، شــتێکی ســەیر و ســـەمەرەیە برنشــتاین کاتێــک سەرقاڵی شیکردنەوەی هەمەچەشنییەکانی (ئارۆن کوبلان) بـوو، کە بـۆ (پیـانۆ) دانرابـوون، ئەم بیـرۆکەی دۆزیـیەوە، لێرەوە ئیدی دەستی کرد بە گەڕان بە دوای پاساوێک بۆ بـوونی ئەم پێکهاتـانەی، کە هەمـان پلەکـانی نـاو قـوڵاییەکە دەگرنەخـــۆ، هەرچەنـــدە ئەو بـــاوەڕە لە گۆڕێـــدایە، کە یاسـاگەلێکی میـوزیکی هەن لە ڕووی سـەلیقەوە مـۆرکێکی جیایــــان وەرگرتــــووە، و لەم ڕووەوە بڵاوبـــوونەتەوە و تەشـەنەیان سـەندووە، ئەوا (برنشـتاین) بە هـیچ شـێوەیەک مێشـــکی بەو لایەدا نەچـــووە، کە ئەم بیـــرۆکە لە ڕووی زانسـتییەوە پشـت بە پاسـاوگەلێک ببەسـتێت و پاڵبـداتەوە، هۆکـاری زانسـتی پـتەو مەگەر لەو ڕووەوە نەبێـت، کە لە سـاڵانی پێشـوو لە مێشـکیدا کۆمەڵە ڕاستەقینەیەک کەڵەکە بـــووبێتن، کە جەخـــت بـــکەنەوە ســـەر بـــوونی یاســـاکانی گەردوونـی، ئەویش وەکو بنەمـایەک بـۆ زمـانی تـازە، ئەم بیرۆکەش تاڕاددەیەک تازەیە (چۆمسکی) دۆزیویەتەوە[1].

١- محمـد هیکـل، برنشـتاین و لغـة الموسـیقی بـین نظریـة الأصـل

نووســـینەكانی (چۆمســـكی) لە ڕووی نووســـینگەیی زمانەوانیەوە كاریگەریەكی زۆریان هەبوو و لە زۆر بواردا سوودی بە زمانەوانان گەیاندووە، واش پێدەچێت زۆر لە زانایـانی هــاوچەرخی زمــان لە مێــژووی ئەم زانســتەدا نەگەیشــتبێتە ئەو پــلە و پــایە زانســتییەی، كە بەدەســتی هێناوە[١]، (چۆمسكی) تێكڕای بیروبۆچوون و توێژینەوە زمانەوانییەكانی لە كات و ساتی نزیک بە یەک لە وتار و كــۆمەڵە پەرتووكێكــدا بڵاوكردبــۆوە، كە ئێســتا بەپێــی كاتەكانی بڵاوكردنەوەیان ئاوڕیان لێدەدەینەوە و باسیان دەكەین.

**أـــ ڕۆنانــە سینتاكســییەكان** (les structures syntaxiques):

ئەم پەرتــووكە لە ســاڵی (١٩٥٧)دا بڵاوكــرایەوە، كە بە دەستكەوتێكی گەورەی بواری زمانەوانی هەژمار دەكرێت، نووسەرەكەی هەندێک لە ئادگارەكانی ئەم تیۆرە تازەیەی تیادا خستەڕوو و قەڵەمبازێكی لەسەر ڕەوشی زمانەوانی

---

المشترك و علم النحو التحويلي، عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الادب، المجلد ٢٧، العدد ١، ١٩٩٨، ص ١٤٥ .

١- جون ليونز، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، دار المعرفة، الإسكندرية، ط١، ١٩٨٥، ص ٢٩.

لەلای (بلۆمفیلـد) هاویشـت، کە تـا ئەوسـاتە وەخـتە لە ناوەنـدە ئەکادیمیەکانـدا بـاوبوو، بەڵام ئەم تیـۆرە تـازەیە ئاماژەی بەو ڕێبازە نەکرد، کە لە ئاستی واتادا پەیڕەوی لێـدەکات[1]، ئەو تیـۆرە زمـانەوانییەی کە لەم پەرتـووکە پێشـخرا، پشـتی بەو تیـۆرە زمانەوانیـانە دەبەسـت، کە لە ڕۆژئاوادا سـەریانهەڵدا، ناودارترینیـان تیـۆری بونیـادگەریی و هەندێک لە تیۆرە لۆجیکییەکان بوو.

**. بونیادی لۆجیکی تیۆری زمانەوانی**

(la structure logique de la theorie linguistique)

ئەم پەرتـــووکە لە ســـاڵی (١٩٧٥) بڵاوبـــووەوە، لە ڕاستیشـــدا پەرتـووکەکە بە خـۆی لە سـاڵی (١٩٥٥)ەوە ئامـادەکرابوو، ئەویـش لەبەر ئەوەی چاپخانەکـان ڕەتیـان کـردەوە بـڵاوی بـکەنەوە، بەو پاسـاوەی بـاس لە چەنـد پرسێک دەکات، کە جێی گرنگیپێدانی پسپۆڕانی زمان نییە، (چۆمســـکی) لەم پەرتـــوکەدا کۆشـــش دەکـــات بـــۆ دەستینشـانکردنی زانینـی ئـاخێوەران و قسـەکەران بەو زمـــانە ناوەرۆکئـــامێزەی بەکـــاری دەهێـــنن، ئەو لە کۆششـدابوو بـۆ هەڵسـەنگاندنی ڕێزمـان و شـرۆڤەدانی

١- مـازن الـوعر، نحـو نظريـة لسـانية عربيـة حديثـة لتحليل التراكيب الاساسية للغة العربية، دمشق، ط١، ١٩٨٧، ص ٥٢.

بەشێوەیەک کە ڕێزمانە بابەتییەکان لەگەڵ ئەم شێوازانەدا تەبابن، کە زمانەوانی گشتی لە خۆیان دەگرێت[1].

**. ئادگارەکانی تیۆری سینتاکس**

(l aspect de la structure syntaxique)

ئەم پەرتووکە ساڵی (١٩٦٥) دەرچوو، تیایدا گرنگترین بیروبۆچوونەکانی تیۆری بەرهەمهێنانی گوێزانەوەیی تۆمارکرا، لەم پەرتووکەدا چۆمسکی جیاکارییەکی خستە نێوان (توانستی زمانەوانی) و (چالاکی ئاخاوتن)، لە هەمان کاتیشدا دوو زاراوەی نوێ لەم پەرتووکەدا فۆرمەلەکران: (بونیادی ڕووکەش) و (بونیادی قووڵ)، چۆمسکی تیۆرەکەی خۆی بە (تیۆری نموونەیی) ناوزەدکرد و بەدرێژی فۆرمی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گزێزانەوەی و ئاستە زمانەوانییەکانی لە کاتی تێکچرژاندا ڕوونکردەوە[2]، لەم پەرتووکەدا ئەم بیروبۆچوونانە خرانەڕوو:

---

١- جون ليونز، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، دار المعرفة، الإسكندرية، ط١، ١٩٨٥، ص ٢٩.

٢- ميشال زكريا، الألسنية التوليدية التحويلية و قواعد اللغة العربية (النظرية الألسنية)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٢، ١٩٨٦، ص ١١.

**- دەستنیشانکردنی چەمکی (توانستی زمانەوانی) بەوەی کە شارەزابوونی قسەکەرە لە ڕووی ڕێزمانی ناوەڕۆکەوە بە زمانەکەی.**

**ـ دەستنیشـانکردنی چەمکـی (چـالاکی ئاخـاوتن) و نمایانبوونی ئەم زانیارییانەش لە کردەی ئاخاوتندا.**

**- دەستیشانکردنی چەمکی (بنجی) و جیاکردنەوەی لە چەمکی وەرگرتنی ڕستە.**

**- زمانەوانیی دیکارتی**

(la linguistique cartesienne)

چۆمسکی سالّی (١٩٦٦) ئەم پەرتوکەی بڵاوکردەوە، و تیایـدا ئەو گریمانـانەی خسـتەڕوو، کە پەیوەنـدیان بە جیاکارییەکانی هزر و ئەو هێڵکارییە بنەڕەتیانەی مێشکەوە هەیە، و (عەقڵ) دەیسەپێنێتە سەر کردەکانی شیکردنەوەی ماناکان، بە هەمان شێوەش دەیسەپێنێتە سەر کردەکانی وەرگرتنـی زمـان، ئەویـش لەڕێگـەی ئەو پێـدراوانەی لەبەردەسـتدان، لەم پەرتـووکەدا تیـۆرەکەی چۆمسـکی نزیکـی لەگـەڵ بیروڕاکـانی (دیکـارت) و (هامبۆڵـدت) دەردەکەوێـت، لەهەمـان کاتـدا (چۆمسـکی) ئامـاژە بەو دوورکەوتنـەوەی ڕەهەنـدە هۆشـەکییەکان دەکـات، کە تیـۆرەکەی لەسـەر پایەکـانی دەوەسـتێت، لەبەر ئەوەی

زمانەوانی و فەلسەفە و دەروونناسی لەلای ئەو لەیەکدی جودا نین، (چۆمسکی) لەو باوەڕەدایە زمانەوانیەکان دەتوانن بەشدارییەکی کارا بکەن لە تویژینەوەی عەقڵی مرۆڤ، تەنانەت لە ئێستاشدا دەبینین تیۆرەکە لە بەرژەوەندی هەڵوێستێکی دیاریکراودا پرۆسەیەکی سەلماندن دەربارەی ئەو هەڵوێستانەی پێشکەش دەکات، کە لە مشتومڕەکانی نێوان عەقڵانییەکان و ئەزموونگەرییەکان لە ئارادایە[1]، (چۆمسکی) تویژەرانی ئاراستەکرد بۆ گرنگی و پێویستبوونی پشکنینی تیۆرەکانی ڕێزمانی کلاسیکی بە شێوازێکی ورد و قووڵ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم تیۆرە وێنای گرنگ دەربارەی سروشتی زمان پێشکەش دەکەن، و پەراوێزخستنیشیان ڕەوشی تیۆری زمانەوانی هاوچەرخ لاواز دەکات[2].

---

١- جون ليونز، تشومسكي، ترجمة: محمد زياد بركة، النادي الأدبي بالرياض، ١٩٧٨، ص ٨١.

٢- أحمد مؤمن، اللسانيات النشأة و التطور، ص ٢٠٣.

**. جۆرەکانی دەنگ لە زمانی ئینگلیزی**

(les types phonologiques de la langue anglaise)

ئەم پەرتـووکە سـالّی (١٩٦٨) چۆمسـکی و (مـۆریس هـال)ی زمـانەوان بەشـێوەیەکی هـاوبەش نووسـیان و بڵاویان کردەوە، پەرتووکەکە باس لەم بابەتانە دەکات:

**ــ ئەو گریمـانە زمانەوانیـانەی دەبـنە دەسـتپێک بـۆ توێژینەوەی دەنگەکانی زمان.**

**ــ تیـۆری فۆنۆلـۆجی بەرهەمهێنـانی گوێزانـەوە و فۆنۆلۆجی ئینگلیزی.**

هەروەهـا ئەم پەرتـووکە بەقـووڵی بـاس لە بونیـادی (فۆنیمەکانی) زمانی ئینگلیزی دەکات و یاسا فۆنۆلۆجییە گونجاوەکـان پێشـکەش دەکـات و بە هەمـان شـێوەش ئادگارە فۆنۆلۆجییە گشتییەکان ڕێکدەخات[١].

**. زمان و هزر** (La langue et la pensee):

ئەم پەرتـووکە سـالّی (١٩٦٨) بڵاوبـووەوە، سـێ وانەی گرتۆتەخـۆ، کە (چۆمسـکی) لە زانکـۆی (برکلـی) لە سـالّی (١٩٦٧) وتبوونییەوە، کە لەم وانـانە پێکدێن: وانەی ژمـارە

---

١- میشال زکریا، الألسنية التوليدية التحويلية و قواعد اللغة العربية (النظرية الألسنية)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٢، ١٩٨٦، ص ٢٠.

(١): ڕابووردوو، ئەم بابەتانەی پێشوو لەخۆ دەگرێت، کە لە ئێستادا لە توێژینەوەی زمانەوانیدا کاریان پێدەکرێت. وانەی ژمارە (٢): ئێستا، توێژینەوەی زمانەوانی لەخۆ دەگرێت. وانەی ژمارە (٣): ئاینده، ئەو توێژینەوانە لەخۆ دەگرێت، کە بۆیان هەیە لە بواری توێژینەوەی زمان و هزر سوودیان لێوەربگیرێت. هەروەها چۆمسکی لەم پەرتووکەدا جەختی لەسەر دەرخستنی فەلسەفەکەی خۆی دەکردەوە، دیارترین خەسڵەتیش لەو خەسڵەتانەی کە هزر و بۆچوونەکانی (چۆمسکی) لەوانی دی جیا دەکەنەوە، جەختکردنەوەیەتی لەسەر شتێک، کە پێی دەوترێت: (جیهانیبوونە فۆرمییەکان)، کە لەو بنەما گشتیانە پێکدێت، کە فۆرم و شێوەی ڕێزمان و شێوازی کارکردنی بە ئاراستەی زمانە هەمەجۆرەکان دەستنیشان دەکات[١].

**. مەسەلەکانی زانین و ئازادی**

(oblemes de la connaissance et de laliberte)

لەساڵی (١٩٧١)دا دەرچووە، دوو وانە لەخۆ دەگرێت، کە لە پەیمانگەی (سالووسی پیرۆز)ی سەر بە زانکۆی (کامبریدج) وتبوونییەوە، (چۆمسکی) لەم پەرتووکەدا

---

١- جون ليونز، تشومسكي، ترجمة: محمد زياد بركة، النادي الأدبي بالرياض، ١٩٧٨، ص ٨٣.

چارەسەری ئەو پرسە هزریانە دەکات، کە پەیوەستن بەو مەسەلانەی فەیلەسوفی ئینگلیزی (ڕاسل) لە نووسینەکانی خۆیدا وروژاندبوونی[1].

**. توێژینەوەکانی واتایی لە ڕێزماندا**

(Etudes semantiques de la grammaire generative)

لە ساڵی (١٩٧٢) دەرچووە و تیایدا چەند مەسەلەیەکی لە تیـــۆری نموونەیـــدا هەمـــوارکردووە، کە پێشـــتر لە پەرتووکی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) دایڕشتبوو، هەروەها لەم پەرتـووکەدا چۆمسـکی چەنـد ڕەخـنەیەک ئاراسـتەی تیـــۆری زمـــانەوانی دەکـــات، ئەویـــش پـــاش ئەو هەموارکردنانەی کە جێبەجێی کردن[2].

---

١- ميشال زكريا، الألسنية التوليدية التحويلية و قواعد اللغة العربية (النظرية الألسنية)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٢، ١٩٨٦، ص ٢١.

٢- ميشال زكريا، الألسنية التوليدية التحويلية و قواعد اللغة العربية (النظرية الألسنية)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٢، ١٩٨٦، ص ٢٢.

**. زانینی زمانەوانی: سروشت و بنج و بەکارهێنانی**

(La connaissance linguistique les origines et les fonctions)

ئەم پەرتـــووکە لە هەمـــوو پەرتووکەکـــانی دیـــکەی چۆمســـکی ڕوونتـــرە لە بـــواری دەستنیشـــانکردنی ئەو وێـنەیەی کە تیـۆری بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە لەسـەری دەڕوات، بەهەمـان شـێوەش لە هەڵوەسـتەیەکی تێڕامـانی بابەتیـانە پێکـدێت لە بـواری شـێوازی ئەو ڕەخنـانەی ئاراسـتەی تیـۆرەکە کـراون، و ئەو پێشـنیازانەش کە بـۆ پێشخستنی تیۆرەکە خراونەتەڕوو، کە تیۆرەکەیان گەیاندە ئاستێک، بە (تیۆری بەستنەوەی فاکتەران) نـاوزەد بکرێت، هەروەها (چۆمسکی) لەمیانەی دروستکردنی وێنایەک بۆ ئەم تیـۆرەی دوایـی خـۆی، دەسـتی دایە دەستنیشـانکردنی زۆر لەو زاراوانەی کە لە وێـــنەی یەکەمـــی تیۆرەکەیـــدا باسیانی کردبوو، بەتایبەت زاراوەی (ڕێزمـانی گشـتی)، کە تـــارادەیەک لەوانـــی دیـــکە کـــۆنتر بـــوو، بەهەمـــان شـــێوە چۆمسکی هەسـتا بە ڕوونکـردنەوەی ڕۆڵـی ئەم ڕێزمـانە لە بواری (وەرگرتنی زمان)دا و بونیادنانی شتێک کە ناوی نا (بوارە تایبەتەکان)، وەکو ڕێزمـانی عەرەبی یان ئینگلیزی یـــان فەرەنســـی، لە جەنجـــاڵی ئەم لێکـــدانەوانەدا گەیشـــتە

ئەوەی کە لەناو (تیۆری ڕێزمانی گشتی)دا یەکە و تیۆری لاوەکی هەیە، کە ئەمانەن:

(تیۆری ئێکس بار) و (تیۆری سیتا و (تیۆری بەستنەوە و دۆخ) [1]، جگە لەم پەرتووکانە چۆمسکی کۆمەڵە وتارێک و پێداچوونەوەیەکی نووسیوە، کە باس لە هەندێک پەرتووکی زمانەوانە ناسراوەکان دەکەن، بۆ نموونە: پێداچوونەوەی پەرتووکی (سکینەر)، کە دەربارەی (ڕەوشتی قسەکەر) نووسیبووی و ڕەخنەشی لەو ڕێوشوێنانە گرت، کە ئەم زمانەوانە بۆ دۆزینەوەی ڕەوشتی زمانەوانی پەیڕەوی لێکردبوو، هەروەها ڕەخنەی لەو پرۆسەیەش گرت، کە توانای مرۆڤ لە ڕووی زمانەوانییەوە پەراوێز دەخات، کە لەلایەن ئەم زمانەوانەوە خرابووەڕوو، هەروەها چۆمسکی هەستا بە پێداچوونەوەی پەرتووکی (فۆنۆلۆجی)ی (هۆکیت)، هەروەها کۆمەڵە وتارێکیشی نووسیوە، لەوانە بۆ نموونە: (بونیادە لۆجیکییەکانی زمان) وتارێک بوو لە گۆڤاری (بەڵگەنامەکان)ی ئەمەریکی ساڵی (١٩٥٦) بڵاوی کردەوە،

---

١- نوام تشومسكي، المعرفة اللغوية، طبيعتها و أصولها و استخدامها، ترجمة: محمد فتيح، دار الفكر العربي، ط١، ١٩٩٣، ص ٦.

هــــەروەها وتــــاری (ئەو زمانــــانەی حاڵەتەکانیــــان سنووردارن)، کە بە هاوبەشی لەگەڵ (جۆرج میلەر) لە گۆڤاری (ڕاگەیاندن و چاودێری) ساڵی (١٩٥٨) بڵاوی کردەوە، و وتاری (چەند تایبەتمەندییەکی فۆرمیانەی ڕێزمان) لە گۆڤاری (ڕاگەیاندن و چاودێری) ساڵی (١٩٦٩) بڵاوی کردەوە، ئەمەو چەندەها پەرتووک و وتار، کە لێرەدا بواری ناوهێنانیانمان نییە، ئەم پەرتووکانەش کە ئاماژەمان پێدان، لەبەر ئەوە بوو، کە گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان لە بواری تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە هەیە، چ لە ڕووی وەسف و چ لە ڕووی بنەماکانییەوە.

**تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە[١]:**

ئەم تیۆرە بەهۆی چۆمسکییەوە دامەزرا، ئەویش کاتێک جەربەزانە ڕەخنەی توندی لە قوتابخانەکەی (بلۆمفیلد) گرت، بەم ڕەخنەگرتنەشی بووە ڕابەری قوتابخانەی زمانەوانی لە ئەمەریکا و ئیدی بەمشێوەیە شۆڕشێکی زانستی بەرپاکرد، کە بووە هۆی دروستبوونی نموونەیەکی نویٚ بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوە لە زمان، ئەم نموونە نوێیە کۆمەڵە بابەتێکی خستەڕوو، کە دەبێ زمانەوان گرنگیان پێبدات، لەوانە بۆ نموونە گرنگیدان بە دەزگای ناوەوەی مێشکی قسەکەران لەجیاتی گرنگیدان بە

---

١- تیۆرە زمانەوانییەکەی چۆمسکی گرنگی بە وەسف و شیکردنەوەی توانای قسەکەر و گوێگری نموونەیی دەدات، کە سەر بە کۆمەڵگەیەکی زمانەوانی گونجاو و تەواوە، و زمانەکەی خۆی باش دەزانێت و لەژێر فشاری سەرچاوەیەکی تێکدان و شڵەژانی پەیوەندیدا نەبێت، وەکو (لەبیرچوونەوە و کێشەی دەروونی و دەمارگیریی و هەڵەی هەرەمەکی و جیاکار لە کاتی قسەکردندا)، بڕوانە أحمد مؤمن، اللسانیات، النشأة و التطور، ص ٢١٠ . لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە:
Chomsky, aspects of the theory of syntax, mouton, 1975، p: 3.

ئاکاره کردەییەکانیان،[1] ئامانجی ئەم تیۆره گەیشتنە بە (شرۆڤەکردنی تەواو) ناوزەد بکرێت، ئامانج لەم پرۆسەیەش ئەوە نەبوو، کە دیاردەکان بە پەنا بردنە بەر کۆمەڵە سیستەمێکی کۆنترۆڵکردن تەنها وەسف بکرێن، بەڵکو ئامانج لێی لەوەشدا بەرجەستە دەبوو، کە بۆچی شتەکە و حاڵەتەکەی بەمشێوەیەیە و بە شێوەیەکی دی نییە،[2] جا ئەم قوتابخانەیە گرنگییەکی بەرچاوی لە زمانەوانی هاوچەرخدا هەیە، ئەویش لەبەر ئەو مقۆمقۆ و مشتومڕەی، کە جاروبار دروستی دەکرد و ئەو گفتوگۆ بەسوود و بەپیتانەی لەنێوان بانگەشەکاران و یاران و نەیارانی بیرۆکەکە دروستی دەکرد، بۆیە تیۆرەکە لە ساڵی (١٩٥٥)خێرا پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینی و گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن، لێرەشدا هەڵدەستین بە پێشەشکردنی گرنگترین پێشڤەچوون و قۆناغەکانی ئەم تیۆره، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، تاکو دواهەمین ئەو پێشڤەچوونانەی بەخۆیەوە بینیویەتی.

---

١- عبدالقادر الفاسي الفهري، اللسانيات و اللغة العربية، منشورات عويدات، بيروت، ط١، ١٩٩٦، ص ٦٥.

٢- مازن الوعر، حول بعض القضايا الجدلية لنظرية القواعد التوليدية التحويلية، مجلة اللسانيات، عدد ٦، ص ٧٣.

**بنەما گشتییەکان:**

**أ. وەرگرتنی زمان:**

چۆمسکی لەو باوەڕەدایە کە ڕێبازی ڕەوشتکاری، ڕێبازێکی سادەکارە و مرۆڤ وەک ئامێر لێدەکەن، زمان لە ڕوانگەی ڕەوشتکارییەوە کۆمەڵە نەریتێکی دەنگین، جیهانی ژینگەی بەسە بۆ ئەوەی وەربگیرێت، قسەکەر ڕستەیەکی گوێ لێدەبێت، یان هەستێکی دیاریکراوی لا دروست دەبێت، لەم حاڵەتەدا وەڵامدانەوەیەکی قسەیی لە لا دروست دەبێت، بەبێ ئەوەی ئەم وەڵامدانەوەیە بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکانی بە گوزارشتکردن ببەسترێتەوە. پرۆسەی وەرگرتنی زمان لەلای منداڵ پرۆسەیەکی فێربوونە، و لەناو تیۆری فێربووندا جێی دەبێتەوە، لە ڕووی ڕەوشتکارییەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەوشتکاری مرۆڤ، لەبەر ئەوە داننانێین بەوەی هەمەجۆری یان جودایی لەنێوان فێربوونی زمان و فێربوونی هەر چالاکییەکی ڕەوشتی دیدا هەبێت، ڕەوشتکارخوازەکان پشت بە بنەمای گشتاندن دەبەستن، بۆ شرۆڤەکردنی بەکارهێنانی وشە و لێکدانیان لەلایەن منداڵەوە، جا ئاراستەی ڕەوشتکاری بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە پەرتووکی (ڕەوشتی ئاخاوتن) نمایان دەبێت،

کە (سکینەر) نووسیویەتی، هەرچی دەربارەی وەرگرتنی مانــای وشەکانیشــە، ئەوا لەمبــارەیەوە ڕەوشــتکارییەکان پێیان وایە، کە منداڵ هەر چۆن ئەو شتانە دەدۆزێتەوە، کە وشـەکان ئاماژەیـان پێدەکەن لەکـاتی هاوشـانبوونیان یـان جووتبوونیـان لەگـەڵ وشــەدا، هەر بەو ڕێـژەیەش مانـا و ئاماژەکـانی ئەو وشـانەش وەردەگرێت و ئیـدی بەمجـۆرە وردە وردە بــۆ کۆششــکردن و هەوڵــدان دەگــاتە ئەوەی، ڕســتەکان بەجـوانی و بەتەواوی لێکبنێــت و بەڕاســتی و دروستیان بکات، هەرچەندە جاروبار هەڵە دەکات و مانا و ڕسـتەکان لەگـەڵ یەکدا جـووت ناکـات، هەروەهـا ڕێبـازی ڕەوشـتکاری جەخـت لەسـەر ڕەوشـتکاری دەرەکـی مـرۆڤ دەکــاتەوە و بە مــاددەیەکی شــیکردنەوەی زمــانەوانی دادەنێت و هەموو ئەو پرۆسە ناوخۆییانە پەراوێز دەکات، کە ســــەرچاوەی ڕەوشــــتەکەن[1]، ئەم شــــیکردنەوە ئامێرییـانەیەش چۆمسـکی ڕەتــی کـردەوە، ئەویـش لەبەر ئەوەی ڕێبازی تیۆری بەرهەمهێنـان و گوێزنـەوە ڕێبـازێکی مێشــکییە و تواناکــانی زمــان دەکــاتە توانــایەکی کــارای زگمـاکی، کە لەخـودی خۆیـدا تـایبەتە بە مـرۆڤ، چۆمسـکی

---

١- مازن الوعر، حول بعض القضايا الجدلية لنظرية القواعد التوليدية التحويلية، مجلة اللسانيات، عدد ٦، ص ٢٥.

دەیویست لەم ڕێگەیەوە زمان شرۆڤە بکات و پاساوی ناوخۆیی نەک دەرەکی بۆ هۆکارەکانی بهێنێتەوە، بەڵگەش لەسەری چۆنێتی فێربوونی منداڵ بوو، چونکە زمان بەشێوەیەکی پێشڤەچوویی خێرا فێردەکرێت، بەبێ ئەوەی بڕوانرێتە ئەو فاکتەرە دەرەکیانەی، کە دەچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە، جا چ فاکتەری ژینگەیی یان ڕەگەزی بن، هەروەها چۆمسکی پێی وایە پرۆسە زمانەوانییەکان پرۆسەگەلێکی ئەوتۆن، کە لەسەر بنەمای بایۆلۆجی ڕادەوەستن، هەر هەوڵدانێکیش بۆ شرۆڤەکردنی ئەم دیاردە زمانەوانییە، بە تێڕوانینێکی ڕەوشتکاری لەلای چۆمسکی پەراوێز خستنە بۆ دروستکردنی زمانەوانی[1]، سەرباری ئەمەش منداڵ ناتوانێت ڕستەی ڕاست دروست بکات، لە دەستپێکی ئەو ڕستانەی لە فێرکارانەوە گوێی لێدەبن، جا ئەم ڕستانەی گوێی لێدەبن، زۆرجاران لە ڕووی بونیادی زمانەوانیەوە ڕستەگەلێکی کەموکووڕن و لادان و لار و لەوێری زۆریان تیادایە، ئەم تیۆرە ناتوانێت ئەم جیاکارییەی نێوان پێدراوە سەرەکییە کەموکووڕییەکان و نێوان توانا بێکۆتاییەکان بۆ

١- مازن الوعر، حول بعض القضايا الجدلية لنظرية القواعد التوليدية التحويلية، مجلة اللسانيات، عدد ٦، ص ٢٥.

بەرهەمهێنـــانی ئەو ڕســـتانەی منـــداڵان وەریـــدەگرن، شـیبکاتەوە[1]. تەنانـە ئـەگەر ئەوە بەهەنـد وەرگـرین، کە چـــالاکی ئاخـــاوتن لەم توانـــایەوە لە واقیعـــدا هەیە و لە ژمـارەی ئەو ڕسـتانەی دەکـرێ بەرهەمبهێنـرێن، ئـەوا لەو حاڵەتەدا بەهیچ شێوەیەک ئەوە پەسـەند ناکرێت، کە منداڵ زمان لەمیانەی هەڵبژاردنی هەمـوو ڕسـتە ئەگەرکراوەکانی زمانەکەوە وەربگرێت و ئینجا لەڕێگـەی وەڵامدانـەوەی بـۆ ئەو دنەدەرانەی بەرەنگـاری دەبـنەوە، بەکاریـان بهێنێـت. تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بەڵگەی دیکەی هەیە، کە تیـۆری ڕەوشـتکاری پـێ پـووچەڵ دەکـرێتەوە، ئەم تیـۆرە پێی وایە مرۆڤ چەمکی زمان پێکدەهێنێت، بێگومان مـرۆڤ لەگــەڵ ئاژەڵـدا جـودایە، کە چەنـدەها تـاقیکردنەوەی بـۆ کـراوە، بـەجۆرێک مــرۆڤ خــاوەن توانــای تاکەکەســی خۆیەتی، کە توانستی زمـانەوانی خـۆی پـێ دابین دەکرێت، لەســەر ئەم بنەمــایە چەمکــی زمــان ســەرهەڵدەدات، بەو حیسابەی زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکە و لەسەر بنەمای داب و نەریــتە ڕەوشــتکارییەکان (ئاخاوتنەکــان) لەنــگەر دەگرێـت، و بەهــیچ شــێوەیەک لەگــەڵ لایەنــی داهێنــانی

---

١- میشــال زکریــا، الألســنیة التولیدیــة و التحویلیــة و قواعــد اللغــة العربیة، ص ٥٣.

زمـــانەوانی ناگونجێـــت و بەهەمـــان شـــێوەش لە ڕووی عەقڵەوە ڕەچاوی ڕاستەقینەی مرۆڤ ناکات [(١)]، لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (چۆمسکی) بەشێوەیەکی جودا لە تیۆری ڕەوشتکاری دەڕوانێتە پرۆسەی وەرگرتنی زمان، کە لە قۆناغی بونیادگەریدا باوبوو، جگە لەمەش مکووڕە لەسەر ئەوەی بونیادی ڕێکخستنی مەعریفی پەلی منداڵ ڕادەکێشێت بەرەو وەرگرتنی زمان، کە بونیادێکە پێشتر بە منداڵ دراوە، پاشانیش لەسەر ئەم بنەمایە وەرگرتنی زمان بەشێنەیی دروست نابێت، وەک ڕەوشتکارییەکان گومان دەبەن کە بەهۆی هیچەوە یان بەهۆی مێشکێکی بەتاڵەوە دروســـت دەبێـــت [(٢)]، بەمشـــێوەیە چۆمســـکی تیـــۆری ڕەوشـــتکاری ڕەتکـــردەوە و تیـــۆرەکەی خـــۆی لەســـەر بنەمایەکی زانستی ئەوتۆ دامەزراند، کە پشت بە شرۆڤەی لۆجیکیانە و پاساوخوازی دەبەستێت.

١- میشال زكريا، الألسنية و تعليم اللغات، و حنفي بن عيبى علم النفس اللغوي، ص ٣٠، و نايف خرما و على على حجاج، اللغات الاجنبيه تعليمها و تعلمها، ص ٤٢.

٢- ميشال زكريا، الألسنية التوليدية و التحويلية و قواعد اللغة العربية، ص ٥٤.

**ب ـ داهێنانی زمانیی:**

چۆمسکی هەوڵیدا بۆ زیندووکردنەوەی کۆمەڵە چەمکێک، کە دەگەڕێنەوە بۆ یاسا فەلسەفی یان زمانەوانییەکانی دیکارت ـ هەروەک خۆی ئاماژەی پێدەکات ـ لێرەدا بەڕوونی کاریگەربوونی بە فەلسەفەکەی دیکارت دەردەکەوێت[1]، هەروەها لە نووسینەکانی ئەم دواییەیدا چۆمسکی ئاماژەی بەوە دەکرد، کە زمانەوانی لقێکە لە زانستێکی دی، کە ناوی نا (دەروونناسی درککردن)[2]، ئەم بۆچوونانەشی بەڕوونی لە سێ پەرتووکدا دەرکەوتن، کە ئەمانەن:(ڕووکارە تیۆرییەکانی ڕستەسازی) و (زمانەوانیی دیکارتی) و (زمان و عەقڵ)، چۆمسکی جەخت دەکاتەوە سەر گرنگی پەیڕەوکردنی ڕێبازی عەقڵیانە، کە پێی وایە عەقڵی مرۆڤ تەنها تابلۆیەکی لووس

---

١- گرنگترین ئادگاری سازان لەنێوان چۆمسکی و هۆشەکییەکان، باوەڕهێنانیەتی بەوەی وێنای عەقڵیان پێش هەست و ئەزموون کەوتووە، ئەمەش وا دەگەیەنێت مرۆڤ هەر لە لەدایکبوونییەوە دەزگایەکی وای هەیە، کە بەگشتی مەعریفە بەرهەم دێنێت، و بەتایبەتیش مەعریفەی زمانەوانی.

٢- جون ليونز، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، دار المعرفة، الإسكندرية، ط١، ١٩٨٥، ص ٢٠٧.

نییە، تا شارەزاییەکانی کۆمەڵگەیی تێدا بنووسرێت، بەڵکو پارچەیەکی (مەڕمەڕ)ە بە دەست پەیکەرتاشێکەوە، کە بە عەقڵی خۆی هەر چییەکی بوێت، لێی دروست دەکات، ئەویش لە سنووری ئەو پارچە (مەڕمەڕ)ەی لەبەر دەستیدایە، چۆمسکی چەندەها جار ئاماژەی بۆ ئەو هەڵەیە کردووە، پاشان لەم بوارەدا بووە هۆکاری دروستبوونی گۆڕانکارییەک لە ئاراستەکانی توێژینەوەی زانستی، کە زمانەوانییە وەسفییەکان تێی کەوتن، ئەویش کاتێک لەو بنەما فەلسەفیانە دوورکەوتنەوە، کە لەژێر کاریگەری (دیکارت) فۆرمەلەکرابوون، ئەو بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد گرنگی بەو مەسەلانە بدرێت، کە زمانەوانە دێرینەکان دەیانوروژاند، بۆ ئەوەی پەردە لەسەر زانیارییە بەپێزەکانیان هەڵبدرێتەوە و لەسەر بنەمای عەقڵگەراییەکانیان توێژینەوە سازبدرێت[١]، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت چۆمسکی خوازیاری ئەوەبوو لە ڕوانگەی پەیوەندی بە زانستە مرۆییەکانی دیکەوە، توێژینەوە دەربارەی زمانەوانییەکان ساز بدرێت، بەتایبەتی گەر باس لە پەیوەندی زمانەوانیەکان بە فەلسەفە بکرێت، بە

١- میشال زکریا، الألسنیة علم اللغة الحدیث المبادئ و الأعلام، ط٢، المؤسسة الجامعیة، ١٩٨٣، ص ٢٦٦.

تایبەتتریش گەر بێتو تویژینەوە لەو پەیوەندییانە بکرێت، کە دەنگە زمانەوانییەکان بە واتا و ئاماژەکانیانەوە ببەسترێنەوە و بابەتی وەرگرتنی زمان لەلای مندالّ و پرسەکانی هەمەجۆری زمانەکان هەموو بەم بنەمایەی باسی کرد دەکۆڵێتەو، بەهەمان شێوەش گرنگی بنەما عەقڵانییەکان لەلای چۆمسکی لەوەدایە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان دارِشتنی رِێزمانی گشتی دەرِەخسێنێت، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە بواری درککردن بە سایکۆلۆژیای مرۆڤ بەشداری دەکەن. شایانی باسە چۆمسکی لە سەرەتای دەستکردنی بە نووسین، پرسە فەلسەفییەکانی نەدەهێنایە گۆرِێ، مەگەر تاک و تەرا نەبێت، لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین چۆمسکی مشتومرِەکانی تیۆری مەعریفە و درککردنی ئەزموونگەرایی بەرِەوا نەدەزانی[1]. وەک نموونەیەکیش بۆ کاریگەربوونی چۆمسکی بە رِێبازی دیکارتییەکان ئەوەیە، کە تێرِوانینیان بۆ زمان بەشێوەیەکە، ئادگارە گشتییەکانی بونیادی زمانەوانی لەنێوان هەموو خەڵکیدا هاوبەشە، بۆیە دەبێتە رِەنگدانەوەیەک بۆ تایبەتمەندییەکانی هزر و

١- میشال زکریا، الألسنية علم اللغة الحديث المبادئ و الأعلام، ط٢، المؤسسة الجامعية، ١٩٨٣، ل ٨٨.

خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی، لەسەر ئەم بنەمایە مکوڕبوونیان تێدەگەین بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕێزمانی گشتی لەجیاتی جەختکردن لەسەر ڕێزمانی تایبەتی، ئەمەش بێگومان چۆمسکی لە تیۆرەکەی خۆیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە پێی وایە ڕێزمانی گشتی گرنگن، لەو ڕووەی کە گریمانەیەکن پێدراوە ئەزموونییەکان ڕێکدەخەن و یەکسانیان دەکەن، بەمجۆرە دەبینین چۆمسکی لە زۆربەی زۆری هەڵوێستەکانیدا لەژێر کاریگەری دیکارتدا بووە، چونکە ڕێبازەکەی هەمیشە پیشت بە شرۆڤە و پاساوخوازی دەبەستێت، نەک تەنها وەسف هەروەک چۆن لەلای ئەزموونگەرییەکان نەخاسما لای ڕەوشتکارییەکان باوبوو، هەروەها زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەهەمان کاتیشدا (چۆمسکی) ڕای جیاوازی بەرانبەر ڕێبازەکەی دیکارت هەبوو، ئەویش لە بواری شرۆڤەکردنی هەندێک دیاردە، بۆ نموونە بەرهەڵستی بنەما حەتمییەکانی میکانیکیدەکرد، هەروەها سیفەتی خەسڵەتی داهێنانکارانە،[1] کە جەختی لەسەر دەکردەوە، زۆر

---

١- سیفەتی داهێنانی زمان: واتای توانای مرۆڤە لەسەر بەرهەمهێنانی ڕستەی بێشومار، بەبێ ئەوەی ئەو ڕستانە پێشتر گوێ لێبووبن.

بەڕوونی و ئاشکرایی وەک سیفەتێکی سەرەکی زمان لەلای ئەو نمایان دەبێت. ئەم خەسڵەتەش بەزۆری لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئاماژەی بۆ دەکرا، بەتایبەتی لە تیۆرە کلاسیکییەکەی دیکارتدا، زمان جیاکارییەکی سەرەکی هەیە لەو ڕووەی کۆمەڵە ئامرازێک بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی لەبنەهاتوو گوزارشت لە هزر و بیرە هەمەجۆرەکانی خۆی پێبکات[1]، کەواتە خەسڵەتی داهێنان لە زماندا سیفەتێکی تایبەتە بە زمانە مرۆییەکان، کە لە زمانی ئاژەڵان جودای دەکاتەوە، بەمشێوەیە دەبینین بۆچوونەکانی (چۆمسکی) ڕەگ و ڕیشەیان لە فەلسەفەکەی (دیکارت)دا هەیە.

**پێشڤەچوونی تیۆرەکە:**

**. قۆناغی یەکەم، قۆناغی ڕۆنانە سینتاکسییەکان ١٩٥٧:**

دەرچوونی پەرتووکی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) لە ساڵی (١٩٥٧)، بووە مێژوویەک بۆ دەرکەوتنی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، لەم پەرتووکەدا چۆمسکی سەرقاڵی ئەو توێژینەوانەی ڕێزمان بوون، کە

---

١- میشال زکریا، الألسنیة التولیدیة و التحویلیة و قواعد اللغة العربیة، ص ٢٨ – ٢٩.

پەیوەستبوون بە مانا پەرتبووەکان، و دژایەتیکردنی ئەو باوەڕە باوەی، دەڵێ ڕێزمان لەسەر ئەم بنەما فشەڵ و چروکە دادەمەزرێت، ئەم بنەما چروک و فشەڵەش مەبەستمان لێی تێکەڵکردنی ڕێزمان و واتایە، چونکە لەوانەیە زۆرجاران ڕستەیەک لە ڕووی ڕێزمانییەوە ساغ و دروست بێت، کەچی بێ کرۆک و بێمانا بێت، وەکو ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستە، بەڵام هیچ واتایەک نادات بەدەستەوە: (هزر و بۆچوونە شینەکان بێڕەنگن، بەتوندی خەویان لێدەکەوێت)، بەمشێوەیە چۆمسکی دۆزینەوەی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) لەلای بووە ئامانج و ڕستەش بووە خولگەیەکی سەرەکی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە و پایەیەک لە بونیادە تیۆرییەکەی، جا لەژێر سایەی ئەم هێڵە چەماوەیە، چۆمسکی زمانی بەوە پێناسە دەکرد، کۆمەڵە ڕستەیەکی کۆتایی یان بێکۆتاییە، لەسەر ئەم بنەمایەش ژمارەی ڕستە دروستەکان لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە هەموو زمانەکاندا بێسنوور دەبن، لەهەمان کاتدا ڕایدەگەیەنێت ئەم بیرۆکە پێش خۆی، لای (هامبۆلدت) پێش سەدەیەک پێی گەیشتووە[1]، بەجۆرێک

---

١- هامبۆلدت لە ڕووسیا ساڵی (١٧٦٧) لەدایکبووە، ساڵی (١٧٨٧) چووە زانکۆی (فرانکفۆرت)، بۆ ئەوەی لە دادوەریدا پسپۆڕبێت،

زۆربەی زۆری بیروڕاکـــانی ئەم قۆنـــاغە چۆمســـکی، لە بیروڕاکـانی زمانەوانییەکـانی هـاریس دەچـوون، بەهەمـان شێوەش پەرتووکی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) هـیچ مشـتومڕ و گفتوگۆیەکی تێدا نییە دەربارەی باکگراوندی دەروونی و فەلسەفی ڕێزمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بـاس لەوە بکەیـــن چەنـــد خاڵێـــک هەن، پڕۆژەکـــانی چۆمســـکی لە توێژینەوەکـــانی (هـــاریس) جـــودا دەکەنەوە، (چۆمســـکی) جەختی لەسەر خەسڵەتی داهێنانکارانەی زمـان و بیرۆکـەی (پێشبینی) دەکردەوە، ئەویش بە مانای توانستی بڕیـاردانی زمانەوانی لەلای قسەکەر، کە هەڵەیە یـاخود ڕاسـتە، یەکەم بیرۆکـــەش چۆمســـکی لەم پەرتـــووکەدا دایڕشـــت، پرســـی سـەربەخۆیی سیسـتەمی ڕێزمـانی بـوو، چـونکە سیسـتەمی ڕێزمان لەلای ئەو بەرپرسە لە دەستنیشانکردنی ڕستەکان و نارِستەکان، واتە بەدوای یەکهـاتنی فۆنیمەکـان، لەوانەیە

---

بەڵام لە ساڵی (١٧٨٨) دەستی دایە توێژینەوەی زمان، پاش ئەوەی چووە زانکۆی کۆتنجن، بیروڕای گرنگی دەربارەی بونیادی زمـان و چەمکی زمـان لە ڕووی وەسـف و پاسـاوخوازی کارکردەکـانییەوە هەیە، ئەویـش لەژێـر کـاریگەریی بۆچوونەکـانی (دیکـارت) بـوو، نـاوبراو سـاڵی (١٨٣٥) کۆچی دوایـی کـردووە، بڕوانە: عبدالرحمن الحاج صالح، مدخل الى اللسان الحديث، مجلة اللسانيات، ص ٢٢.

ڕستەکە ڕاست و دروست بێت، لەوانەشە ڕستەی هەڵەی لێ دروست بێت، چۆمسکی پاش ئەم شتانە ئەم پرسیارە ئاراستە دەکات: ئەو بنەمایانە چیین بۆ جوداکردنەوەی بەدوای یەکەکان ڕێزمانی و ناڕێزمانییەکان پشتی پێدەبەستین ؟ (چۆمسکی) لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ ناکرێ ڕێزمانیبوون بە هەموو ماناکانییەوە دەستنیشان بکرێت، چونکە لەوانەیە ڕستە ڕێزمانی بێت، کەچی هیچ مانایەکیشی نەبێت، هەروەکو لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**ـ ئەو هزرە سەوزانەی ڕەنگیان نییە، بە توندی دەخەون. (ڕستەیەکی ڕێزمانی).**

**ـ بە توندی دەخەوێت سەوزەکەی ڕەنگی نییە هزرەکان. (ڕستەیەکی ناڕێزمانییە).**

لەبەر ئەوە (چۆمسکی) پێی وایە سیستەمی یاساکان جودا و سەربەخۆیە لە مانا[١]، هەروەها ئەم پەرتووکە سێ نموونەی شیکردنەوەی ڕێزمانی پێشکەش کرد، کە ئەمانەن: ئەو ڕێزمانەی حاڵەتەکانیان سنووردارن (FSG)، کەوا گریمانە دەکرێت ئامێرێکی وابێت ژمارەیەک

---

١- نوام تشومسكي، البنى التركيبية، ص ١٨ – ١٩.

لە حـــاڵەتی نـــاوخۆیی لەخـــۆ بگرێـــت، کە ئـــامێرەکە لە حـاڵەتێکەوە بـۆ حـاڵەتێکی دی دەگـوازرێتەوە، ئەویـش بە بەرهەمهێنـــانی هێمـــایەکی دیـــاریکراو، ئیـــدی یەکێـــک لەم حاڵەتـانە بەراییـانە دەبێـت و دووەمـیش کۆتاییـانە دەبێـت، بەمشـێوەیە ڕسـتە بەرهەمهێنـراوەکە کامـڵ دەبێت، هەمـوو زمانێکیش بەم وێنەیە کاربکات، بە زمـانی خـاوەن حـاڵەتی سـنووردار و ڕێزمـانەکەی نـاوی دەنێـین، ئەمەش مانـای وایە لەســەر بنەمـای ژمـارەیەکی سـنووردار ڕێزمـان و وشـەکان کـۆمەڵە ڕسـتەیەکی سـنووردار بەرهەم دێـن، کە ڕێزمـانە دووبارەکـان فەرمـانی بەرهەمهێنـانی ڕێژەیەکـی بەرچـاو لە ڕسـتە لە ئەسـتۆ دەگـرن، ئەویـش لەبەر هـۆی دووبـارەبوونەوەی پراکتیزەکردنـی یەک یاسـای ڕێزمـانی، وەکو بـۆ نمـوونە دووبـارەبوونەوەی ئاوەڵنـاو لەپـاش نـاو، هەروەهـــا (چۆمســـکی) ئەوەی ڕوونکـــردەوە ئەم یاســـا ڕێزمانیانە لە چەپەوە بۆ لای ڕاستە کـاردەکەن ـ لە زمـانی ئینگلیزیـدا ـ هەمـوو بژاردەیەکی زمـانەوانی دەسـتدەکات بە دەستنیشـــانکردنی ئەو بـــژاردەیەی پاشـــی دێـــت، چـــونکە پێویستە بۆنەیەک لەنێوان بکەر و کـار هەبێت ـ بۆ نموونە لە زمـانی عەرەبیـدا لە نێـوان ( (نێـر) و (مـێ) و (تـاک) و (کـۆ)دا هەیـە، وەک ئەو بـۆنە گوێزانەوەیـەی لەنێـوان **(ئەو**

**پیاوە هات، کە باوکی سەردانمانی کرد)** و **(ئەو پیاوانە هاتن، کە کوڕەکانیان سەردانمانیان کرد)**، یان گەر بێتو بۆ نموونە بە (ئاوەڵناوی نیشانە)ی (ئەمە ...... ە) دەست پێبکەین، ئەوا وشەیەکی وەکو (کچ) هەڵدەبژێرین، پاشان (کار)ی (ڕێزگرتن)، پاشانیش (مامۆستا) هەڵدەبژێرین، بەڵام گەر (ئەمانە) هەڵبژێرین، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستە دەربڕینی (کچەکان ڕێزیان لە مامۆستاکە دەگرن) هەڵبژێرین، جا هەرچەندە هەردوو ڕستەکە بەردەوام بن، توخمگەلی ئەوتۆ دەکرێتە سەریان، کە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە گونجاوبن، تاکو بگەینە هەموو ئەو ڕستانەی دەکرێ بەپێی زمانەکە لە ڕێزمانەکەدا بەکاربهێنرێن[1]، ئەمەو (چۆمسکی) ئەم پرسە یاسا ڕێزمانیانەی پەراوێزخست، چونکە دەرفەت بۆ ئەوە دەرەخسێنێت ڕستەی ناڕێزمانی دروست ببن، کە لەگەڵ پێشبینی قسەکەری زگماکی زمانەکە ناسازێن، لەم بوارەشدا وەک چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە پێشنیازی کرد جۆرێکی دیکە لە ڕێزمان بدۆزرێتەوە، بەهۆیەوە بتوانرێت ژمارەیەکی گرنگ لە ڕستەکان پێکبهێنرێن، بەهۆیەوە ڕێزمانە خاوەن حاڵەتە سنووردارەکان نەتوانن پێکی بهێنن و دروستی بکەن، کە

---

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ٢٢٠.

بە (ڕێزمانی پێکهاتەیی PSG) ناوزەدیانی کرد، کە لەسەر بنەمـای هەردوو نمـوونەی شـیکردنەوەکە بەرەو پێکهـاتە ڕاسـتەوخۆکان و ڕێزمـانی کلاسـیکی هەنگـاوی نـاوە، هەروەها بەسوود وەرگرتن لە ماتماتیک و لۆجیکی هێمایی لە شـیکردنەوەی ڕۆنانـە سینتاکسـییەکان، بەشـێوەیەک دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ جیاکردنەوەی هەندێک پێکهاتـەی تەمـومژاوی لەسـەر بنەمـای جیـاکردنەوەی جـارانکردن و کۆکردنەوەی نێوان ئەم دوو هاوکێشەیە: س + (ع × ص) و س × ع + ص و (س × ع) + ص ، چـونکە کـردەی کـۆکردنەوەکە لە نمـوونەکەی یەکەمـدا پـێش جـارانکردنەکە کەوتـووە، کەچـی لە دوو حـاڵەتەکەی دیـکەدا لە پاشـدا هـاتووە، بەمشـێوەیە ڕسـتە جـودا دەبێـتەوە: ئافرەتـان و پیاوە پیرەکان بۆ:

**١ـ (ئافرەتە پیرەکان) و پیاوەکان.**

**٢ـ ئافرتەکان و (پیاوە پیرەکان)[١].**

---

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص٢٢١ . هەرچەندە ئەم شیکردنەوەیە گرنگە و پاڵپشتکراوە بە ڕێزمانی نووسینەوە و نموونەی درەختی بۆ پرۆسە پێکهاتەکەی، کە لە پێکهاتە کۆتاییەکاندا دەردەکەوێت، کەچـی (چۆمسـکی) متمـانەی نەبـوو بە چـالاکی بەرهەمهێنانەکەی بڕیاریشیدا ئەم تیۆرە بێدەسەڵاتە لە بەرهەمهێنان

## ڕێزمانی بەرهەمهێنان

چەمکـــی بەرهەمهێنـــان پەیوەنـــدی بە داهێنـــانی زمـانەوانییەوە هەیە، قسـەکەران ئەو ڕسـتانە بەرهەمـدێنن، کە لە توانایاندا هەیە بەرهەمیان بهێنن، ئەویش بەپێی یاسـا ڕێزمانییەکانی زمـان، بەبێ ئەوەی ئەو قسـەکەرانە خۆیـان هەستبکەن، کەوا یاساکانی ڕێزمان بەکاردێنن، چونکە ئەو یاسـا ڕێزمانیـانە لە مێشـکیاندا ڕەگـی داکوتـاوە، هەروەهـا پرۆســەی بەرهەمهێنــان بــازنەی بەرهەمهێنــانی ئاخــاوتن فراوانتر دەکات، لەبەر ئەوە بەرهەمی ئاخاوتنەکە تەنها لەو قسـانەدا قـۆرخ نابێـت، کە گوێبیسـتیان دەبـین. بەڵکـو لەو قسە و ئاخاوتنانەشدایە، کە دەکرێ لە ئایندەدا بیانڵێین[1]، چۆمســکی لە کۆششــدا بــوو بــۆ گەیشســتن بە کــۆمەڵە یاســایەکی ڕێزمــانی گشــتگیر، کە پرۆســەکانی پێکهاتــەی

---

و وەســفی هەمــوو ڕســتەکان، بــۆیە هەمواریــانی کــرد، تــاکو بیانگەیەنێتە حاڵەتێک، کە بە ڕێزمانی گوێزانەوە ناوزەد دەکرێت.

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ٢٠٦، لەم بوارەدا چۆمسکی ڕوونی دەکاتەوە، کە ڕێزمـان پرۆسـەکانی ڕستەسـازی و وشەســازی و فۆنۆلــۆجی و فەرهەنــگ و واتــا دەگــرێتەوە، لە دەزگـایەکی ڕووت پێکـدێت، بەرهەمهێنـان و دۆزینـەوەی ڕسـتەی ڕێزمانی بێکۆتا ئەنجامدەدات، کە قسەکەر دەیانڵێت.

ڕسته له هەموو زمانەکاندا ڕێکبخات، ئەمەش لەبەر بوونی فاکتەری هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئەم فاکتەرانەش لایەنە وێکچووەکانی نێوان زمانەکانی جیهان پێکدەهێنێت، شیمانەی ئەوەش هەیە لە ڕووی بنەماوە لەژێر کاریگەریی ڕێزمانناسە فەرەنسییەکانی (پۆرت ڕۆیاڵ)دا بووبێت، کە دەیانڕوانیە ئەو گشتگیرییە زمانەوانیانەی تێکڕای زمانەکانیان تێدا یەکانگیر دەبێت، ئەویش لەسەر بنەمای لۆجیکی یان بنەمای واقیعی، کەچی لەم گشتگیریەدا لایەنە فۆرمییە ئاڵۆزەکەی بینی، کە بۆ بنەمای زگماکی و بۆماوەیی دەگەڕێتەوە، توانستی (زمانە) لەلای مرۆڤ[1]، جا ئەم یاسایانە بە تەنها هەموو ڕستە ساغەکان بەرهەمدەهێنن، ئەویش لە ڕووی ڕێزمانەوە نەک لە ڕووی دیکە، پاشان ئەم یاسایانە پێویستە وەسفێکی پێکهاتانە بە هەر ڕستەیەکی داڕێژراو ببەخشن[2]، یاسا ڕێزمانییەکانی بەرهەمهێنان لە دەزگایەک پێکدێت، کە ئەلف و بێی هێماکان لەخۆ دەگرێت، وەک فەرهەنگێک وان، چونکە بەکارهێنەری زمان دەتوانێت چەند ڕستەیەک و چەند

١- أحمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ٢٠٧.

٢- مازن الوعر، نحو نظرية اللسانية عربية حديثة لتحليل التراكيب الأساسية في اللغة العربية، ص ٢٧.

دەربڕینێـک تێبگـات، کە پێشــتر گوێیـانی لــێ نەبــووە و سادەترین ئەو نموونانەیە (چۆمسکی) دەربارەی ئەم یاسا ڕێزمــانییە ســنووردارانە پێشکەشـیانی کـرد، پشــت بەو بنەمایانە دەبەستێت، کە ڕستەکان لەڕێگەی زنجیرەیەک لە بژاردەکانەوە دروست دەبێت و لە چەپەوە بۆ لای ڕاست دەست پێدەکەن، واتە کاتێک لە هەڵبژاردنی توخمی یەکەم تەواو دەبین، ئەوا ئەوکات ئیدی هەڵبژاردنی دووەم دەست پێـدەکات، ئەویـش لەســەر بنەمــای هەڵبژاردنــی پێشــوو بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، لەســەر ئەم بنەمـایە پێکهاتـەی ڕێزمـانی ڕسـتەکە بەڕێوەدەچێـت[1]، بـۆ ئەمەش دەتـوانین ئەم نموونەیە بهێنینەوە: **(ئەم پیاوە هەندێک نانی کڕی)**، لێـرەدا گەر وشــەی (ئەم.....انــە) لەبـاتی (ئــەم ...... ە) بەکـاربێنین، ئەوا ئەوکـات دەبـێ لەبـاتی (پیـاو)یش دەبـێ (پیـاوان) بەکـاربێنین، بەهەمـان شـێوەش لەپـاش وشـەی (پیــاوان)، وشــەی (کڕییــان) بەکــاردەهێنین، ئیــدی ئەم پرۆســەیە بەم شـێوازە بەڕێـوە دەچێـت، کەواتە پرۆســەی بونیادنــانی ڕســتە و بەرهەمهێنــانی، پشــت بە بنــەمای هەڵبــژاردن دەبەســـتێت[2]، لە ڕوانــگەی نمـــوونەکەی

١- جون لیونز، نظریە تشومسکی اللغویة، ١٠٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٤١.

پێشـترەوە دەتـوانین وێنـایەکی ڕێزمـان بکەیـن، هەروەک بلێی ئـامێریکە و لە بـواری چەند پرۆسـەیەکی هەڵبژاردندا دەجـووڵێتەوە، بەڵام ئەم نمـوونەیەی یاسـا ڕێزمانییەکـان ناتوانێت جۆرێکی تـایبەتی ڕستە بەرهەم بێنن، لەبەر ئەوە چۆمسکی کۆمەڵە یاسـایەکی ڕێزمـانی دیکەی پێشنیازکرد، کە بە (یاساکانی پێکهاتـەی بنچینەکانی ڕستە) ناوزەدیـانی کـرد، ئەم نمـوونەیەش لە ڕووی جەوهەر و کـرۆکەوە لە نموونەکەی پێشتر بەهێزترە، چونکە دەتوانێت ئەو ئەرکـانە جێبـەجێ بکـات، کە نمـوونەکەی یەکەم ناتوانێت جێبـەجێی بکات،[1] لێرەدا ئەوەی تێبینـی دەکرێت نمـوونەکەی دووەم لە نمـــوونەکەی یەکەم ئـــاڵۆزترە، بەهـــۆیەوە شـــێوازی شـــیکردنەوەش ئەنجـــام دەدرێـــت، هەروەهـــا بەهـــۆی ئەویشـــەوە ڕاســـتەوخۆ دەگەڕێیـــنەوە ســـەر ڕســـتەکە، نموونەی بەرهەمهێنان ڕستە دەکاتە یەکەیەکی بنەڕەتـی لە بـواری شـیکردنەوەدا، یاسـای بەرهەمهێنـانیش شـێوەی یاسای نووسینەوەی دووبارە وەردەگرێت، واتە نووسـینی ڕستەکە بەهۆی هێمایەکەوە دووبـارە دەکاتەوە، کە ئاماژە بە تـوخمێکی دیـاریکراوی ئاخـاوتن دەکـات، بـۆ نمـوونە:

١- مازن الوعر، نحو نظرية لسانية عربية حديثة لتحليل التراكيب الاساسية في اللغة العربية، ص ٢٧.

بنچینەی کار، لە بکەر و بەرکار و کار پێکدێت، ئەم یاسایەش بە نموونە هێنرایەوە:

فرێزی کاری ـــــــ کار + فرێزی ناوی (بکەر) + فرێزی ناوی (بەرکار)، وێنەی یاسا ڕێزمانییەکان وێنەی پێکهاتەی فرێزەکانی ڕستە ڕووندەکاتەوە، کە (چۆمسکی) لە پەرتووکی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) پێشنیازی کردووە، وەک لێرەدا دەردەکەوێت:

**١ـ ڕستە= فرێزی ناوی + فرێزی کاری**

**٢ـ فرێزی ناوی = ناو+ نیشانەی ناسراوی**

**٣ـ فرێزی کاری = کار + فرێزی ناوی**

**٤ـ نیشانەی ناسراوی = ەکە**

**٥ـ ناو =(پیاو ، تۆپ...)**

**٦ـ کار = (لێیدا + وەریگرت...)**

نموونەیەکی دیکەش وەکو ئەم ڕستەیە: **قوتابییەکە وانەکە دەنووسێت**، لەم حاڵەتەدا یاسا ڕێزمانییەکانی دووبارە نووسینەوە بەمشێوەیە دەبێت:

ـ ڕستە= فرێزی ناوی + فرێزی کاری

ـ فرێزی ناوی = ناو+ نیشانەی ناسراوی

ـ ـ فرێزی کاری= کار + فرێزی ناوی

ـ فرێزی ناوی = ناو+ نیشانەی ناسراوی

**ڕێزمانی گوێزانەوە** [1]:

مەبەســـت لە ڕێزمـــانی گوێزانـــەوە ئەو ڕێزمـــانەیە بەهـــۆیەوە دەتـــوانین ڕســـتەیەک بـــۆ ڕســـتەیەکی دی بگوازینـەوە، کە هەردووکیان یەک مانایان هەبێت، ئەمەش بە ڕەچـاوکردنی ئـەو پەیوەندییـە هاوشـێوانەی لەنێـوان ڕستـەکاندا هەیە، هەروەهـا تێبینیکردنـی ئەو ڕێوشـوێنانەی ڕوودەدەن، بـۆ ئەوەی ڕســتەیەک لە ئاســتی ڕووکـەش جیـاوازی لەگـەڵ ڕســتەکانی دیـکەدا هەبێـت،[2] ئەویـش لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم کارانە:

**١- لابردن**

**٢- قەرەبوو**

**٣- فراوانکردن**

**٤- کورتکردنەوە**

**٥- زیادکردن**

**٦- ڕێکخستنەوە**

**٧- پێشخستن**

---

1- Introduction a la grammaire generative. P: 30 – 36.

٢- محمـود فهمـي حجـازي، مـدخل الـى علـم اللغـة، دار قبـاء للنشـر والتوزيع، ١٩٩٨، ص ١٢٣.

ڕێزمـــانی گوێزانـــەوە ئەرکەکانیـــان لە گواســـتنەوەی ژمـارەیەکی زۆری ڕسـتەکاندا بەرجەسـتە دەبێت، ئەویـش بەشـێوەیەکی فـراوان لەسـەر بنەمـای بونیـادی قـووڵ بە ئاراسـتەی بونیادەکـانی ناوەنـد و بونیادەکـانی ڕووکـەش، دەکـــرێ ئەم چەمـــکەی وتمـــان بە گوزارشـــتێکی دیـــکە دەربببڕین و بڵێین ئەرکی ڕێزمـانی گوێزانـەوە بەستنەوەی بونیـادی ڕووکـەش بە بونیـادی قـووڵ، ئەویـش لەڕێگـەی جێبەجێکردنی ئەو یاسا ڕێزمانیانەی ئاماژەمـان پێدان، جا پرۆسـەی گوێزانـەوەش بە گـوێرەی دوو پرسـی ڕێزمـانی دروســت دەبێــت، کە ئەمــانەن:١ــ ڕێزمــانی هــەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە ٢ـ ڕێزمـانی زۆرەملێ، ئەمەش مانـای وایە گرنگـی ڕێزمـــانی گوێزانــەوە لە توانســـتە خودیەکـانی بـۆ لقدارکردنی ڕستەکاندا دەردەکەوێت، ئەویش لەڕێگەی ئەو پەیوەنـدیەی لەژێـر تیشـکی پێـدراوەکانی ئەم یاسـایانەوە، وەک ڕێوشـوێنی شـرۆڤەکارانە پێشکەشـی دەکەن، هەمـوو ئەمــانەش لەڕێگــەی پرۆســەی گوێزانــەوە دەردەکەون، کە بواریـــان لەنـــاو ئەو یاســـا ڕێزمانیـــانە پێـــدەدرێت، ئینجـــا ژمارەیان دەستنیشـان دەکرێت و ڕێکدەخرێن و ئەو کۆت و بەنـــــدانەی پەیوەســــــتن بە پراکتیزەکردنیـــــانەوە، دەژمێـــردرێن، لەم بـــوارەدا (چۆمســـکی) ئامـــاژەی بەو

جیاوازییانە کردووە، کە لەنێوان ڕستەی سەرەکیدایە، کە خەسڵەتەکانی سادەیی و تەواوکاریی و ڕاشکاویی و ئەرێنی و بکەردیار و ڕستەی گوێزانەوە یان ڕستەی داتاشراو، کە لە هەموو ڕستەیەک پێکدێت، کە سیفەتێک لە سیفەتەکانی پێشووتری نەبێت، کە ئاماژەمان پێدان، لەم حاڵەتەدا ڕستەکە دەبێتە (لابردن) یان (پرسیاری) یان (سەرسوڕمانی) یان (بکەرنادیار) یان (پاڕستە) یان (ئاڵۆز)، ڕێزمانی گوێزانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ کردنەوەی ئەو گرێکوێرەیەی لە زۆربەی ڕستەکاندا بەدی دەکرێت، کە لە ڕواڵەتدا لەیەک دەچن، کەچی لە مانادا وەک یەک نین، یان زۆر ڕستە هەن لەگەڵ یەکدیدا جیاوازیان هەیە، بەڵام یەک واتا و ئاماژەیان هەیە، ئەم ڕێزمانە گوێزانەوەییانە گرنگییەکی زۆریان لە نموونە زمانەوانییەکەی چۆمسکیدا هەیە، چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە توانای وەسفکردنی هەموو ڕستەکانیان هەیە، هەروەها ئەو جوداکارییە واتایی و ئاماژەییانە لەنێوانیاندا هەیە دەردەخات، ئەویش زۆرجاران بە لابردنی و تێکەڵکێشکردنی لە ئاستی بونیادی ڕووکەش و قووڵدا ڕوودەدات و بەمشێوەیە دەبێتە ڕەنگدانەوەیەک بۆ

مرۆڤەگەلێــک، کە بە شــێوەی زگمــاک پەیوەنــدیان بەو زمانەوە هەیە.

**ڕێزمانی دەنگی وشەسازی:**

مەبەستمان لێی ئەو یاسا ڕێزمانیانەیە، کە مۆرفیمەکان بۆ زنجیرەیەک فۆنیم دەگۆڕن، ئەویش بە مانای دووبارە نووســینەوەی توخمەکــان بەو شــێوەیەی دەیانــدرکێنین، ئەویـش پـاش جێبەجێکردنـی یاسـای ڕێزمـانی گوێزانـەوە، ڕێزمانی مۆرفۆلۆجی لەسەری جێبەجێ دەکرێت.

نموونە:

**أ ـ کار + نیشانە = کار**

**نووسی + ی = نووسی**

**ب ـ کار + پاشکۆکان= کار**

**نووسی + یان = نووسیان**

بەشێوەیەک گشتی دەکرێ هەموو بۆچوونەکانی چۆمسکی لە قۆناغی ڕۆنانە سینتاکسییەکان لەم نموونەیە کورت بکەینەوە:[1]

**توخمی سەرەتایی ـــــ ڕێزمانی بەرهەمهێنان ـــــ ڕێزمانی گوێزانەوە ـــــ ڕێزمانی دەنگی وشەسازی ـــــ ڕەنگدانەوەی دەنگی ڕستەکە**

ئەم نەخشەیە وێنەیەکی پوختەکراوی پرۆسەی گوێزانەوەیە بۆ هەر ڕستەیەک، کە دەگاتە وێنەیە فۆنیمییە درکێنراوەکەی، لەم نموونەیەدا توخمی سەرەتایی بونیادی قووڵی چەند ڕستەیەکە، ئەگەری بوونیان هەیە، خانەی دووەمیش لەم کۆمەڵەیە یاسای ڕێزمانی بەرهەمهێنان پێکدێنێت، لەو ڕێزمانە بژاردەیی و یاسا ڕێزمانە زۆرەملێیانە پێکدێت، کە لەسەر ڕستەکەدا پراکتیزە دەکرێن، چونکە بنچینەکانی ڕستەکە لە کۆتاییدا

١ـ جون ليونز، تشومسكي، ترجمة: محمد زياد بركة، النادي الأدبي بالرياض، ١٩٧٨، ص ٦٠ ، هەروەها أحمد مؤمن، اللسانيات ـ النشأة و التطور، ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٢، ص ٢٣٠.

جێگۆڕکێیـــان پێـــدەکرێت، بەڵام ڕســـتە داتاشـــراو و ڕووکەشـــییەکان، یەک بنجیـــان هەیە، ئـــەویش بونیـــادە قـــووڵەکەیە، خـــانەی ســـێیەمیش گوزارشـــت لە ڕێزمـــانی وشەسـازی و ڕێزمـانی دەنگی دەکات، ڕستەکە لە شێوە مۆرفیمیەکانی بۆ شێوە فۆنیمیەکەی دەگۆڕێت، لە کۆتاییدا دواهەمین توخم گوزارشت لە وێنەی دەنگی ڕستەکە یان لە بونیادە ڕووکەشییەکەی دەکات، وەک ئەنجام دەڵێن ئەم نەخشەیە گوزارشت لە کۆمەڵە هزر و بیرێکی سەرەتایی دەکـــات، کە (چۆمســـکی) لە (ڕۆنانـــە سینتاکســـییەکان) دایانیرشـــتووە، پاشـــان هەمواریـــانی کـــردووە، کە لەم قۆناغەی داهاتوودا دەیانبینین.

**. قۆناغی دووەم: تیۆری زمانەوانی ستاندارد ١٩٦٥:**

دەرکەوتنـــی پەرتـــووکەکەی چۆمســـکی بـــە ناونیشـــانی (هەنـدێ لایـەنی تیـۆری ڕستەسـازی) لە سـاڵی (١٩٦٥)، مێـــژووی ئەم قۆنـــاغە دیاریـــدەکات، لەم پەرتـــووکەدا چۆمسکی ئەو کەموکوڕیانەی لە پەرتووکەکەی یەکەمیدا (ڕۆنانـە سینتاکسـییەکان)دا هەبـوون، چاکیـانی کـردەوە، گرنگترین خاڵ جەختی لەسـەر کردەوە، گرنگی (پێکهاتەی واتایی) بوو لە دروستبوونی ڕستەکاندا، ئەویش پاش ئەو کۆششانەی لەم بوارەدا هەردوو زانا (کاتز) و (فۆدۆر) لە

مەسـەلەی واتـای بەرهەمهێنـان خسـتیانەگەڕ، (چۆمسـکی) لەم قۆنـاغەدا جەختـی لەو جیاوازیـانە کـرد، کـە لەنێـوان بونیـادی قـووڵ و بونیـادی ڕووکەشـدا هەیە، بەم شـێوەیە بازیدا بەسـەر ڕوانگەی بونیـادگەریی و دابەشـگەرییەکاندا، چونکە ئەمانە جیاوازییان لە نێوانیاندا نەدەکرد [١].

**أ. جیاکردنەوەی نێوان توانستی زمانەوانی و چالاکی ئاخاوتن[٢]:**
(Competence et performance linguistique)

هەمـوو مرۆڤێک لە ژینگەیەکدا لەدایک دەبێت و گەورە دەبێـت، دەتوانێـت بە زمـانی ئەو ژیـنگەیە قسـە بکـات، لە تواناشیدا هەیە ژمـارەیەکی بەرچـاو و بێکۆتـایی ڕسـتەکانی ئەو زمـانە تێبگـات و دارشـتنیان بـۆ بکـات، تەنـانەت ئەگەر پێشـتریش گـوێی لێنەبـووبێتن، هەر ئەم توانایـانەی هەیە، چـونکە پرۆسـەی ئاخـاوتن لەم حـاڵەتەدا بەشـێوەیەکی هەرەمەکـی بەڕێوەدەچێـت، چۆمسـکی دەڵێـت سیسـتەمی ڕێزمـانی هەر زمانێـک ئەو وتە و قسـە سـنووردار و هەرەمەکیـیە تێبینیکـراوانەیە، کە ڕەنگدانەوەی کـۆمەڵەیەکە وا گریمـانە دەکرێـت وتەی ڕێزمانـانەی بێسـنوور لەخـۆ

١- عبدالقادر المهیری، أهم المدارس اللسانیة، ص ٨٦.

2- Introduction a la grammaire generative, pp: 16 – 21.

بگـرن، جـا سیســتەمی ڕێزمـان بە گـوێرەی ئەم چەمـکە دەبێتە ڕەنگدانەوەی ڕەوشتیی قسەکەرەکەی، کە دەتوانێت زمان بەرهەم بێنێت یان ژمارەیەکی بێسنوور ڕستەی تازە بەرهــەم بهێنێــت و تێبگــات،[1] ئەویــش بە پشتبەســتن بە شـارەزایی سـنووردارییەکەی، هەمـان ئەم بیرۆکەیەشـی بە (توانـای داهێنـان) گوزارشــت لێکــردووە، ئەویــش لەبەر ئەوەی تیـۆری ڕێزمـانی پێویسـتە ڕەنگدانەوەیەک بێت، بـۆ توانـــای هەمـــوو قســـەکەران، لەســـەر کـــۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنانی ڕسـتەکـان و تێگەیشـتن لێیـان بە زمانێک لە زمانەکـان، بەبـێ ئەوەی پێشـوتر گوێیـان لێبـووبێتن،[2] ئەم توانســـتەش بە خـــۆی بیـــرۆکە ســـەرەکییەکەی ڕێزمـــانی بەرهەمهێنانی گوێزانەوەیی پێکدەهێنێت، بگرە لەسەر مانای ئەم بیـــرۆکەوە ئەم ئاراســـتەیە بـــووە بەرهەمهـــێن، واتە ئاراســـتەیەکە بە دوای توانســـتەکـــانی بەرهەمهێنـــان و دروســـتبوونی ڕســـتە تازەکانـــدا دەگەڕێـــت، ئەویـــش بە پشتبەســـتن بە توانســـتەکـــانی زمـــانەکە،[3] جـــا توانســـتی

---

١- نوام تشومسكي، البنى النحوية، ص ١٩.

٢- أحمد قدور، مبادىء اللسانيات، ص ٢٦٨.

٣ـ محمـود فهمـي حجـازي، مـدخل إلـى علـم اللغـة، دار قبـاء للنشـر و التوزيع، ١٩٩٨، ص ٤٥.

زمانەوانی توانای بەرهەمهێنانی ڕستەکان و تێگەیشتنیان لە پرۆسەکانی ئاخاوتنی زمانەوانیدا دەگەیەنێت، بەهەمان شێوەش ئەو کۆمەڵە یاسا ڕێزمانییە دەگەیەنێت، کە لەناو مێشکی مرۆڤدایە و بۆی دەرەخسێنێت، تا ڕستە بونیاد بنێت و زمان بە خاوەن بکات یان ئەو زانینە لەخۆگرتووەیە دەربارەی ڕێزمانی زمانەکە، کە لە مێشکی هەموو ئەو کەسانەدا هەیە، قسە بە زمانەکە دەکەن،[١] تاکە ئامرازێکیش بۆ تویژینەوەی ئەم توانستە لە قسەکەرانی زمانەکەدا، پەنابردنەبەر تویگرتن، دەبێتە هاریکارێک بۆ ناسینی ڕستە پەسەندکراوەکان و جیاکردنەوەیان لەوانی دی لەلایەن خاوەنی زمانەکەوە، ئەمەش بە زاراوەی پێشبینیکردنی قسەکەری گوێگری نموونەیی ناوزەدی کرد[٢]. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین، کە لە پرۆسەی نووسینی زمانەوانی عەرەبیدا کۆمەڵە زاراوەیەک هەن، گوزارشت لە هەمان چەمک دەکەن،

١- میشال زکریا، قضایا ألسنیة تطبیقیة، دار العلم للملایین، بیروت، ١٩٩٣، ص ٦١.

2- Noam Chomsky، Syntactic structures, 1957, pp: 49 – 50.

لەوانە بــۆ نمــوونە (توانســـتی زمـــانەوانی) و توانســـتی سروشـــتی زمـــانەوانی و وزەی زمـــانەوانی و چـــالاکی زمانەوانی. (ئیبن خـەلدوون) لە (پێشـەکی)ەکەیدا باسـی لە توانسـتی سروشـتی زمـانەوانی کـردووە و لە زۆر شـوێندا نـاوی هێنـاوە، لەوانە بـۆ نمـوونە: **((دروسـتکردنی زمـانی عەرەبـی لە زانینـی یاسـاکانی ئەم توانسـتە سروشـتییە و پێـوەرە تایبەتەکانیـدا بەرجەسـتە دەبێـت، ئەمە زانسـتی چـۆنێتییە، نەک خـودی چـۆنێتییەکە، لێرەوە تێدەگەین ئەو توانستە سروشتییە دروستکردنی زمانی عەرەبی نییە و بەتەواوەتـــی دەســـتبەرداریتی))**[1]، هەروەهـــا توانســـتی سروشتی زمان زاراوەیەکی (ئیبن خـەلدوون)ە، مەبەسـت لێـی توانسـتی زمـانە لەسـەر کـۆنترۆڵکردنی (زمـان)، و بەکارهێنـــانی ئەم مانـــایەش لەگـــەڵ شـــرۆڤە و مانـــادانی فەرهەنگەکـــان بـــۆ وشـــەکە بەگشـــتی یەکـــدەگرێتەوە، ئەم وشەیە مانای لەخۆگرتنی شتێک لەگەڵ قۆرخکردنی شتەکە دەگـــرێتەوە، بەڵام ئـــێمە لێـــرەدا مەبەســـتمان توانســـتی سروشتی زمانییە، ئەم وشـەیەش بـۆ (زمـان) دەگەڕێتەوە، کە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە و (زمـانەکە) ئەو ئەندامەیە،

---

١- ابن خلدون، المقدمة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٦٣، ص ٤٨١ – ٤٨٢.

(زمان) لەخۆی دەگرێت و بە توانای دەکات و جێگۆڕکێی پێدەکات،[1] جا (ئیبن خەلدوون) ئەم زاراوەیەی وا شرۆڤە کردووە، بەشێوەیەک مانا زمانەوانییەکەی پێشووتری ببەخشێت، پاشانیش لە هەموو ئەو پرسانەی لەمبارەیەوە دەیخستنەڕوو، بە ماناکەی خۆی بەکاری دەهێنا، جا چ پەیوەندی بە پەیداکردنی ئەو توانا سروشتییەوە هەبێ، یان پەیوەندی بە پوختی، یان پووچی، یان تویژینەوەیەوە هەبێت لە زانستەکانی زمانی عەرەبیدا. توانستی سروشتی زمانەوانی بنەمای تویژینەوەکانی ڕێزماندانان و زمانەوانانە، ئەم زانایانە لە کۆششدا بوون بۆ زانینی مانای ئەم وشەیە لەلای ڕەوانبیژانی زمانی عەرەبی چ لە شار و چ لە گوندەکاندا[2]، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت (ئیبن خەلدوون) گرنگی بە توانستی سروشتی زمانەوانی داوە، بەو حیسابەی توانستێکە پەیوەندی بە هەموو مرۆڤێکەوە هەیە، مانای توانستی مرۆڤ دەگەیەنێت لەسەر پەیداکردنی زمان و باش بەکارهێنانی چ لە ڕووی پوختەیی و چ لە

---

١- محمد عيد، الملكة اللسانية عند ابن خلدون، دار عالم الكتب، ١٩٧٩، ص ١.

٢- ابن خلدون، المقدمة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٦٣، ص ١.

ڕووی پووچییەوە، ئەوەی ئاماژە بۆ ئەم شتەش دەکات، هەوڵ و کۆششکردنی زانایانە بۆ بەدەستهێنانی ئەم توانستە سروشتییەی لەلای ڕەوانبێژان و پەتیگەردا هەبووە، ئەو زانایە خوازیاری ئەوە نەبوون لە هەر کەسێکەوە ئەم توانایە فێربن، یان لە کەسێکەوە فێری بن، کە زمانی پەتی نەبێت، چونکە کەسی پەتیگەر نزیکترە لە قسەکەری گوێگری نموونەیی، کە توانا سروشتییەکەی لە قسەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، بەجۆرێک وەک بڵێی هەر شێوازە نموونەییەکە خۆیەتی، کەچی گەر کەسێکی دیکە دەستنیشان بکەین، زمانەکە بەخراپی بەکاربهێنێت و پێی بئاخفێت، جا بەهۆی خراپی زمانەکەی یان لەبەر هەڵەی زمانەکەی بێت یان لەبەر هەر فاکتەرێکی تر بێت، وەکو ترس و شەرم و هەر شتێکی تر، ئەوا لەو حاڵەتەدا گرنگی و بەهای بەکارهێنانەکەیمان پێ ناخەملێنرێت، ئەویش لە بواری ئەم توانستە سروشتییەی لەلای هەموو خەڵک نزیکە لەیەکدییەوە، تەنها جیاوازییەکە لە بەکارهێنانی دوایی ئەم ڕستانەدایە، (ئیبن خەلدوون) دەڵێت: بەمشێوەیە ئیدی زمان و زبانەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوازرێتەوە و بێدەنگ و منداڵان فێری دەبن، ئەمەش ئەو شتەی لەسەر زاری خەڵکی ئاسایی

بڵاوبوەتەوە، کە دەڵێن زمان بۆ عەرەب سروشتە، واتە بە توانستی سروشتی یەکەمە، کە لێیان وەریانگرتووە و ئەوان لە کەسەوە فێری نەبوونە[1]، واتە عەرەبەکان بە شێوازی بۆماوەیی زمانەکەیان وەرگرتووە، تاکو توانستی سروشتی زمانەوانیان لەلا دروست بووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی توانستی سروشتی لەلای کەسەکان بە ماوەیەکی زۆر دروست دەبێت، بەشێوەیەک ئامادەییان دەکات، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ڕاست و دروست ئەم زمانە بەکاربهێنن، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت زانینی ناوەرۆکی تایبەت بە زمان، واتە توانستی زمانەوانی لەلای چۆمسکی، (توانستی سروشتی) لەلای (ئیبن خەلدوون) دەگەیەنێت، بەهۆیەوە کەسەکان لەسەری ڕادێن و دەقی پێوە دەگرن، پاشان لە مێشکیاندا بەهۆی زانینی بنجیانەوە دروستدەبن.

---

١- ابن خلدون، المقدمة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٦٣، ص ٤٧٧.

**ب . چالاکی ئاخاوتن**

(La performance linguistique)

مەبەست لە چالاکی ئاخاوتن یان کاری قسەکەری ئەو ئەنجامەیە قسەکەر یاخود گوێگرێکی دیاریکراو پێی دەگات، ئەویش لەکاتی ئەنجامدانی کردەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ زمانەکە[1]، کەواتە چالاکی ئاخاوتن بەکارهێنانی ئێستایی زمانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، لەهەمان کاتیشدا بەرهەمی کاری ئامێرانەی زمانەوانییە، لە چالاکی ئاخاوتندا قسەکەر بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەو ڕێزمانە دەگەرێتەوە، کە لەناو توانستی زمانەوانی قسەکەرەکەدا لەکاتی بەکارهێنانی زمانەکەدا هەیە، ئەویش لە هەموو بارودۆخێکدا قسەکان پیایدا تێدەپەڕن و وێنەی قسە و وتراوەکەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەویش بەپێی چەند فاکتەرێک، وەکو بێئاگابوون و شەکەتی و هەڵچوون، چونکە چالاکی ئاخاوتن هەرچەندە لە توانستی زمانەوانییەوە سەرچاوەی گرتووە، کەچی لەڕاستیدا ژمارەیەک دیاردەی مشەخۆری تیادایە، ئەم دیاردە مشەخۆرانە بۆ چەند فاکتەرێکی بەستراوەی دەرەوەی بازنەی زمان دەگەڕێتەوە، هەندێک لەو فاکتەرانە

---

١- عبدالقادر المهيري واخرون، اهم المدارس اللسانية، ص ٨٥.

سایکۆلۆژین، وەکو (سستی یادگە، هەڵچوون، بێئاگایی)، فاکتەرە سۆسیۆ ڕۆشنبیریەکانیش ئەمانەن: (چوونە ناو گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە، شێوازی وتنەوەی وانەی زمانەوانی)،[1] کەواتە چالاکی ئاخاوتن بەشێوەیەکی کردەیی دروست نابێت، مەگەر بە پەراوێزخستنی قسەکەر نەبێت لەو کۆمەڵە کاریگەریانەی، کە لەگەڵ (توانستی زمانەوانی) تێکەڵکێش دەبن، جا چالاکی ئاخاوتن یان ڕستە بەرهەمهێنەکانی کە لە (فۆنیمەکان) و (مۆرفیمەکان)دا دەردەکەون، لە چەند پێکهاتەیەکی ڕستەییدا ڕێکدەخرێن و بەگوێرەی یاسا و ڕێزمانە زمانەوانییەکانی ناو مێشک دادەڕێژرێن، کە لە ڕێکخستنی پێکهاتەی ئەم فۆنیم و مۆرفیمانە بەرپرسن، (چالاکی ئاخاوتن) ڕووی تایبەتی ڕواڵەتی ئاخاوتنی درکێندراوە، کە گوزارشت لە مەعریفە و زانینی (ناوەرۆک) دەکات[2]، لێرەوە جیاوازییەکانی نێوان (توانستی زمانەوانی) و (چالاکی ئاخاوتن) بەڕوونی دەردەکەوێت، کەواتە

---

١- میشال زکریا، الألسنية التوليدية و التحويلية و قواعد اللغة العربية، ص ٨.

٢- خليل احمد عمايرة، في نحو اللغة العربية و تراكيبها، منهج وتطبيق، عالم المعرفة للنشر والتوزيع، ط١، ١٩٨٤، ص ٥٨.

(توانستی زمانەوانی) مانای توانستی ناوەرۆکی زمانەوانی دەگەیەنێت و (چالاکی ئاخاوتن)یش ئەنجامدانی کردەیی ئەم توانستە زمانەوانیەیە، لێرەدا تێبینی دەکەین ئەم بیرۆکە تازە نییە، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا بیرۆکەکە لەلای (ئیبن خەلدوون) هەبووە، جگە لەویش (دی سۆسێر) بەهەمان شێوە باسی لێوەکردووە، بەڵام تەنها لەڕووی ناولێنانەوە جیاوازییان هەبووە، گرنگترین ئەو دوانەییانەی (سۆسێر) یاسا و ڕێساکانی ئەم بیرۆکەی لەسەر بونیادنا، زمان و ئاخاوتن بوو، زمان لەلای (سۆسێر) لایەنی کۆمەڵایەتی دیاردە زمانەوانییەکە دەگرێتەوە، واژەش لایەنە خودییەکە و بواری بەکارهێنانی قسەکەرەکە دەگرێتەوە، زمان ماددەیەکی هاوبەشی ئەو دوولایەنەیە، کە وێنە و فۆرمێکی تەواوی نییە، مەگەر لەسەر ئاستی گروپی کۆمەڵایەتی نەبێت، کە شێوە تەواوەکەی وەردەگرێت، واژە بە گشتی لە ئەستۆی تاکەکەسدایە، کە چالاکییەکە بە پشتبەستن بە زانینی هاوبەش پیادە دەکرێت،[١] زمان لەلای سۆسێر ڕێکخستنی

---

١- عبدالقادر المهيري واخرون، اهم المدارس اللسانية، ص ٣٢.

ئەو هێمایانەیە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکان دەکات[1]، ئەو بیروبۆچوونانەش یەک پێکهاتەن و بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی پۆلێنکردن بە بنەماکان هەژمار دەکرێن، بەڵام ئاخاوتن بەکارهێنانی تاکەکەسیانەی ئەو واژانەیە، کە کەسەکان لێویانی پێ دەبزوێنن و بەشێکیشە لەو ماددە خەزنکراوە، کە (زمانە)، جیاوازی نێوان هەردوو دوانەیی (زمان) (ئاخاوتن) و (توانست / چالاکی) ئەوەیە (سۆسێر) پێی وایە زمان قەدەرێکی هاوبەشە لەنێوان ئەندامانی گروپی زمانەوانیدا، کەچی چەمکی توانستی سروشتی لەلای چۆمسکی وەک بینیمان لەو زانینە ناوەرۆکئامێزەی قسەکەرەکەدا بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەم زانینە هیچ پەیوەندییەکی بە گروپی کۆمەڵایەتیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە قسەکەرەکەوە هەیە.

**ج . جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی ناڕێزمانی:**

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، ئەو قسەکەرەی زمانەکەی خۆی بەباشی دەزانێت، دەتوانێ ڕێژەیەکی بێشوماری وشە یەک لەدوای یەکەکان و ڕستە هەمەچەشنەکان

---

١- فردينان دي سوسير، محاضرات في الألسنية االعامة، ترجمة: يوسف غازي، المؤسسة الجزائرية للطباعة، الجزائر، ١٩٨٦، ص ٢٧٥.

بەرهەمبهێنێت، لەوانەشە ئەم ڕستانە ڕاست و دروست بن، لەوانەشە هەڵە بن، جا جۆری یەکەمی ئەم ڕستانە بە ڕستەی (ڕێزمانی) ناوزەد دەکەین، مانای ئەوە دەگەیەنێت کۆمەڵە ڕستەیەکن لەگەڵ بنەما زمانەوانییەکاندا دەگونجێن، تـوێژینەوەی زمـانەوانیش لەلای چۆمسـکی تەنهـا لەسـەر بنەمـای زانینـی ئەو پێکهاتـانە ناوەستێت، کە بەشـێوەیەکی کردەیـی بوونیـان هەیە، بەڵکـو ئەو شـتانە دەستنیشـان دەکات، کە سیسـتەمی زمـانەوانی پەسـەندیان دەکـات، یـان ڕەتیان دەکاتەوە، ڕستە لە کۆمەڵە یەکەیەکی وشەسازی یـان مۆرفیمەکـان پێکـدێت، کە بەدوای یەکـدا دێـن، بەڵام مەرجـیش نیـیە هەمـوو بەیەکـداچوونێکی یەکە وشەسـازییەکان ببێتە ڕستەیەکی بەسـوود[1]، لەسـەر ئەم بنەمایە ڕێزماننـاسە هاوچەرخەکان دوو زاراوە لە یەکتری جیـا دەکەنەوە، کە ئەمـانەن: grammatical، مانـای گونجـانی یاسـا ڕێزمـانییەکە دەدات ، زاراوەی دووەمـیش nan grammatical مانای نەگونجانی یاسـا ڕێزمـانییەکە دەدات ، لەم پـێگەیەدا پێویسـتە ئامـاژە بەوە بکەیـن، تەنهـا یاسـا ڕێزمانییەکـان بڕیـار لەسـەر ڕێزمـانیبوونی ڕسـتەکە دەدەن و هەمـوو ئەو ڕسـتانەش ئەگەری دروسـتبوون و

---

١- محمود فهمي حجازي، مدخل الى علم اللغة، ص ١٢٦.

پێکهێنانیـان له زمـانەکەدا هەیه و دەستنیشـانیان دەکەن، لەهەمـان کاتیشـدا ئەو ڕسـتانه قەدەغه دەکەن، که (نارێزمـانین)لەوەی که پێکبێن و دروست ببن، به هەمـان شـێوەش بڕیـاردان لەسـەر ڕێزمـانیبوونی ڕسـته تەنهـا له پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ڕسته قۆرخ نابێت، بەڵکو ئەم بڕیـاره بەهەمـان شـێوه ئەو لادان و چەوتیـیەش دەگـرێتەوه، که له ڕسـتەدا دروسـت دەبـن، بـۆ نمـوونه: **(ئەسکەندەرییه چووه ناو دەریا، ئـەمڕۆ لـه سـەعدەوه بۆ پاریس)**[1] (میشال زکریا) توانج لەم نموونەیه دەگرێت و دەڵێت: ناکرێ ئەم ڕستەیه به ڕستەیەکی بەسوود بزانین، ئەویش لەبەر ئەوەی وشەی (ئەسکەندەریه) دەبێته (بکەر) بـۆ (کارێـک)، که وشـەی (دەریـا) یه، ئەمەش بێگومـان ڕستەیەکی پەسـەندکراو نییه، چونکه نـاچێته چوارچێوەی ئەو یاسایەی دەخـوازێ گونجاندنێک لەنێوان ئادگارەکانی

---

١- ئەم ڕسـتەیه له ڕۆمـانێکی نـەجیب مـەحفوزەوه وەرگیـراوه، که نـاوی (قصـر الشـوق)ه، پاڵەوانـانی ئەم ڕۆمـانه دوای ئەوەی سەرخۆش ببوون، ئەم ڕستەیان دەوتەوه.

(ناو) و (بکەر) و (کار) دروست بکات[١]، هەروەک گەر بێتو ڕستەکەی پێشوو بەم دوو ڕستەیە بەراورد بکەین:

- سەربەخۆیی بۆ میسر دەگەڕێتەوە.
- دەگەڕێتەوە بۆ سەربەخۆیی میسر.

تێبینی ئەوە دەکەین ڕستەی دووەم (ناڕێزمانی)یە، بەهەمان شێوەش نابێ ئەو ڕستانەی لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵەن، لەگەڵ ئەو ڕستانەی لە ڕووی زانیارییەوە هەڵەن، تێکەڵ و ئاوێتەیان بکەین، وەکو بۆ نموونە گەر بڵێین: (ئینجیل موعجیزەی پێغەمبەر محەمەدە (د.خ)، ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕاستە، بەڵام لە ڕووی زانیارییەوە هەڵەیە، کەواتە ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی (ڕێزمانییە).

## د . بونیادی ڕووکەش و بونیادی قووڵ[٢]:

(چۆمسکی) بونیادی ڕووکەش و بونیادی قووڵ لە یەک جودا دەکاتەوە، بونیادی ڕووکەش لەلای ئەو بونیادە دیارەیە لە بەدوای یەکداهاتنی ئەو وشانەوە نمایان دەبن،

---

١- میشال زکریا، الألسنية التوليدية والتحويلية و قواعد اللغة العربية، ص ١٠.

2- Aspeet de la theorie syntaxique, p: 120 – 123.

که لەلایەن قسەکەرەوە دەردەچن،[1] هەرچی بونیادی قووڵیشە ئەو یاسا ڕێزمانیانە دەگرێتەوە، کە ئەم بەدوای یەکداهاتنە دروست دەکات، کە لە مێشکی قسەکەری گوێگری نموونەیی پێکدێت، واتە ئەو ڕاستەقینە عەقلیەیە لە بەدوای یەکداهاتنی واژەیی ڕستەکەوە پێکدێت، واتە بونیادی ڕووکەشانە پێکدەهێنێت[2]، هەروەها چۆمسکی جەخت لەوە دەکاتەوە بونیادی قووڵ ( Structure profonde) بنەمایەکە بۆ تێگەیشتن لە قسە و شرۆڤەکردنی، کە ئەمەش شتێکە لەناو مێشکی قسەکەری گوێگردایە و لەو بەدواداچوونەی قسە درکێندراوەکاندا ڕەنگدەداتەوە کە لە بونیادی ڕووکەشدایە[3]، بونیادی قووڵیش بە بۆچونی چۆمسکی تەنها بونیادێکی ڕەهایە و بنەماکە بەرهەمی دێنێت و هەموو پەیوەندییە ڕێزمانییەکان

---

١- جون ليونز، نظريه تشومسكي اللغوية، ص ١٥٩.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٠.

٣- ميشال زكريا، الألسنية (علم اللغة الحديث)، المباديء و الاعلام، ص ٢٦٨، شایانی باسە هەردوو زاراوەی بونیادی ڕووکەش و بونیادی قووڵ یەکەمجار لەلای هۆکیت لە پەرتووکی (چەند وانەیەک لە زمانەوانی نوێ) بەکارهێنراوە، بڕوانە: احمد مؤمن، اللسانيات، النشأة و التطور، ص ٢١٢.

و ئەرکەکانی پێکهاتە و زانیارییە واتاییەکان لەخۆ دەگرێت، کە بۆ شرۆڤەکردنی ڕستەکان و هەموو ئەگەرەکانی بەکارهێنانیان پێویستن[1]، بونیادی ڕووکەشیش ئەو بونیادە ڕواڵەتییەیە، کە لە بوارێکدا و لە زنجیرەیەکی ئاسۆیی وشەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە خەسڵەتی دەنگی یان نووسینیان لەخۆ گرتبێت، لەبەر ئەوە هەموو ئەو پێکهاتە فۆنۆلۆجیانە لەخۆ دەگرێت، کە بۆ شرۆڤەکردنی دەنگ پێویستن[2]. جا پەیوەندییەکانی نێوان بونیادی ڕووکەش و بونیادی قووڵ بە تەوەرێکی گرنگ هەژمار دەکرێت بۆ بونیادی ڕستە، هەروەها تەمومژی واتاکانی بونیادی ڕووکەشیش لەسەر بنەمای فرەیی بونیادە قووڵەکانیدا شرۆڤە دەکرێت، لێرەوە دەکرێ بوترێت بونیادی ڕووکەش جیاوازی لەگەڵ بونیادی قووڵدا هەیە، ئەویش لەو ڕووەی بوونیادی قووڵ لەلای هەموو خەڵک نزیکن لەیەکدییەوە، کەچی ئەوەی دووەم بونیادی ڕووکەشە، لە کەسێکەوە بۆ کسەیکی دیکە دەگۆڕێت، ئەویش بەپێی چەند کاریگەریی و فاکتەرێکی هەمەجۆر،

---

١- محمود أحمد نحلة، مدخل الى دراسة الجملة العربية، دار النهضة العربية، بيروت ١٩٨٨، ص ٦٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٦١.

ئەوەی یەکەم ڕێکخستنێکە بۆ یەکە ڕووکەشەکان، کە شرۆڤەی فۆنەتیکی دەستنیشان دەکەن، کە بۆ فۆرم و شێوەی قسە دەگەڕێتەوە بە لایەنە کردەیی و فیزیاویەکەی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوەیەی مەبەست و مەرامەکانە لێی، کەچی ئەوەی دووەم لەو بونیادە ڕەها و ناوەرۆکئامێزە پێکدێت، کە شرۆڤە واتاییەکە دیاری دەکات، چونکە بەگشتی ڕستەی درکێندراو لە بونیادێکی ڕووکەشانە پێکدێت، جیاوازییەکانی نێوان بونیادی ڕووکەش و بونیادی قووڵ لەو ڕووەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بونیادی قووڵ لە شرۆڤەی واتائامێزی ڕستە پێکدێت، جگە لەمەش شیمانەی ئەوە هەیە بەهۆی یاسا ڕێزمانییە گوێزانەوەییەکانەوە ببێتە بونیادی ڕووکەشانە[١]، بەڵام بونیادی ڕووکەش بە دوای ئەو پرۆسەی بەرهەمهێنانە دەکەوێت، کە پێکهاتەی لەسەر پایەکانی دەوەستێت و شێوەی دەنگی بەدوای یەکداهاتنە قسەییەکە بە شێوازە کۆتاییەکەی کە درکێندراوە و قسەی پێکراوە پێکدەهێنێت، ئیدی لێرەوە شرۆڤەی دەنگی ڕستەکان بەهۆیەوە دەستنیشان دەکرێت.

١- احمد حساني، مباحث في اللسانيات، ص ١٢٨.

**گرنگی پێکهاتەی واتایی لە نموونەی بەرهەمهێناندا**

چۆمسکی لە (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)دا واتاسازی یان واتـــای پەراوێزخســـتبوو، بەڵام پاشـــان فریـــاکەوت و تیۆرەکەی خۆی چاککردەوە و لە پەرتووکی (ئادگارەکانی تیـۆری ڕستەسـازی)دا باسـی لە پێکهـاتەی واتـایی کـرد، هەردوو زانـــای زمـــانەوان (کـــاتز) و (فـــۆدۆر) لـــە ساڵی(١٩٦٣) بە هەمان شێوە گرنگیان بە پرسی واتاییدا و هەوڵیانـدا بە دارِشـتنی نموونـەیەکـی شـرۆڤەیی واتـایی بەرەوپێشـــەوەی بەرن، ئەویـــش بەگـــوێرەی نمـــوونەی پێکهاتەیی، لێرەدا دوو جۆر لە یاسای واتایی دارِێژران، کە ئەمانەن: أ- ڕێزمانی فەرهەنگی ب - ڕێزمـانی لێکدانـەوەیی، ئەرکـی ڕێزمـانە فەرهەنگییەکـان ڕوونکـردنەوەی وشـە فەرهەنگییەکانە، دواتریش ڕوونکردنەوە و تیشک خستنە سـەر ئەرکە واتاییەکـانیەتی لەنـاو پێکهاتەکـەدا، هەروەهـا بـــوونی ڕێزمـــانی فەرهەنگـــی بەشـــێوەیەکی تەکنیکـــی ڕوونادات، بەڵکو چەندەها ئاستەنگ لە جۆری تـایبەت دێنە پێشـــی، دەکـــرێ بە وەســـفکردنی یەکە فەرهەنگییەکـــان چارەســـەر بکـرێن، ئەویـش بە پشتبەسـتن بە خەسـڵەتە

مەعنەویی و دەنگییەکانی پەیوەست پێوەیان،[1] هەرچی ئەرکی ڕێزمانی شرۆڤەییەکانیشە، ئەوا دەستنیشانکردنی ئەو شێوازەیە، دەکرێ وشە فەرهەنگییەکان بچنە ڕیزی یەکدییەوە، ئەویش بۆ ئەوەی پێکهاتەکە لە ڕووی واتاییەوە شرۆڤە بکرێت،[2] پاشان بەستنەوەی هەردوو پێکهاتەی (ڕستەسازی) و (واتایی) لەلایەن (کاتز) و (بۆستال) لە ساڵی(١٩٦٤) بەهێزکران، ئەویش لەڕێگەی پێشکەشکردنی چەمێکێکی تازە و نوێی ڕێزمانی لێکدانەوەیی، ئەم کار و پرۆژانەش چۆمسکییان هاندا بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە تیۆرەکەیدا بکات، بۆیە کۆششەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بنەما واتاییە پێشڤەچووەکانی ڕێبازەکەی ئاوێتە بکات، ئەم ڕێبازەشی لە سێ ئاست پێکدێت:

**١. ئاستی ڕستەسازی:** لەسەر دوو پێکهێنەر کاردەکات:

---

١- سليم بابا عمر وباني عميري، اللسانيات العامة الميسرة (علم التراكيب)، الجزائر، ١٩٩٠، ص ٦١.

٢- مازن الوعر، نحو نظرية لسانية عربية حديثة لتحليل التراكيب الأساسية في اللغة العربية، دار طلاس، دمشق، ط١، ١٩٨٧، ص ٥٤.

**أـ پێکهێنەری بەرهەمهێنان(بنەڕەتی)**: ئەم پێکهێنەرە لە ڕێزمانی نووسینەوە و دەروازەکانی فەرهەنگی پێکدێت، کە کۆمەڵە ئادگارێکی جیاکاریان بۆ دانراوە.

**ب ـ پێکهێنەری گوێزانەوە**: لە چەند یاسایەکی ڕێزمانی فەرمانی و شێوازی و ڕەخساوی پێکهاتووە، کە بونیادە ڕووکەشە هەمەچەشنەکان لە بونیادە قووڵە بەرهەمهێنانەکانەوە دادەتاشێت.

**٢ـ ئاستی واتایی**: ئاستێکی شرۆڤەییە و لە ئاستی بونیادی قووڵدا کاردەکات، پێکهێنەری واتایی شرۆڤەی واتایی گونجاو بە بونیادە قووڵەکان دەبەخشێت، ئەویش لەڕێگەی ئەو ڕێزمانە واتاییانەوە، کە ماناکانی گۆشە زمانەوانییە هەمەچەشنەکان لەخۆ دەگرێت، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی پرسێک لە نواندنی واتایی ڕستەسازیی.[١]

**٣ـ ئاستی دەنگی**: ئاستێکی نواندنە و کار لەسەر ئاستی بونیادی ڕووکەشی پێکهاتەکە دەکات و وێنەی کۆتایی ئەو ڕستەیە دەبەخشێت، کە بەرهەم دەهێنرێت. ئاوێتەکردنی تیۆری واتایی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی لقدارانە ئاماژەیەکە لە تاکە دیاردەیەک لەو دیاردە گرنگە گەورانەی

---

١- مازن الوعر، نحو نظرية لسانية عربية حديثة لتحليل التراكيب الأساسية في اللغة العربية، دار طلاس، دمشق، ط١، ١٩٨٧، ص ٥٦.

بە (واتاسازی) دەدرێت لەلایەن هەموو زمانەوانەکانەوە، کە لەم سالانەی دواییدا گرنگیان پێدەدا، چۆمسکی لە ساڵی (١٩٦٥) لایەنەکانی تیۆری ڕستەسازی بەرجەستەکرد، لەو قۆناغەی تیایدا بۆ دواهەمینجار بواری ئەوە ڕەخسا جەخت لەسەر یەکەی بنەڕەتی ناو تیۆرەکە بکرێتەوە، لەم پرۆسەیەدا واتا و فۆنۆلۆجی لە سیستەمی دەنگیدا ئاوێتەکران، بەدەر لەو حاڵەتانەی لە پێکهاتە ڕستەسازییەکاندا هەبوو[1]، بەهۆیەوە زۆر لە زمانەوانان ڕێبازەکەی چۆمسکییان وەرگرت، کە لە کتێبی (ئادگارەکانی تیۆری ڕستەسازی)خستبوویەڕوو، بەلام پاش ئەنجامدانی بەدواداچوون بۆ سروشتی شرۆڤەی واتایی و ڕستەسازییانە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە پێکهێنەری واتایی ناتوانێت شرۆڤەی ماددەیەکی زۆری زمانەوانی بکات، گەورەترین مەترسیش، کە هەڕەشە لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنانی لقدار دەکات، دەرکەوتنی تیۆرەکەی (فیلمۆر)ە[2]. لە پەرتووکەکەیدا، کە بە

---

١- ر. هـ. روبنز، موجز تاريخ علم اللغة في الغرب، ترجمة: أحمد عوض، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، العدد ٢٢٧، ١٩٨٧، ص ٣٥٤.

٢- ئاشکرایە زاراوەی (دۆخ) لە کۆنەوە لە کلتووری ڕستەسازی سەردەمی کلاسیکدا بەکارهێنراوە، ئەم زاراوەیە لەسەر بنەمای

ئەرکــــی فـــۆرمی ڕستەســـــازی وەســـــتاوە، کە لە پێکهاتەکانـــدا بەکاردەهێنرێت، وەکو حاڵەتی (ڕەفع) و (ناوی) و (دانەپاڵ) و.... هتد. هەروەها ژمارەکەی هەمەچەشنەیە و لە زمانە هەمەجۆرەکانی جیهاندا زۆر و کەم دەکەن، لەم بوارەدا (فیلمۆر) جۆرێکی تازەی لەو دۆخانە پێشنیازکرد، ئەویش دۆخی واتاییە، جیاوازی لەگەڵ دۆخی لاساییکاری فۆرمی هەیە، ئەویش لەو ڕووەی گشتگیرن و لە هەموو زمانەکاندا هەیە، لە ئەنجامدا هەموو ڕستەیەک بەم شێوەیە دەنووسرێت: ج..... شێوازی کاری + پرس، هەموو پرسێکیش کارە + دۆخی١ + دۆخی٢ + دۆخی ٣+ دۆخی ن، فلیمۆر لە ساڵی ١٩٧٠ تویژەرانی بۆ کۆمەڵە دۆخێک ئاراستەکرد، کە گرنگترینیان: جێبەجێکـــار (ئەوەی ڕووداوەکە دروســـت دەکــات) زینـــدوو. ٢ـــ تاقیکەرەوە (لەژێر کاریگەری ڕووداوەکە). ٣. ئامرازی هۆکارئامێز. ٤. ئەو شوێنەی گوزارشت لە باشترین دۆخەکانی بێلایەنی دەکات. ٥ـ سەرچاوە (خاڵی سەرەتا). ٦ـ ئامانج. ٧ـ شوێن. ٨ـ کات. ٩ـ هــاوەڵی. ١٠ـ وەرگر (ڕۆڵی سوودگەیاندن)، هەروەهــا هەنـدێک زمـانەوان دۆخـی واتـایی دیکەیـان زیـادکردووە، وەکو: (مەودا) و نموونەکەشی ئەمەیە: مەفعولی موتلەق لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها (چـۆنێتی) یـان ئەوەی بە دۆخ دەناسـرێت، و (وەسـف) و پاســاو (المفعول لاجله)، هەروەها (هۆکار)، بەهەمان شێوە ولتەر کۆک لە پەرتووکەکەیدا بە ناونیشـانی (ڕێزمـانی دۆخــەکان) سـوودی لە تیـۆرەکەی فلیمـۆر وەرگرتـووە، ئەویش پاش ئەوەی ئەنجامەکانی پـۆلێنکردنی کـاری لە لای (شـایف) ئـاویتەکرد، کە لە هەوادارانــی واتــای بەرهەمهێنــان بـوو، کـاری پـۆلێنکرد بـۆ: کـاری ڕووداو و

ناونیشانی (Le cas pour le cas) بوو، ئەم تیۆرە بەتوندی کاریگەری لە ڕێزمانەکەی چۆمسکی کرد و تیایدا چەند ڕەخنەیەکی ئاراستەی کرد، لەوانە گرنگینەدانی تیۆرەکەی بوو بە لایەنی مەعنەویی و جەختکردنەوەی زیاد لە پێویست لەسەر توانای شرۆڤەیی.

---

ئەنجامدان و کاری ئەنجامدانی ڕووداوی و کاری دۆخ، جا خوێنەران لە بواری فێربووندا سوودێکی زۆریان لەم پۆلێنکاریە گشتگیرە وەرگرت، کە هەموو زمانەکان بە هەموو چەشن و ڕەنگەکانیانەوە لە ڕێکخستن و پێکاتەکانیانی ڕستەدا سەرباری جیاوازی نێوانیان، تیایدا هاوشێوەن، دەشکرێ ئەم شتە لەبەر گرنگی لەم خشتەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

| شوێن | سوودگەیاندن | تاقیکەرەوە | جۆر |
|---|---|---|---|
| شوێنی دۆخ | سوودگەیاندنی دۆخ | تاقیکەرەوەی دۆخ | دۆخ |
| شوێنی ئەنجامدان | سوودگەیاندنی ئەنجامدان | تاقیکەرەوەی ئەنجامدان | ئەنجامدان |
| ئەنجامدانی ڕووداو | سوودگەیاندنی ڕووداو | ڕووداوی تاقیکەرەوە | ڕووداوخواز |
| شوێنی ئەنجامدانی ڕووداو | سوودگەیاندنی ئەنجامدانی ڕووداو | ئەنجامدانی ڕووداوی تاقیکەرەوە | ئەنجامدانی ڕووداو |

بڕوانە: أحمد مؤمن، اللسانیات، النشأة و التطور، ص ٢٦٤ و ٢٧٧.

**. قۆناغی سێیەم: قۆناغی تیۆری ستانداردی فراوانکراو:**

چۆمسکی جارێکی دیکەش ڕازی نەبوو بەو شتانەی پێیان گەیشتبوو، بەتایبەتی پاش ئەو ڕەخنانەی لەلایەن واتاناسانەوە ئاراستەی کرابوون، بۆیە جارێکی دیکە پێداچوونەوەی بە تیۆرەکەی کرد و هەمواری کردەوە، ئەویش بە دانان و داڕشتنی گریمانەی تازە و نوێ، بۆ ئاسانکردنی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی گوێزانەوە، کە لە چەند وتارێکی بنەڕەتیدا بەکورتی و پوختی پێشکەشیانی کرد و هەمووشیانی لە پەرتووکێکدا کۆکردەوە بە ناونیشانی (تویژینە واتاییەکان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا)، جا بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکانی تێگەیشتن، نواندنی واتایی بە بونیادی قووڵ و بونیادی ڕووکەش بەستەوە، ئەویش لەڕێگەی ئەمانەی خوارەوە:

أ. یاسای شرۆڤەی واتایی یەکەم بۆ بونیادی قوول.

ب . یاسای واتایی دووەم بۆ بونیادی ڕووکەش [١]

لەم قۆناغەدا یاسای ڕێزمانی گوێزانەوە جگە لەکاتی تێخزاندنی ئەو وشانەی لە فەرهەنگەکانەوە وەرگیراون لە بواری کێشانی بنچینەکانی ڕستەی قووڵ جێبەجێ ناکرێن، هەموو ئەمانەش جیاوازییان لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا هەیە،

---

١- مازن الوعر، نحو نظرية لسانية عربية حديثة، ص ٦٤.

کە لە تیـۆرە سـەرەکییەکەی چۆمسـکیدا بـوونی هەیە، ئەم شیکردنەوەیە پەل دەکێشێت بۆ ئەو بنەمایەی دەڵێ ئاستی قـووڵ پەیوەنـدییەکی بەهێزی بە دەستنیشـانکردنی وێنەی واتـــاییەوە هەیە[1]. لە ئەنجـــامی ئەمەوە ئیـــدی هەردوو

١- جون ليونز، نظريـة تشومسـكي اللغويـة، ص ٩٨، زۆر گرنگە لەم بـوارەدا ئامـاژە بە گرنگترین ئەو چەمـکە واتاییانە بکەیـن، کە لەنـاو یـــان لە پەراوێـــزی تیـــۆری بەرهەمهێنانـــدا پێشـــکەوتن، لەوانە بـــۆ نموونە: واتای شرۆڤەیی (کاتز) و (واتای بەرهەمهێنان)ی لیکۆف و مکـاولی و ڕۆسـۆ بۆسـتال و تیـۆری واتـایی ستانداردی فراوانکراو لای چۆمسکی و جاکندۆف و ڕێزمانی دۆخەکان لای چارلز فیلمـۆر، لە ساڵی ١٩٦٣ (کاتز و فۆدۆر) باسێکیان بە ناونیشانی( بونیادی تیـــۆری واتای)یـــان بڵاوکـــردەوە، تیایـــدا واتایـــان خزانـــدە نـــاو بەرهەمهێنـــانی ڕێزمـــانی ڕستەســـازی، ئەویـــش پـــاش ئەوەی لە سیستەمە ڕێزمانییەکەی چۆمسکی پەراوێز خرا، لەهەمـان کاتیشـدا جەختیـان لەسـەر ئەوە دەکـردەوە، کە زۆر گـرنگە تیـۆرێکی واتـایی هەبێـــت، ماناکـــانی یەکە فەرهەنگییەکـــان دەستنیشـــان بکـــات و بونیادەکان بە یاسا ڕێزمانییە دووبارەکان تێر بکات و کاربکات بـۆ بونیادنـــانی مانـــا لەناویانـــدا، هەروەهـــا بۆســـتال کـــاری لەســـەر جەختکردنەوە کرد لەسەر لایەنی ئەرکی ڕێزمانی واتایی، ئەم لایەنە بەرپرســە لە شــرۆڤەکردنی بونیــادی قــووڵ، چــونکە (گوێزانــەوەی ڕستە) مانای بونیادەکە ناگۆڕێت، هەروەهـا بونیادی قووڵ هەرگیـز نـابێتە دوو بونیـادی گونجـاو، لەم تـوێژینەوانەدا بە هەمـان شـێوە

جیاوازی لەنێوان ئادگارە واتاییەکان و خەسڵەتەکاندا کراوە، کە یەکەمیان کاری دەرخستنی ئەو پەیوەندییە سیستەمیانەی یەکە فەرهەنگییەکانە بە وشەکانی دی زمانەوە دەبەستنەوە، کەچی دووەمیان مانای تایبەتی واژەکە پێناسە دەکات، بەڵام نموونەی واتاسازی بەرهەمهێنانەکەی (مکاولی) یاسای ڕێزمانی واتای شرۆڤەییەکان کورتکردۆتەوە بەرامبەر بە فراوانکردنی گوێزانەوەی بونیادی قووڵ بە داتاشینی بونیادە ڕووکەشییەکان، لەم بوارەدا چوار ئاستی بەرهەمهێنانی زمانەوانی پێشنیازکران، کە ئەمانەن: بونیادی لۆجیکی و بونیادی ڕووکەش و دەوروبەر و مانای گواستنەوە، ئەمەش وا دەگەیەنێت پێکهێنەری بنەڕەتی لە وێنەی پێکهاتەکەی خۆیەوە بۆ وێنە واتاییەکەی دەگۆڕێت، یەکێک لەو تیۆرانەی لەناو توێژەرانەدا گرنگییەکی زۆری پێدرا، تیۆری ڕێزمانی دۆخ بوو، کە لە بواری واتایی و ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بوو و لەساڵی ١٩٦٨ لەسەر دەستی (چارلز فیلمۆر) دامەزرا، ئەویش لە بواری توێژینەوەیەکدا کە ناوینا (The case for case)، ئەم تیۆرە باس لە وەسف و شرۆڤەی ئەو پەیوەندییە دەکات، کە کارەکە بە پێکهاتە ناوییەکانی ناو ڕستەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بەو حیسابەی حاڵەتی ڕێزمانین، شایانی باسە ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی گشتی سەنتەربوونی کار بەهەند وەردەگرێت، بەو حیسابەی ناوکێکە بۆ پێکهاتەکان بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتە ڕێزمانییەکانی ڕستە، ئەمەش (لویس تنیار)ی فەرەنسی لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی بنەماکانی ڕۆنانە سینتاکسییەکان ساڵی (١٩٥٩) پێشکەشی کرد، هەروەها تیۆری (گونجانبوون)ی

گریمانەکەی (کاتز) و (فۆدۆر)ی وەدەرنا، کە پێیان وابوو ڕێزمانی گوێزانەوە کار لە مانا ناکەن و ماناکان ناگۆڕن، بەهەمـان شـێوەش تیـۆرەکەی (کـاتز و بۆسـتال) بڕیـار لەسەر ئەوە دەدەن، پێکهێنەری واتایی بخزێنرێتە ڕێزمانی گوێزانەوە، یاساکانی شرۆڤەیی خاوەن مۆرکی تێگەیاندن لەخۆ دەگرێت، هەروەها چۆمسکی بەدواداچوونی بۆ ئەو بیروڕایانەی خۆی لە بواری بەستنەوەی نێوان ڕستە و مانادا کرد، ئەویش لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە ماتماتیک و لۆجیک و بایۆلۆجی، بەتایبەتی لە بابەتی ڕێزمانی گشتیدا، لەوانەشـە ئەم مەسـەلەیە بەڕوونـی لەو توێژینەوەیەیـدا دەرکەوتبێت، کە بە ناونیشانی (وتارەکان دەربارەی فۆرم و شـرۆڤە) بـوو، کە لە سـاڵی (١٩٩٧)دا دەرچـوو، ئەمەو تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنانی گوێزانەوە هەندێک ساردی و بەسـتوویی بەخـۆیەوە بینـی، ئەویـش لە سـاڵانی پـاش دەرکەوتنی تیۆرە فراوانەکەی تاکو ساڵی (١٩٨٠)، کاتێک پەرتـووکە تـازەکەی خـۆی لە چاپـدا، ئەم پەرتـووکە لە زنجیرەیەک وانە پێکهاتبوو، کە جارێکی دی ژیانی بە بەر تـوێژینەوە کۆنەکـانی چۆمسـکیدا هێنـایەوە و گـوڕێکی

---

(هلبیگ)ی ئەڵمانی، کە ساڵی (١٩٦٨) پێشکەشی کرد، بڕوانە أحمد مؤمن، اللسانیات، النشأة و التطور، ص ٢٤٨ .

تازەیانی پێبەخشی، لەم پەرتووکەدا چۆمسکی باسی لە تیۆری بەستنەوەی فاکتەرانە کردووە، تیایدا زۆر لەو زاراوانەی دەستنیشانکرد، کە وێنەی یەکەمیان تەمومژاوی بوو، وەکو ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زمانەوانی بایۆلۆجی و ڕێزمانی بەرهەمهێنان و چەمکی ڕێزمانی گشتیدا هەیە، ئەویش بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری گرنگ، کە ئەمەیە: ئایا چۆن مرۆڤ زانیایری زمانەوانی وەردەگرێت و چۆن بەرهەمی دەهێنێت؟ (١)

**قۆناغی چوارەم: تیۆری کەمترین بەرنامە:**

(Le programe minimal)

تیۆری کەمترین بەرنامە، تێڕوانینێکی تازە و پێشڤەچووە لە بواری تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، لەم تیۆرەدا سەردەکێشێ بۆ گۆڕانکاریەکی گرنگ، چونکە کۆمەڵە چەمک و زاراوەیەکی تازە و جودای هێنایە گۆڕێ، کە لەگەڵ ئەو چەمکانەی پێشوودا جیاوازییان هەبوو، کە لەژێر کاریگەری زانستە دراوسێیەکاندا فۆرمەلەکران و

١ـ نوام تشومسكي، المعرفة اللغوية، طبيعتها و أصولها و استخدامها، ترجمة: محمد فتيح، دار الفكر العربي، ط١، ١٩٩٣، ص ٦ .

داڕێـژران، وەکـو زانسـتەکانی فیزیـا و کیمیا و کۆمپیـوتەر، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نـابێ گومـان ببرێـت ئەم بەرنـامە تـازەیە شۆڕشـێکە یـان کودەتـایەکە لەسـەر کلتـووری بەرهەمهێنـان، کە باسـمان کـرد، بەڵکـو ئەم پرۆگـرامە درێژەپێدەری ئەو تیۆرەیە و پێشڤەبردنێکی سروشتییە لە سیستەمە مەعریفی و ڕێبازییەکەی، ئەم پرۆگرامە ئامـاژە بەوە دەکـات، ئـێمە بـەرامبەر گریمـانەکردنی سیسـتەمێکی زمانەوانیداین، کە دەکرێ بە ماوەیەکی کورت وەربگرێ و گەشـە بکـات، ئەو بەپێـی توانـای بـایۆلۆجی مـرۆڤ، ئەو توانـایەی وەرگرتنـی زمانـەی بـۆ دەرەخسـێنێت و دەرفەتـی گـۆڕین و مـامەڵەکردن بە دەوروبـەرەکانی پێـدەدات، ئەم تیـۆرە هەمیشـە داینەمـۆیەکی کـارای تیـۆری یاسـا ڕێزمانییەکـان بـووە، بەتـایبەتی لە بـواری نمـوونەی بەسـتنەوەی فـاکتەرانە لە سـاڵانی هەشـتاکاندا، پاشـانیش نمـوونەی بنـەما و ئامرازەکـان، لە کۆتایشـدا کـەمترین بەرنامـەی تـویژینەوە زمـانییەکەی چۆمسـکی لە سـاڵی (١٩٩٣)، کە بەهەمـان شـێوە ئەم بۆچـوونە کـارا بـوو، جـا گەر لەم بـوارەدا بەدواداچـوون بکەیـن، کـۆمەڵە یاسـایەکی ڕێزمانیمـان دەسـت دەکەوێت، بـۆ نموونـە ـ کەمکـردنەوەی ئامراز و توخمە وەسفییەکان، بە مەبەستی پێشکەشکردنی

وتەی سادە و گشتی لەمەڕ زمانی مرۆیی، کە بەگوێرەیان توانستی سروشتی زمان لەلای قسەکەر دەستنیشان دەکرێت، گرنگترین بنەما گشتی بڕیار لەسەر بنەمای شرۆڤەکردنی تەواو (interpretation genirale)دەدات، کەوا دەخوازێت هەموو توخمەکانی ڕستەکە لەڕووی شرۆڤەییەوە دابین بکرێن و تەنها ئەو توخمە پێویستانە تیایدا دەربکەون، کە دەکرێ شرۆڤە بکرێن، لێرەدا بنەمایەکی دیکەش هەیە پەیوەستە پێوەی، ئەویش بنەمای ئابووریییە (Le principe d economie)، کە بونیادی ڕێزمانەکە دەستنیشان دەکات، هەروەها ئەو پرۆسانەش دەستنیشان دەکات، کە گریمانەی وەرگرتنی سیستەمی زمانی دەخەنەڕوو، لەڕێگەی ئەم بنەمایەوەش تەنها بونیادە سەرەکییەکانی ڕستە بەهەند وەردەگیرێن، ئەویش لەو ڕووەی لە کاری بەرهەمهێناندا گرنگ و تەوەرئامێزە، چونکە بونیادی هەر ڕستەیەکی بەرهەمهێنان دوو ئاستی نواندن گریمانە دەکات، یەکێکیان دەنگییە و پێکهاتە دەنگییە بەرهەمهێنانەکە بەجیهانی دەنگ دەبەستێتەوە، واتە (دەنگی درکێندراوی بیستراو)، دووەمیشیان (چەمکی لۆجیکانە)، کە بە جیهانی وێنا عەقڵییەکانەوە دەیبەستێتەوە و شرۆڤەکردن پەسەند دەکەن و وەری دەگرن،

بەمشێوەیەش دەکرێ بە دوو بنەمای وابەستەکی ڕستەکە لەگەڵ جیهانی دەرەوەیاندا هەژماریان بکەین، هەروەها گریمانەکردنی ئاستی دیکە وەکو ئاستی بونیادی قووڵ یان ڕووکەش هیچ گرنگ و پێویست نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەردوو ئاستەکەی پێشوو، هەموو توخمە سەرەکییەکان و داتاشراوە گونجاوەکان بۆ پرۆسەی شرۆڤەکردن دابین دەکەن[1]، ئەم سیستەمە ناوبراوە لەسەر پایەی دوو پێکهێنەری سەرەکی دەوەستێت، یەکەمیان پێکهێنەرە فەرهەنگییەکەیە، کە وشەکان بە هەموو تایبەتمەندیی و خەسڵەتە دەنگی و وشەیی و ڕێزمانی و واتاییەکانیانەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، دووەمیشیان ئامێری ڕێزمانییە، دەکرێ وەکو سیستەمێکی کۆمپیوتەر. ژمێریاری تەماشای بکرێت، توانای فۆرمەلەکردنی بونیادە ڕێزمانییەکانی هەیە، بەرهەمهێنانی ڕستەکانیش لەم حاڵەتەدا بە هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی دەستنیشانکراوی وشەکان دروست دەبێت، کە ئامار یان ژماردنی پێدەوترێت، لەم حاڵەتەدا ئالیەتەکە

---

١- مرتضى جواد باقر، نظرية القواعد التوليدية، دار الشروق، عمان ط١، ٢٠٠٥، ص ١٩٢. هەروەها بڕوانە: محمد غاليم، بعض أسس التصور النحوي في برنامج الحد الادنى، مجلة اللسانيات و اللغة العربية، مخبر اللسانيات، جامعة عنابة، عدد ١، ٢٠٠٦، ص ٢٩٣ .

بە کـۆکردنەوەی هەردوو وشـەکە دروسـت دەبێت، تـاکو پێکهاتەی لقدارکردنی لێ دروست بێت.

لەگـەڵ ئەمەشـدا هەردوو لـقەکە کـۆدەکرێنەوە، بـۆ دروسـتکردنی لقێکـی بەرزتـر، کـارەکەش بەمشـێوەیە بەردەوام دەبێـت، تـاکو دەتـوانین بگەیـنە پڕکـردنەوەی هەمووو واژەکانی ژمێریاری فەرهەنگی، ئەم پڕۆسـەیەش کە (کـۆکردنەوەی لقەکـانە)، بە (ئاوێتەکردن)ناودەبرێـت، ئەنجامەکەشـی دەبێـتە وێنەیەکـی لقـدارانەی (درەختـی) وەسفی بۆ ئەو ڕستەیەی خوازیاری بەرهەمهێنانین، لێرەدا ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەیـن وشـە ئاوێتەکراوەکـان بە هەمـوو پێکهـاتە دەنگـی و وشـەیی و ڕسـتەیی و واتـاییەوە، وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا، ئەویـش بـۆ ئەوەی کێشـەکانی گوێزانـەوە وەلا بنێـین، وەکـو ئاسـتی گونجـانی بـکەر و کـارەکە یان کـاتەکە یـان ژمـارەکە یـان ڕەگەزەکە ....هتد. بەو مەرجە لە قۆناغی داهاتوودا هەردوو وەسفەکە دەنگـی و واتـایی لـۆجیکی ڕسـتەکە جـودا بکـرێتەوە، بە مەبەسـتی گەیشـتن بە دوو وێـنەی جـودا بونیـادنراوە، کە لەم دوانە پێکهاتوون: - (وێنەی دەنگی) و (وێنەی واتایی)، کە ئێسـتا بە (ئەلفوبێ) ناوزەد دەکرێت، ماوە ئەوە بزانین نـاوەرۆکی ئەم دوو نواندنە چین، سەبارەت بە نواندنی دەنگی دەکـرێ

بۆ چەند ڕێوشوێنێکی فیزیایی بیگوازینەوە، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی یان درککردن بە دەنگەکان یان چەند چەمکێک لەجیهاندا درکیان پێ دەکرێت، هەرچەندە تیۆرە زمانییەکەی (چۆمسکی) گرنگی زانستی خۆی هەیە و لە جیهاندا چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوا، کەچی هەروەکو تیۆرەکانی دیکە بەرەنگاری ڕەخنە بووەتەوە، هۆکارەکانی ئەم ڕەخنەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تیۆرەکە بەشێوەیەکی زیادەڕەوی پشت بە (کرۆکگرتن) دەبەستێت، کە پێشبینی قسەکەرەکە پێکی دەهێنێت، واتە ئەو قسەکەرەی کوڕی زمانەکەیە، هەروەها ئەم تیۆرە ڕەتی دەکاتەوە زمانی گروپی کۆمەڵایەتی بە پێوەر وەربگرێت، بەو واتایەی سەرچاوەی پەسەندکردنی ڕێزمانە لەلای وەسفییەکان، لەم بوارەشدا (سامسۆن) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات هیچ شتێک لە بەرگریکردنەکەی (چۆمسکی) لە تیۆری (عەقڵانی ـ هۆشەکی) لادانی توانای قوتابییەکانی لە شێوازەکە بە پاساو ناهێنرێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە کۆتایی هەفتاکاندا کۆمەڵە هێمایەک سەریان هەڵدا، کە بوونە مژدەدەری ئەم لقە زمانەوانییە، کە بۆ بنەمای ڕاست و دروست و فرەیی بگەڕێتەوە، بەم شێوەیە شنەبا

جـــارێکی دیــکە دەســـتی کـــردەوە بە هەڵکـــردن لەســـەر شوێنەوارە کاولبوونەکە.[1]

١- جیفري سامسون، مدارس اللسانیات، ص: ١٦٥. هەروەها بڕوانە: أحمد مؤمن، اللسانیات، النشأة و التطور، ص: ٢١٨.

# سەرچاوەکان


**یەکەم: کتێب**

١ـ ابراهيم مصطفى، إحياء النحو، لجنة التأليف و النشر، القاهرة ـ نسخة مصورة ـ ١٩٣٧.

٢ـ ابن خلدون، المقدمة (عبدالرحمن محمد بن خلدون)، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٦٣ .

٣ـ ابن حزم، التقريب لحد المنطق و المدخل اليه بالألفاط العامية و الأمثلة الفقهية.

٤ـ أحمد حساني، مباحث في اللسانيات العامة، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ١٩٩٤.

٥ـ أحمد مؤمن، اللسانيات ـ النشأة و التطور، ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٢ .

٦ـ أحمد صلاح الدين الشريف، أهم المدارس اللسانية، ط٢، منشورات المعهد القومي لعلوم التربية، تونس، ١٩٩٠.

٧ـ أحمد مختار عمر، البحث اللغوي عند العرب، عالم الكتب، ط٤، ١٩٨٢.

٨ـ أحمد مختار عمر، علم الدلالة، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٨٨.

٩ـ أحمد المتوكل، اللسانيات الوظيفية، منشورات عكاظ، الرباط، ١٩٨٩.
١٠ـ أحمد محمد قدور، مبادئ اللسانيات، دار الفكر، ط١، دمشق، ١٩٩٩.
١١. أحمد نعيم الكراعين، علم الدلالة بين النظرية و التطبيق، المؤسسة الجامعية، ط١.
١٢ـ الأزهري، تهذيب اللغة، تحقيق عبدالسلام هارون، المؤسسة المصرية العامة للتأليف، ١٩٦٤.
١٣ـ أنور الجندي، اللغة العربية بين حماتها وخصومها، مطبعة الرسالة، بيروت.
١٤. تمام حسان، اللغة العربية معناها و مبناها، دار الثقافة، الدار البيضاء.
١٥. أحمد مختار عمر، اللغة بين المعيارية والوصفية، عالم الكتب، ط ٢٠٠١.
١٦. التهانوي، كشاف اصطلاحات الفنون، تحقيق لطفي عبد البديع، المؤسسة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٦٣.
١٧جورج مونان، تاريخ علم اللغة، ترجمة بدرالدين القاسم، مطبعة جامعة دمشق، ط١، ١٩٧٢.

١٨- جون ليونز، اللغة و المعنى و السياق، ترجمة: عباس صادق الوهاب، مراجعة: يوئيل عزيز، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٦٧.
١٩- جون ليونز، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، دار المعرفة، الإسكندرية، ط١، ١٩٨٥.
٢٠- جون ليونز، تشومسكي، ترجمة: محمد زياد بركة، النادي الأدبي بالرياض، ١٩٧٨.
٢١- خليل أحمد عمايرة، في نحو اللغة العربية و تراكيبها (منهج و تطبيق)، عالم المعرفة، ط١، ١٩٨٤.
٢٢- الجيلالي دلاش، مدخل الى اللسانيات التداولية، ترجمة: محمد يحياتن، ديوان المطبوعات الجامعية الجزائريه، ط ١٩٩٢.
٢٣- جيفري سامسون، المدارس اللغوية، التطور و الصراع، ترجمة أحمد نعيم الكراعين، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، لبنان، ١٩٩٣.
٢٤- جورج مونان، تاريخ علم اللغة، ترجمة: بدرالدين القاسم ، جامعه دمشق، ١٩٧٢.
٢٥- جورج مونان، علم اللغة في القرن العشرين، جامعه دمشق، ١٩٨٠.

٢٦ـ جون ستروك، البينوية وما بعدها، ترجمة: محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة، عدد ٢٠٦..
٢٧ـ حامد خليل، المنطق البراغماتي عند تشارلز بيرس، دار الينابيع للطباعة و النشر والتوزيع، دمشق.
٢٨ـ حلمي خليل، دراسات في اللسانيات التطبيقية، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٠.
٢٩ـ حلمي خليل، العربية و علم اللغة البنيوي، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ط ١٩٩٥.
٣٠ـ حلمي خليل، مقدمة لدراسة اللغة، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ١٩٩٦.
٣١ـ دانيال مانيس، علم اللغة، ترجمة: سهيل عثمان و عبدالرزاق الأصفر، مجلة الموقف الادبي، عدد ١٣٥ – ١٣٦، ١٩٨٢.
٣٢ـ دليلة مرسلي، مدخل الى التحليل البنيوي، ١٩٨٢.
٣٣ـ رمضان عبد التواب، المدخل إلى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي.
٣٤ـ روبير توسان، ما هي السيميولوجيا، ترجمة: محمد نظيف، إفريقيا الشرق، ط٢، ١٩٩٤.
٣٥ـ ر. هـ . روبنز، موجز تاريخ علم اللغة في الغرب، ترجمة: أحمد عوض، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٧.

٣٦ـ رونالد ايلوار، مدخل إلى اللسانيات، ترجمة: بدرالدين القاسم، منشورات وزارة التعليم العالي، السعودية، ١٩٨٠.
٣٧ـ الزواوي بغورة، المنهج البنيوي ـ بحث في الأصول و المباديء و التطبيقات، دار الهدى، عين مليلة، ط١، ٢٠٠١.
٣٨ـ سالم شاكر، مدخل إلى علم الدلالة، ترجمة:. محمد يحياتن، ديوان المطبوعات الجامعية الساحة المركزية بن عكنون، الجزائر، ١٩٩٢.
٣٩ـ السكاكي (أبو يعقوب ت ٦٢٦)، مفتاح العلوم، مطبعة التقدم العلمية، القاهرة.
٤٠ـ سليم بابا عمر وباني عميري، اللسانيات العامة الميسرة (علم التراكيب)، الجزائر، ١٩٩٠.
٤١ـ سامي عياد حنا و آخرون، معجم اللسانيات الحديثة، إنجليزي ـ عربي، مكتبة لبنان ناشرون، ط١، ١٩٩٧.
٤٢ـ السيوطي، همع الهوامع في شرح جمع الجوامع، تحقيق عبدالعال سالم مكرم، دار البحوث العلمية، الكويت، ١٩٧٥.
٤٣ـ صالح الكشو، مدخل في اللسانيات، الدار العربية للكتاب، تونس، ١٩٨٥.
٤٤ـ صلاح إسماعيل عبدالحق، التحليل اللغوي عند مدرسة أكسفورد، دار التنوير، ١٩٩٣.

٤٥ـ صلاح فضل، بلاغة الخطاب و علم النص، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والأداب، الكويت.
٤٦ـ صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مكتبة الأنجلو مصرية، القاهرة، ط٢، ١٩٨٠.
٤٧ـ طاش كبرى زادة، مفتاح السعادة و مصباح الريادة في موضوعات العلوم، دار الكتب العلمية، بيروت.
٤٨ـ الطيب دبه، مباديء اللسانيات البنوية ـ دراسة تحليلية ابسيمولوجية، جمعية الأدب للأساتذة الباحثين، دار القصبة للنشر، ط١، الجزائر، ٢٠٠١ .
٤٩ـ عبدالرحمن الحاج الصالح، المدرسة التحليلية الحديثة و الدراسات الحالية في العالم العربي،
٥٠ـ عبدالرحمن الحاج صالح، مدخل الى علم اللسانيات الحديث، مجلد ٢، عدد ١، ١٩٧٢، ص ٢٤ – ٣٩ و دواى خۆى.
٥١ـ عبدالقادر الفاسي الفهري، اللسانيات و اللغة العربية، منشورات عويدات، بيروت ط١، ١٩٨٦.
٥٢ـ عبدالقادر عبدالجليل، علم اللسانيات الحديث، دار الصفاء، ط١، عمان، ٢٠٠٢.
٥٣ـ عبدالقاهر الجرجاني، دلائل الإعجاز، تحقيق محمد محمد شاكر، الخانجي، القاهرة، ط ١٩٨٤.

٥٤- عبدالقادر المهيرى، اهم المدارس اللسانية، ١٩٩٦.
٥٥- عبدالسلام المسدي، التفكير اللساني في الحضاره العربية، دار الكتاب العربي، تونس، طرابلس، ١٩٩٩.
٥٦- عبدالسلام المسدي، ما وراء اللغة، مؤسسة عبدالكريم بن عبدالله للنشر و التوزيع، تونس، ط١، ١٩٩٤.
٥٧- عبدالسلام المسدي، السانيات و أسسها المعرفية، دار الكتاب العربي، تونس، طرابلس، ١٩٩٥.
٥٨- عبدالعزيز عتيق، مدخل إلى علم الصرف، دار النهضة العربية، ط ١٩٧٤.
٥٩- العسكري (أبو هلال)، الفروق في اللغة، تحقيق لجنة إحياء التراث، مصر.
٦٠- علي زوين، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، دار الشؤون الثقافية، ط العراق، ١٩٨٦.
٦١- عوض حمد القوزي، المصطلح النحوي، ديوان المطبوعات الجامعية، ١٩٨٣.
٦٢- الغزالي أبو حامد، المستصفي من علم الأصول، المطبعة الأميرية، القاهرة.
٦٣- الفارابي، إحصاء العلوم، تحقيق عثمان أمين، الأنجلو مصرية، القاهرة، ط٣، ١٩٦٨.

٦٤ـ فوزي الشايب، محاضرات في اللسانيات، وزارة الثقافة، عمان، ط١، ١٩٩٩.

٦٥ـ فؤاد كامل، أعلام الفكر الفلسفي المعاصر، دار الجيل، بيروت، ط١، ١٩٩٣.

٦٦ـ فاطمة الطبال بركة، النظرية الألسنية عند رومان جاكبسون، دراسة و نصوص، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، لبنان، ١٩٩٣.

٦٧ـ فردينان دي سوسير، محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة: يوسف غازي، المؤسسة الجزائرية للطباعة، ١٩٨٦.

٦٨ـ فرنسواز أرمينكو، المقاربة التداولية، ترجمة: سعيد علوش، مركز الإنماء القومي، الرباط، ١٩٨٦ ـ ١٩٨٨.

٦٩ـ فايز الداية، علم الدلالة عند العرب بين النظرية و التطبيق، ديوان المطبوعات الجامعية.

٧٠ـ فان ديك، النص و السياق، ترجمة: عبدالقادر قنيني، دار إفريقيا الشرق، المغرب.

٧١ـ القزويني، شروح التلخيص، دار الكتب العلمية، بيروت.

٧٢ـ كيس فرييتيغ، الفكر اللغوي بين اليونان و الغرب، ترجمة: محي الدين محسب، دار الهدي.

٧٣- مازن الوعر، نحو نظرية لسانية عربية حديثة لتحليل التراكيب الأساسية في اللغة العربية، دار طلاس، دمشق، ط١، ١٩٨٧.
٧٤- مازن الوعر، قضايا اساسية في علم اللسان الحديث، دار طلاس، دمشق، ط١، ١٩٨٧.
٧٥- مازن الوعر، حول بعض القضايا الجدلية لنظرية القواعد التوليدية التحويلية، مجلة اللسانيات، عدد ٦، ١٩٨٣.
٧٦ـ ماريو باي، أسس علم اللغة، ترجمة: أحمد مختار عمر، عالم الكتب، ط ٨، ١٩٩٨.
٧٧- مجموعة من الباحثين، المصطلحات اللسانية و البلاغية و الأسلوبية و الشعرية انطلاقا من التراث العربي و من الدراسات الحديثة، دار الكتب الحديث، ط١.
٧٨- محمد عيد، الملكة اللسانية عند ابن خلدون، عالم الكتب، ١٩٧٩.
٧٩- محمد غاليم، بعض أسس التصور النحوي في برنامج الحد الادنى، مجلة اللسانيات و اللغة العربية، مخبر اللسانيات، جامعة عنابة، عدد ١، ٢٠٠٦.
٨٠ـ محمد أحمد أبو الفرج، المعاجم اللغوية في ضوء دراسات علم اللغة الحديث، دار النهضة العربية، ط ١٩٦٦.

٨١ـ محمد أحمد نحلة، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية، الإسكندريه، ط ٢٠٠٢.
٨٢ـ محمد أحمد نحلة، مدخل إلى دراسة الجملة العربية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٨ .
٨٣ـ محمد حسن عبدالعزيز، مصادر البحث اللغوي، دار الكتاب الجامعي، الكويت، ط١، ١٩٩٧.
٨٤ـ محمد حماد، محاضرات عن المدارس اللغوية الحديثة، دار الثقافة العربية.
٨٥ـ محمد الحناش، البنيوية في اللسانيات، دار الرشاد الحديثة، الدار البيضاء، ١٩٨٠.
٨٦ـ محمد السرغيني، محاضرات في السيميولوجيا، دار الثقافة، الدار البيضاء.
٨٧ـ محمد الصغير بناني، المدارس اللسانية في التراث العربي و في الدراسات الحديثة.
٨٨ـ محمد هيكل، برنشتاين و لغة الموسيقى بين نظرية الأصل المشترك و علم النحو التحويلي، عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الادب، المجلد ٢٧، العدد ١، ١٩٩٨.
٨٩ـ محمود أحمد نحلة، مدخل الى دراسة الجملة العربية، دار النهضة العربية، بيروت ١٩٨٨.

٩٠ـ محمود جاد الرب، علم اللغة ـ نشأته و تطوره، دار النهضة العربية، بيروت ١٩٨٨.
٩١ـ محمود فهمي حجازي، مدخل إلى علم اللغة، دار قباء للنشر و التوزيع، ١٩٩٨ .
٩٢ـ محمود فهمي حجازي، اصول البنيوية و الدراسات الاتنولوجية، عالم الفكر، الكويت، مجلد ٣، عدد١، ١٩٧٦.
٩٣ـ محمود السعران، علم اللغة، مقدمة إلى القارئ العربي، دار الفكر العربي، ط ١٩٩٩.
٩٤ـ مرتضى جواد باقر، نظرية القواعد التوليدية، دار الشروق، عمان ط١، ٢٠٠٥ .
٩٥ـ ميشال زكريا، الألسنية التوليدية التحويلية و قواعد اللغة العربية (النظرية الألسنية)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط٢، ١٩٨٦.
٩٦ـ ميشال زكريا، الألسنية التوليدية والتحويلية و قواعد اللغة العربية (الجملة البسيطة)، المؤسسة الجامعية، ط١، ١٩٨٤.
٩٧ـ ميشال زكريا، قضايا ألسنية تطبيقية، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٣ .
٩٨ـ ميشال زكريا، الألسنية التوليدية والتحويلية، المؤسسة الجامعية، ط٢، بيروت، ١٩٨٦.

٩٩ـ ميشال زكريا، الألسنية علم اللغة الحديث المبادئ و الأعلام، ط٢، المؤسسة الجامعية، ١٩٨٣.
١٠٠ـ ميشال زكريا، مباحث في النظرية الألسنية و تعليم اللغة، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٣ .
١٠١ـ ميلكا إفتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الأعلى للثقافة، المطبعة الأميرية، مصر، ١٩٩٢.
١٠٢ـ ليش (إدوارد)، نظرية الأدب في القرن العشرين، ترجمة: محمد العمري، دار إفريقيا الشرق الدار البيضاء، ١٩٩٦.
١٠٣ـ نوام تشومسكي، البني التركيبيه، ترجمة: يؤيل عزيز، منشورات عيون، ط١، ١٩٨٧.
١٠٤ـ نوام تشومسكي، المعرفة اللغوية، طبيعتها و أصولها و استخدامها، ترجمة: محمد فتيح، دار الفكر العربي، ط١، ١٩٩٣.
١٠٥ـ هيربرت باركلي، مقدمة إلى علم الدلالة الألسني، ترجمة: قاسم مقداد، ط١، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٠.
١٠٦ـ وفاء البيه، أطلس أصوات اللغة العربية، ط ١٩٩٤.

١٠٧ـ وفاء كامل، البنيوية في اللسانيات، عالم الفكر، مجلة عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة و الفنون، الكويت، عدد ٢، ١٩٩٧.

**دووەم: گۆڤار**

١٠٨ـ مجلة عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة و الفنون، الكويت، عدد ٣، ١٩٩٧.

١٠٩ـ مجلة الوصل، معهد اللغة العربية، تلميان، عدد ١، ١٩٩٤.

١١٠ـ مجلة الدراسات اللغوية، الرياض، المجلد ١، عدد ١، ١٩٩٩.

١١١ـ مجلة التبيين، جمعية الجاحظية، الجزائر، عدد ١٩، سنه ٢٠٠٢.

١١٢ـ مجلة العرب و الفكر العالمي، مركز الإنماء القومي، عدد ٤٦، بيروت.

١١٣ـ مجلة عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والأداب، المجلد ٢٧، العدد ١، .١٩٩٨

١١٤ـ مجلة اللسانيات، جامعه الجزائر، العدد ٣، ١٩٨٢.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزییەکان**

1- Benveniste (Emile): Problemes de linguistique generale, Gallimard, paris, 1966.
2- Dubois (j): dictionnaire de linguistique, larousse, paris.
3- Hjelmslev (Louis): prolegomenes a une theorie du langage, Minuit, Paris, 1971.
4- Kristeva (Julia): le langage, cet inconnu, seuil, paris, 1981.
5- Leroy (Maurice): les grands courants de la linguistique moderne, Bruxelles, 1971.
6- Martinet (Andre): Elements de linguistique generales, colin, Paris, 1970.
7- Meillet (a): linguistique historique et linguistique generale, paris, 1975.